## چەند کەسێک بەنەزانی لەبەرنامەیەکی کوردساتدا خەڵکیان تۆقاند



د. زریان وەزیری تەندروستی لەوەڵامی د.موئەیەد عەبدولڕەحمان سەرۆکی لیژنەی پێوانەسازیی کۆنترۆڵی جۆری کە لە بەرنامەیەکی کەناڵی (کوردسات)دا گوتبووی بەهۆی هاتنی دەرمان و خۆراکی خراپ جینۆسایدێکی نوێ بۆ کورد بەڕێوەیە، رایگەیاند "ئەو قسانە بوونە هۆی تۆقاندنی خەڵک، چونکە بەبێ بنەمای زانستی کراون و خەڵکانێکی نەشارەزا کردوویانە".

**لاپەڕەی تەندروستی و ژینگە**

## کێ هەولێری سووتاند؟



لە یەک رۆژدا دوو بازاڕی گەورەی هەولێر سووتان، بازاڕی حاجی یەحیا لە ناوجەرگەی هەولێر و بازاڕی سەیداوە. دوکاندارێکی بازاڕی حاجی یەحیا دڵنیایە ئاگرەکە دەستێکی لە پشتە، دەڵێ لە گەڵ کەوتنەوەی ئاگرەکە کەسێکم دیوە بە شپرزەیی هاتووەتە خوارەوە.

**لاپەڕە 7**

## سوێد و ئوستراڵیا لە کوشتنی پێلا دەکۆڵنەوە



پێلا ئەترۆشی بە فێڵ لە سوێدەوە لە لایەن بنەماڵەکەیەوە هێنرایەوە کوردستان و کوژرا. هەردوو حکوومەتی ئوستراڵیا و سوێد ئێستا خەریکن کەیسەکەی پێلا زیندوو دەکەنەوە و بەدوای عەبدولمەجید ئەترۆشی باپیری و شڤانی مامییەوەن کە لە ئوستراڵیا نیشتەجێن.

**لاپەڕەی کۆمەڵایەتی**


# Rûdaw رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net

ژمارە (5)

دووشەممە 2008/5/5

15 گوڵانی 2708

(750) دینار


# پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی داوای دەرکردنی نەوشیروان دەکەن

**تایبەت بەرووداو**

سەرچاوەیەک لە سەرکردایەتی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ رووداو ئاشکرایکرد کە پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی داوای دەرکردنی بڕیاری وەرگرتنەوەی مافی ئەندامێتیان لە نەوشیروان مستەفا کردووەو کۆسرەت رەسولیش بەتووندی دژی ئەو داوایە وەستاوەتەوە.

بڕیارە مام جەلال بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بگەڕێتەوە سلێمانی و لەکۆبونەوەیەکی بەپەلەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بڕیارێک لەدژی باڵی ریفۆرم و خودی نەوشیروان مستەفا دەربکات.بەپێی لێدوانی سەرچاوەکەی یەکێتی بۆ رۆژنامەی (رووداو) " ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کە لەکوتلەی تاڵەبانین پاڵەپەستۆیەکی زۆریان خستووەتە سەر مام جەلال بۆ ئەوەی بڕیارێکی توووند دژی باڵی ریفۆرم دەربکات".

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەدا کە "ئەگەری ئەوە هەیە تاڵەبانی مافی ئەندامێتی یەکێتی لەنەوشیروان مستەفا بستێنێتەوەو بڕیارێکی توونديش دژی ئەندامانی باڵی ریفۆرم دەربکات".

هەروەهاوتیشی"تاڵەبانیبیستویەتییەوەکەباڵی ریفۆرم خەریکی خۆ رێکخستنەوەو یەکگرتنن لەگەڵ هەندێک لەئەندامانی کوتلەکانی دیکەی ناو یەکێتی و خەریکی خۆرێکخستنەوەیەکی تایبەتن لەناو رێکخستنەکانی یەکێتیدا".

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئەوەی رەتکردەوە کە تاڵەبانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەندامێتی نەوشیروان مستەفا بگەڕێتەوەو وتی "مام جەلال ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ مەبەستی پشودان و هەندێک کاری تایبەت دەگەڕێتەوەوپەیوەندیبەسەندنەوەیئەندامێتی لەکاک نەوشیروان نییە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەمەکتەبی سیاسیش بە (رووداو)ی راگەیاند "لەکۆبوونەوەی هەفتەی رابردووی مەکتەب سیاسی یەکێتیدا پێشنیازی ئەوە کراوە ئەندامێتی نەوشیروان مستەفا لەیەکێتی وەربگیرێتەوە، بەڵام لە کۆی 15 ئەندامی مەکتەبی سیاسی 10 ئەندامیان ئەم داوایەیان رەتکردووەتەوە لەوانە کۆسرەت رەسووڵ، جەلال جەوهەر و عوسمانی حاجی مەحموود بەتووندی دژی ئەو پێشنیازە بوون".

لەبارەی ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی کە لەهەوڵی دەرکردنی نەوشیروان مستەفادان لەیەکێتی سەرچاوەکە وتی "هەر یەک لەئەرسەلان بایز و مەلا بەختیار زۆر بە جیدی داوای دەرکردنی نەوشیروان مستەفایان لەیەکێتی کردووە"، بەگوێرەی لێدوانی سەرچاوەکە گفتوگۆکە گەیشتووەتە ئاستێک کە تاڵەبانی لەرێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە بەشداری کۆبوونەوەکەی کردووە توورە بووە و گوتویەتی ئەو بابەتە لەنێوانی من و کاک نەوشیرواندایە و پەیوەندی بەئێوەوە نییە. وتیشی "بەڕێز مام جەلال لەم چەند رۆژەی داهاتوودا ناگەڕێتەوە سلێمانی".

(رووداو) پەیوەندی بەنووسینگەی تایبەتی تاڵەبانییەوە کرد و سەرچاوەیەک لە نووسینگەی تاڵەبانی بە (رووداو)ی گوت "باوەڕ ناکەم دۆخەکە گەیشتبێتە ئەو ئاستە و ئێستا کاتی بڕیاری لەو جۆرە نییە".

دوو هەفتە پێش ئێستا هەر یەک لەنەوشیروان مستەفا و کۆسرەت رەسووڵ و چەند کەسێکی دیاری نێو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکەوە ئامادەی خوانێک بوون کە پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی قادر چاوشین لەکانی وەتمان سازی کردبوو.

## 90 ئافرەت بە حەرامی لە تەکیەی پیاوانی کوردستانن......

لاپەڕە 13



ئەو رۆژەی عەبا و پەچەی رەش فرێدەدەن (فۆتۆ:DIHA)

# "دەیان کادری (انصار) لە هەولێر دەسووڕێنەوە"

**تایبەت بە رووداو**

لە روونکردنەوەیەکدا بۆ (رووداو)، خانەوادەی زیندانییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێن ئەندامانی کۆمەڵ بە تۆمەتی ئەندامێتی ئەنسارولئیسلام گیراون، لەکاتێکدا" بە دەیان کادری (ئەنسار) لە هەولێر دەسوڕێنەوەو ئی وایان تێدایە پلەی بەرپرسیارێتی هەبووەو هەر لەبنەڕەتدا دەستگیرنەکراوەو زیاتر لە 100کەسیشیان دوای دەستگیرکران ئازاد کراون".

دوای ئەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ لیستی ناوی گیراوانی کۆمەڵی ئیسلامی و تۆمەتەکانیان و حوکمی هەندێکیانی لە (رووداو)دا بڵاوکردەوەو وەزیری مافی مرۆڤیش دڵنیایی خۆی نیشاندا کە گیراوانی کۆمەڵ "تاوانبارن" و لەسەر "پەیوەندی بەکاری تیرۆریستییەوە گیراون".خانەوادەکانیان رەخنە لە وەزیر دەگرن و وەڵامی تۆمەتەکانی ئاسایش دەدەنەوە.

لەبارەی (حەمید سابیر) کە بەپێی لیستەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەتۆمەتی "تەقاندنی کاتیۆشا بۆ لقی دوو و پەرلەمان" دراوەتە دادگاو هێشتا حوکمەکەی دەرنەچووە، لەروونکردنەوەکەدائەوتۆمەتە رەتکراوەتەوەو دەڵێن " هەموو خەڵکی هەولێر شاهێدە کە نەلق و نەپەرلەمان و نەمحەتە رۆژێک لە رۆژان بەردێکیشی تێنەگیراوە چ جای کاتیۆشا!".سەبارەت بە واحید حوسێن و هیدایەت عەزیز کە ئاسایشی گشتیی سلێمانی دەڵێن لای ئەوان نین، لەو روونکردنەوەیەی کۆمەڵی ئیسلامی و خانەوادەی گیراوەکاندا هاتووە کە ئەو دوو گیراوە"لە مەعسەکەر سەلام چەند جارێک خۆیان خەبەریان ناردووە کە ئێمە لێرەین و تکایە چارەیەکمان بکەن، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێک قسە لەگەڵ کاک مەلا بەختیار کراوە، چونکە ئەو هێزەی ئەوانی رفاندووە سەر بە پاڤێلی زاوایەتی، بەڵکو ئەو وەکو خەزوور شتێکی پێبکرێ !".

**دەقی روونکردنەوەکە لەپەڕە (2) بڵاوکراوەتەوە.**

# لە سلێمانی کارەبا بە (با) بەرهەمدەهێنرێت

**رووداو – ئەمستەردام**



بە پێی هەواڵێکی رۆژنامەی (هێت فینانسییێل داخبلادی) هۆڵەندی کە رۆژی 28ی ئاپریل بڵاوکراوەتەوە،لە هەمان مانگدا رێککەوتننامەیەک لە نێوان پارێزگای سلێمانی وکۆمپانیای ماین ویندی هۆڵەندی بۆ دانانی دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە رێگەی بورجی بابییەوە لە سلێمانی مۆرکراوە.

لە هەواڵەکەدا هاتووە کە بەپێی رێککەوتنێک، کۆمپانیای ماین ویند لە ماوەی شەش هەفتەی ئایندەدا دوو بورج لە دوو شوێنی جیادا بۆ تاقیکردنەوە و پێوانی تەوژمی با لە دەرەوەی سلێمانی دادەنێت . بڕیار وایە کە لە ماوەی سێ مانگدا ئەو دوو بورجە دەرەنجامی دڵنیاکەرەوە بە دەستەوە بدەن بۆ دامەزراندنی دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا کە سەرەتا هەریەکەیان 5 مێگاوات کارەبا بەرهەم بێنن. ئەگەر پرۆژەکەش سەرکەوتوو بوو، ئەوا بڕەکە بۆ 100 مێگاوات زیاد دەکرێت.

(رۆب دە کنێخت) بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەش لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەکەدا دەڵێت" پێمواية ئەوە چرکەساتێکی مێژووییە بۆ کوردستان، چونکە یەکەمین جارە لەوێ سوود لە وزەی بایی وەردەگیرێت".

لەلایەکی دیکەوە بڕیاردراوە لە 500ملیۆن دۆلاری قەرزی بانکی نێودەوڵەتی 40 ملیۆنی بۆ وێستگەکانی کارەبای دوکان و دەربەندیخان تەرخانبکرێ.

## وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق داوادەکات
# 30 ملیۆن دیناری عەقار بدرێتە هاووڵاتیانی کوردستانیش

**تایبەت بە رووداو**

وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) کە ژمارەی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە گوتی لە 2008/1/1ەوە دەستکراوە بەدانی 30 ملیۆن دینار وەک قەرزی خانووبەرە دروستکردن بە هاووڵاتیانی پارێزگاکانی عێراق، گوتیشی وەزیری دارایی عێراق رازی نییە ئەو پارەیە بدات بە هاووڵاتیانی هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان.

بەیان دزەیی، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق ئەوەشی راگەیاند کە وەزیری دارایی عێراق دەڵێ باحکومەتی کوردستان لە 17%ی بەشەکەی خۆی ئەو قەرزە بداتە هاووڵاتیان.

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان برگەیەکی لەبارەی دانی قەرزی خانووبەرە خستە ناو یاسای بوودجەی 2008ی هەرێمی کوردستان، هاووڵاتیان چاوەڕێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران دەکەن و لەوبارەوە جەمال عەبدوڵڵا وتەبێژی حکومەتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە بۆ ئەو مەبەستە پێویستە وەزارەتی دارایی وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیە بداتە ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە ئەو وەزارەتە قەرزەکە دەدات و وەریدەگرێتەوە و گوتیشی"دوای ئامادەکرانی ئەو راپۆرتە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ" .هەروەها گوتی لەپەیوەندی بەردەوامداين لەگەڵ بەغدا بۆ ئەو مەبەستە.

هەروەها وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق گوتی "داوا لە وەزیری دارایی عێراق دەکەم کە ئەو سێ پارێزگایەش بگرێتەوە، چونکە زۆر گرنگە و لەوانەیە بکرێتە 50 ملیۆن" .گوتیشی بەهۆی دانی قەرزی خانووبەرە وەزیری دارایی عێراق دەڵێ سندووقی نیشتەجێبوون هەڵدەگرم.

# 42 ملیاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دیارنییە

**تایبەت بە رووداو**

سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند کە لە بودجەی ساڵی رابردووی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە 42 ملیار دینار دیار نییە، سەرچاوەیەکیش لەو وەزارەتە رەتیکردەوە کە ئەو پارەیان وەرگرتبێ.

زرارتاهیر، سەرۆکی لیژنەیئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند "لە بودجەی ساڵی رابردوو، بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە 317 ملیارو 526 ملیۆن دینار بووە، بەڵام وەزارەتی دارایی 287 ملیارو 850 ملیۆن و 944 هەزار دیناری لەو پارەیە داوەتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە". بەوپێیە 42 ملیار لەو بودجەیە دیار نییە. جگە لەو 29 ملیار دینارەی لەبودجەی تەرخانکراوی وەزارەت لەلای هەردوو وەزارەتی دارایی ماوە.

لەبارەی هۆکاری دیارنەبوونی ئەو پارەیە، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، گوتی"وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و وەزیری دارایی پێیان راگەیاندووین ئەو پارانە لەناو ئەو پرۆژانەدان کە ساڵی 2008 جێبەجێ دەکرێن".بەگوتەی زرار تاهیر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەو پارەیەی بۆ ئەنجامدانی پرۆژە وەرگرتووە "بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆژانە نەکراون، نەشخراوەتە ناو لیستی خەرجی و حیساباتی وەزارەت، بەڕاستی 42 ملیار پارەیەکی زۆرە".

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە رەتیکردەوە کە ئەو پارەیان وەرگرتبێ، بەڵام سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە دەڵێ "پارەکە لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە حیسابە"،هەروەها گوتیشی "ناتوانم بڵێم پارەکە خوراوە یان دزراوە".

**لەوبارەوە راپۆرتێک لەلاپەڕە (7) بخوێنەوە**

## هەواڵ



**لە سەر قۆپییەیەک 79 قوتابی سفر وەردەگرن**

**ڕووداو-شەقڵاوە**

◆ ڕۆژی 2008/5/4 لە پەیمانگای تەکنیکی شەقڵاوە بەهۆی فەسڵکردنی قوتابییەک لەسەر قۆپییە کردن، قوتابییانی هەردوو قۆناخی شیکاری نەخۆشییەکان وەک نارەزایی دەربڕین نەچوونە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەو راگری پەیمانگاش رایگەیاند "تاقیکردنەوە بەو قوتابییانە ناکەینەوە". قوتابییەکی بەشی ناوبراو بە(ڕووداو) راگەیاند "هیچ بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێت ئەو قوتابییە قۆپیەی کردبێ، بۆیە 79 قوتابی هەردوو قۆناخەکە نەچوونە هۆڵەکانی تاقیکردنەوە". عیسا محەمەد، راگری پەیمانگا گوتی "ئەو قوتابییە بەگوێرەی ڕێنمایی تاقیکردنەوەکان فەسڵکراوە، چونکە قۆپیەی کردووە".

# پێکهاتەی سەرۆکایەتی حکومەت ناگۆڕدرێت

**ڕووداو –هەولێر**

وتەبێژی حکومەتی کوردستان رایگەیاند لەکابینەی نوێی حکومەتدا پێکهاتەی سەرۆکایەتی حکومەت وەک خۆی دەمێنێتەوەو هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایێت.

جەماڵ عەبدوڵڵا، وتەبێژی فەرمی حکومەتی کوردستان ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە باس لەگۆڕانکاری لەپێکهاتەی سەرۆکایەتی حکومەتدا دەکەن، بەتایبەتی باس لەلادانی عومەر فەتاح دەکرێ لەپۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت، ناوبراو گوتی "پێکهاتەی سەرۆکایەتی حکومەت وەکو خۆی دەمێنێتەوە و هیچ بڕیارێک نییە بۆ گۆڕینی".

سەبارەت بەو هەواڵانەی باس لەلادانی عومەر فەتاح دەکەن، جەمال عەبدوڵلا گوتی "کاک عومەر ئەو هەواڵەی لەرۆژنامەکان بیستووە و، هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو باسی ئەو شتەی نەکردووە".

سەبارەت بەپێکهێنانی کابینەی نوێش، وتەبێژەکەی حکومەت گوتی "هیچ کێشەیەک لەنێوان پارتی و یەکێتیدا نییە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ تەنیا بۆچوونی جیاواز هەیە".



# 2 ژن خۆیان دەکوژن و 8 یش دەسووتێن

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو –هەولێر**

لەماوەی رابردوودا ژنێک بەپەت و یەکێکیش بەژەهر خۆیان کوشتووەو، ژنکێکیش بەگوللە و یەکێکیش بەپەت هەوڵی خۆ کوشتنیان داوە، هەروەها 8 ژنیش سووتان و کە یەکێکیان لەبەر زۆری رێژەی سووتانەکەی گیانی لەدەستداوە.

ڕۆژی 2008/5/3 کچێکی 18 ساڵان بەناوی (س.م) لەگوندی چالوک، دوای ئەوەی لەباوکی تورە دەبێ خۆی ژەهر خوارد دەکا و دەستبەجێ گیان لەدەستدەدات. هەروەها ڕۆژی 2008/4/25 ژنێکی تەمەن 25 ساڵان لەماڵەوە بە پەت خۆی هەڵواسیوەو خۆی خنکاندووە. 4/29یش یاریدەدەرێکی پزیشکی بەنێوی (ئ.ع) دوای ئەوەی لەگەڵ مێردەکەی بەکێشە هاتووە، پاشان خۆی بەپەت هەڵواسیوە، بەڵام بەهۆی پچرانی پەتەکە نەخنکاوە.

هەروەها ڕۆژی 2008/4/20 کچێکی 16 ساڵان بەنێوی (ە.ب) لەگەڵ دەستگیرانەکەی بەکێشە دێن و دواتر گوللەیەکی لەسینگی خۆی داوە، ئێستا لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسییە.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەماوەی رابردوودا 8 ژن بەهۆکاری جیا گیانیان لەدەستداوە، لەئەنجامدا یەکێکیان گیانی لەدەستداوە.

سەرجەم ئەو ژنانە ناویان لەلای (ڕووداو) پارێزراوەو تەنیا بەپیت ئاماژە بەناوەکانیان دەکات کە بریتین لە: (ل.س، دانیشتووی ناحیەی هیران)، (ئا.س، 21 ساڵ، گەڕەکی گوڵان)، (ک.ئا، 17 ساڵ، گەڕەکی گوڵان)، (ئا.م، 17 ساڵ)، (ن.م، 19 ساڵ)، (م.ئە، کۆیە)، (ش.ج، 28 ساڵ)، هەروەها (ژ.ئا) لە 4/22 خۆی سووتاندوەو یەکسەر گیانی لەدەستداوە بەبێ ئەوەی هۆکاری خۆسووتاندنەکەی بزانرێ.

# حکومەتی کوردستان شوقە بۆ گەنجان دروست دەکات

**ڕووداو –هەولێر**

حکومەتی کوردستان لەبەرنامەیدایە کە قسە لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی وەبەرهێنان و بانکەکان بکات بۆ ئەوەی باڵەخانەی نیشتەجێبوون بۆ گەنجانی کوردستان دروست بکات و لیژنەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراوە.

جەمال عەبدوڵلا وتەبێژی فەرمی حکومەتی کوردستان لەلێدوانێکیدا بە (ڕووداو)ی راگەیاند "لەکۆبوونەوەی هەفتەی رابردووی دەستەی باڵای وەبەرهێنان، کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی و عومەر فەتاحیش جێگریەتی، یەکێک لەو بابەتانەی باسکراوە، دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بوو بۆ گەنجانی کوردستان، چونکە بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کراوە، رێژەی جیابوونەوە و هاوسەرگیری لەنێوان گەنجان لەیەکتر نزیک دەبێتەوە".

جەمال عەبدوڵلا لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتیشی "لێژنەیەک پێکهێنراوە بۆ قسەکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و بانکەکان بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەت بکەن بۆ سندوقێک کە ناوی سندوقی نیشتەجێبوونە، هەروەها لێژنەکە دەبێ لەماوەی 2-3 هەفتەدا لێکۆڵینەوە لەو پرۆژەیەدا بکات".

سەبارەت بەتێچووی پرۆژەکەش وتەبێژەکەی حکومەت گوتی "ئەو شوقانە زۆری تێناچێت پارەکەیان لە نێوان 30-60 هەزار دۆلار دەبێت و بۆ هاووڵاتیانی کرێچی و ئەو گەنجانەیە کە تازە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، پارەکەش بەشێوەی قسیتی مانگانە وەردەگیرێتەوە".

ناوبراو گوتیشی "بەشێکی پارەی سندوقەکە حکومەتی کوردستان خۆی دەیدات، قسەش لەگەڵ چەند کەسێک کراوەو ئامادەیی خۆیان نیشانداوە هاوکاری سندوقەکە بکەن".

# دەسەڵاتی ئەمینداری یەکگرتوو دەبێتە ئیشراف و تەشریف

**ڕووداو – هەولێر**

لەپێنجەمین کۆنگرەی خۆیدا یەکگرتوو ناگاتە بڕیارێکی کۆتایی سەبارەت بەپرسی بەشداریکردن لەحکومەتداو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیش لەکۆنگرەدا هەوڵی لادانی پاشگری ئیسلامیان دا و هەوڵەکەیان بێ ئەنجام بوو.

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی راگەیاند" چەند دەنگێک لەکۆنگرە داوایان دەکرد پاشگری ئیسلامی لەیەکگرتوو بکرێتەوە، بەڵام چەند دەنگێکی کەم پشتیوانی لێکردن، زۆرینەی رەها لەگەڵ ئەوەدا بوو پاشگری ئیسلامی لەگەڵ ناوی یەکگرتوودا بمێنێتەوە، چونکە هەندێکی هەر لەبنەڕەتەوەو لەسۆنگەی بۆچوونە ئیسلامییەکەوە پێیوایە دەبێت پاشگری ئیسلامی بەیەکگرتووە بمێنێت".

سەبارەت بە بەشداری کردنی یەکگرتوو ئەبوبەکر عەلی گوتی "یەکێک لەو ستراتیژانەی یەکگرتوو کە لەکۆنگرەدا پەسەندکرا بەشداری کردنە لەپرۆسەی سیاسی عێراق و کوردستان، بەڵام ئەوەی کە لەحکومەت دەکشێتەوە یان دەمێنێتەوە بەجێماوە بۆ گۆڕانکارییەکانی قۆناخی ئایندە باسیش زۆرکرا".

لەبارەی ئەو 11 ئەندامەش کە بۆ سەرکردایەتی یەکگرتوو خۆیان هەڵنەبژاردەوە، عەلی وتی" ئەوانەی کە خۆیان نەپاڵاوتووە بەویستی خۆیان بووەو کەس سزا نەدراوە، بەگشتی حەزیان دەکرد پشوو بدەن و دەرگا بۆ خەڵکی دیکە بکەنەوە، رەنگە هەندێ کەسیش پێیانوابووبێت لەدەرەوەی سەرکردایەتی دەتوانن خزمەتی زیاتر بکەن".

سەرچاوەیەک لە کۆنگرەی یەکگرتوو رایگەیاند کە ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو گوتی لەمەودوا دەسەڵاتم ئیشراف و تەشریف دەبێت.

# بەرپرسی گەنجینەی سووتەمەنی خانەقین لەسەر گەندەڵی دەستگیر دەکرێ

**ڕووداو – گەرمیان**

عیماد سەعید، بەرپرسی گەنجینەی سووتەمەنی خانەقین بەتۆمەتی بەفیرۆدانی بەشە سووتەمەنی هاووڵاتیان لەلایەن هێزێکی ئاسایشی خانەقینەوە دەستگیرکرا.

سەرچاوەیەک لەئاسایشی خانەقین دوای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە بە (ڕووداو)ی راگەیاند ناوبراو چەند بەڵگەیەکی لەسەرە کە دەیسەلمێنن تێوەگلاوە بەگەندەڵی و بەفیرۆدانی بەشە سووتەمەنی هاووڵاتییان.

هەروەها گوتیشی "کرێکارە شیوعییەکانی گەنجینە رۆڵێکی باشیان هەبووە لە ئاشکراکردنی ئەو گەندەڵییە".

عیماد سەعید بەرپرسی گەنجینەی سووتەمەنی خانەقین پێشتریش چەندجارێک هەر بەتۆمەتی گەندەڵی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرابوو، لەدوو هەفتەی رابردووشدا لەلایەن چەند رۆژنامەو بڵاوکراوەیەکەوە چەند بەڵگەیەکی تێوەگلان بەگەندەڵی لەسەر ناوبراو بڵاوکرانەوە

# "جام کە پڕبوو لێی دەڕژێ"

**رەحمان غەریب**
**سلێمانی – ڕووداو**

ڕۆژی شەممە بەدەیان پێشمەرگەی دێرین لەسەکۆی ئازادی شاری سلێمانی کۆبوونەوەو لەبەرامبەر ئەو نادادپەروەرییەی دەرهەقیان دەکرێ هەڕەشەی خۆپیشاندانیان کرد.

ئاراس‌عوسمان‌رەزا، وتەبێژی‌پێشمەرگە دێرینەکان لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی راگەیاند "لەماوەی رابردوو چەندین یاداشتنامەمان پێشکەش بەبەرپرسانی حیزبی و حکومی کردووە، بەڵام بێوەڵام بووین، بۆیە ئەگەر ئەمجارەش وەڵاممان نەدرێتەوە خۆپیشاندان ساز دەکەین".

ناوبراو راشیگەیاند "ناعەدالەتییەکی زۆر هەست پێدەکرێت لە مووچەو دابەشکردنی زەوی و ئیمتیازاتی تری پێشمەرگە دێرینەکان، هەست دەکرێت خزمایەتی و ناسیاوی زاڵە نەک خەبات و پێشمەرگایەتی.

بەهادین غەریب ساڵح لە ساڵانی 1979-1984 پێشمەرگە بووە، دەڵێت" ئێستا عەرەبانەم پێیە وردەواڵە دەفرۆشم، چوار منداڵیشم هەیە ناتوانم بەخێویان بکەم لەخانەی کۆمەڵایەتین حکومەت بەخێویان دەکات".

بەپێی قسەی ئاراس عوسمان ئەو پێشمەرگە دێرینانە کە ژمارەیان 500 کەس دەبێ ئەوە سێهەمین کۆبوونەوەی فراوانە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو لەپارکی ئازادی شاری سلێمانی بەمەبەستی خستنە رووی داخوازییەکانیان سازی دەدەن، ئاراس گوتی "جام کە پڕبوو لێیدەڕژێ".

# ناوەندی چاک داوا دەکات فشار بخرێتە سەر ئێران

**ڕووداو –تایبەت**

لە راگەیەنراوێکی ناوەندی چاکدا کە دانەیەکی دراوەتە (ڕووداو) داوا دەکات فشار بخرێتە سەر ئێران بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە لەسێدارەدان مەحکوم کراوە.

لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژی 2 ئایار وەک رۆژی فەرزاد کەمانگەر دانراوە، هەربۆیە داوا دەکرێ فشار بخرێتە سەر دەسەڵاتدارانی ئێران تاکو سزاکەی ناوبراو هەڵوەشێنرێتەوە.

ناوەندی چاک لەراگەیەنراوێکیدا کەوێنەیەکی دراوەتە ڕووداو دەڵێ " ئێمە لێرەوە بانگەوازی رێکخراوەکانی مامۆستایان، قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین، پشتیوانی لەم دەستپێشخەرییەی هەڵسوڕاوانی مافی مرۆڤی ئێرانی بکەن، فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران تا بڕیاری لەسێدارەدانی مامۆستای کۆڵنەدەرو مامۆستای منداڵانی کامیاران فەرزادی کەمانگەر و تەواوی زیندانیانی دیکە هەڵوەشێنێتەوە".

# لە سێ مانگی رابردوودا 10 ژن لە پارێزگای دیالە خۆیان تەقاندووەتەوە

**ڕووداو – دیالە**

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە پارێزگاری دیالە ئاشکرای کرد کە لەماوەی 3 مانگی رابردوودا رێکخراوی قاعیدە لە رێگەی 10 ژنەوە تەقینەوەی لەناوچەکانی شارەبان، جەلەولا و سەعدیە ئەنجامداوە.

سەرچاوەکە بە رۆژنامەی (ڕووداو)ی وت"قاعیدە ئێستا هەوڵدەدات لە رێگەی ژنانەوە چالاکییەکانیان ئەنجامبدەن، چونکە گومانیان کەمتر لەسەرە".

وتیشی"ژنان دەتوانن ئاسانتر لە بازگەکاندا دەربازببن، ئەو ژنانەش کە خۆیان دەتەقێننەوە کەسوکاریان لەناو ریزەکانی قاعیدەدایە یان لە کۆنە بەعسییەکانن".

لەتازەترین تەقینەوەی خۆکوژیدا هەفتەی رابردوو ژنێک لە بەردەم پۆلیسی جەلەولا دا خۆی تەقاندەوەو 7 پۆلیس کوژران و ژمارەیەک هاووڵاتی مەدەنیش بەرکەوتن.

## ڕوونکردنەوەی خانەوادەی زیندانییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی

تەنها بە ناوی خوا

بۆ بەڕێز:ڕۆژنامەی ڕووداو

دوای ئەوەی ڕۆژی 2008/2/4 وەفدێکی کۆمەڵ سەردانی وەزیری مافی مرۆڤیان کرد، باس لە دۆسیەی 14 گیراوی کۆمەڵ کرا، بەڕێزێشیان بەڵێنی بەدوا داچوونیانی دا بە تایبەتی بۆ ئە دوو گیراوەی لای یەکێتی .

ڕۆژی 2008/4/16 بەنووسراوێک وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە کە تەنیا ( رد فعلی ئاسایشە وهیچ بنەمایەکی یاسایی نییە) لەسەر قسەکانی مامۆستا عەلی باپیر کە لە ڕۆژنامەکان کردبووی دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن دەزگای ئاسایشی سەر بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، ئێمە ئەم چەند تێبینیەمان لەسەر وەڵامەکەی مافی مرۆڤ و ئاسایش هەیە و دەیخەینە بەر دەستی بەڕێزتان وەک ڕوونکردنەوە، چونکە لە ڕۆژنامە بەڕێزەکەتان تۆمەتەکانیان بڵاوکرایەوەو بێدەنگ بوونیش راستی وەڵامەکەی ئاسایش دەردەخات.

1 –سەردانی وەفدی کۆمەڵ لە 2008/2/4 بووە وەک لە ژمارە 309 ی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) لە 2008/2/9 کراوەتە هەواڵ، کەچی وەڵامنامەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەرواری 2008/1/16ی پێوەیە و ژمارەی نووسراوەکەش 573/16/1ی پێوەیە واتە وەڵامەکە (18) رۆژ پێش سەردانەکە کەوتووە! و لە 2008/4/16 بە دەست ئێمە گەیشتووە!

2– لە وەڵامی ئاسایشدا هاتووە کە (کەیفی فارس) لە 2004/6/20 بە تۆمەتی کۆمەڵبوون گیراوە ! هەروەها هاوکار بووە لە تیرۆر کردنی فرەنسۆ هەریری !وەک ئاشکرایە رووداوی تیرۆر کردنەکە لە 2001/2/18 بووە، واتە 3ساڵ دوای ئەم رووداوە ( کەیفی) گیراوە، ئەگەر ئاسایش ئەوەندە وردە لەکارەکانی بۆ لێدەگەڕا (کەیفی) ماوەی ئەم سێ ساڵە دوای ئە م رووداوە لە هەولێر بە ئازادی بسوڕێتەوە؟ جگە لەوەش هیچ جۆرە بەڵگەیەکیان نییە لەسەر ئەم تۆمەتەو، هیچ جۆرە تەعزیبێکیش نەماوە کە لەسەر ئە م کوڕە تاقی نەکرا بێتەوە بۆ ئەوەی ئەم تۆمەتە لە سەر خۆی بکاتە ماڵ، بەڵام ئەو خۆڕاگربووە.

3 – (عەبدولحەکیم حەسەن ئەحمەد) لە 2004/6/1 گیراوەو کۆمەڵ بوووە! 3 ساڵ لە خورماڵ بوو!دیارە کۆمەڵ بوون و ماڵ لەخورماڵ بوونیش هەر تۆمەتە! تا هاتنەوەی کۆمەڵ بۆ قەڵادزێ، کۆمەڵ بووە دوای هاتنەوەش بەماوەیەکی کەم گیراوە، دەبێ کەی بووبێتە (انصار)؟ ئەوەی ئێمە ئاگاداربین ئەم کوڕ ە تەنها بۆ یەک چرکەش نەبووەتە ئەنسار و برایان شاهێدن.

4– (کازم اسماعیل)، کە لە 2004 بەتۆمەتی ئەوە گیراوە گوایە مامۆستا ( هاشمی) برای کە قوتابییە لە سعودیە قاعیدەیە! لە سەردانێکماندا بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ لەسەر داواکاری باوکی (کازم) بە تایبەتی داوای چارەنووسیمان کرد، دوای ماوەیەک لەلایەن خاتوو( سەناریا )ی وەزارەتی مافی مرۆڤ، وەڵامدراینەوە کە ئەو واتە ( سەناریا) سەردانی کازمی کردووە لە ئاسایش و وەزعی زۆر باشە و هیچ تۆمەتێکی ئاراستە نەکراوە، کەچی ناوی لە وەڵامە کەی ئاسایش نەهاتووە .

5 – (محەممەد ئیسماعیل محەممەد عەرەب)، هە موو خەڵکی بشیریان شاهێدن کە چۆن بەبێ ویژدانی تەقەی لێکراو بەبریندادری دەستگیرکرا لە ناو کێڵگەکەی خۆی لە کاتی ئاودێر کردنی زەراعەتەکەی لە گوندی بشیریان و، تائێستا دادگایی نەکراوە . ئەم باسی TNT یەش شتێکی تازەیە و پێشتر دەیان جار داوا کراوە قسەی لەم جۆرەیان نەکردووە . ئەم (محەممەد)ە جیایە لە محەممەد ئیسماعیل عەلی محەممەدەمین کە ئەندامی ئێمە نییە و حوکمدراوە .

6– ( هۆگر تەلعەت محەممەد) کە پیشەی مامۆستای سەرەتاییە لە ناوچەی بارزان ولایەنگری خۆمانە، ڕۆژی 2005/5/12 لە یەکێک لە سەنتەرەکانی ئینتەرنێت لە هەولێر لەگەڵ 26 کەسی دیکە وەبەر ڕەشبگیری کەوتووە،گوایە لەکاتی کردنەوەی ئیمێلی (انصار)! ئێمە دەپرسین ئایا ئەم 26 کەسە هەرهەموویان لەیەک کات خەریکی کردنەوەی ئیمێل بوون؟ جگە لەوەش کردنەوەی سایتێکی قەدەخە لە رووی یاسایی حوکمەکەی چەند ساڵ زیندانییە ؟

7– (حەمید سابیر)، کە پیشەی تەعدیلچی سەیارەیە، تۆمەتبارکرا بەوەی گوایە قاعیدەی ساروخی دروستکردووە بۆ ئەوەی لق وپەرلەمان و ئەمبارە بەتاڵەکانی نەوتی محەتەی پێ قەسف بکا،دواتر وەک خۆیان دەڵێن باندێکی دیکە جیا لەکاک عەبدولحەمیدو جەماعەتەکەی ئەم تاوانەیان بەسەر خۆیان ساخ کردەوە! هەموو خەڵکی هەولێریش شاهێدە کە نە لق و نە پەرلەمان ونە محەتە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەردێکیشی تێنەگیراوە چ جای کاتیۆشا!

8– (ئاراس عومەر فەقێ)، راستە چەکداری (انصار) بووە،بەڵام زوو وازی هێنابوو. حیمایەی ئەمیری کۆمەڵ بوو بە نهێنیش نەهاتۆتەوە،چونکە هاتنەوەی کۆمەڵ بە نهێنی نەبوو،ئەوکاتەش کە گیراوە لەسەر کاربووە، بەشاهێدی ئەوانەی کە لەوێ بووین هیچ کاتیوشای لەبن هەنگل نەبووە !.

9– (هێمن) و(میقداد) تۆمەتی (انصار)یان دراوەتە پاڵ، کە ئەوەش دوورە لەراستی. ئێمە دەپرسین بۆ بە دەیان کادری (انصار) ئێستا لە هەولێر دەسوڕێنەوە ئی وایان تێدایە کە پلەی بەرپرسیارێتی هەبووە و، هەر لەبنەڕتدا دەستگیر نەکراوەو زیاتر لە 100کەسیشیان دوای دەستگیرکران ئازاد کراون،ئەگەر (انصار) بوون تۆمەتێکی ئەوەندە گەورەیە ئەو هەموو خەڵکەی کە بە فعلی (انصار)بوون بۆ بەردران ؟ ئێستاش خەڵکی کۆمەڵ بە (انصار) تۆمەتباردەکەن!

10– دەربارەی ئەودوو برایەی لە ئاسایشی سلێمانین، لە معەسکەر سەلام، جەند جارێک خۆیان خەبەریان ناردووە،کەوا ئێمە لێرەین و تکایە چارەیەکمان بکەن، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێک قسە لەگەڵ کاک مەلا بەختیار کراوە، چونکە ئەو هێزەی ئەوانی رفاندوە سەر بە باڤێلی زاوایەتی، بە ڵکو ئەو وەکو خەزوور شتێکی پێبکرێ !

11 –دەربارەی ( عومەر حەسەن عوسمان) کە لە کەرکوک رفێندراوە لەکاتی رفاندنی بە مۆبایل هەواڵی دابوو بە م.محەممەد رەزای شەهید، ئاسایش نایانەوێ بچنە ژێر باری ئەوەی کە لای وانە، بۆیە لە وەڵامەکەی ئاسایش ناوی نەهاتووە.

12 – ( انوەر سلێمان)، دوای گەڕانەوەی لە پێشوازی جەنابی ئەمیر لە چیمەن لە 2005/4/29 وێنەی مامۆستای لە سەیارەکەی لێنەکردووەتەوە تاماوەی چەند رۆژێک و لە2005/5/7 بەم تۆمەتە گیراوە و لە وەڵامەکەی ئاسایش تۆمەتی (انصار)ی دراوەتە پاڵ! سەیارەکەشی تائێستا نە دراوەتەوە کەسوکاری.

14– دەربارەی (کاروان عارف)، راستە حوکمدراوە،بۆیە داوامان کردووە لە لایەک سەرۆکی حکومەت لە سەفەری تارانیدا بەڵێنی بە مەلا سەلمانی خزمی داوە لە لایەکی دیکە، زۆر حوکمدراوی وەک کەمالی سەید قادرمان بینی کە 30 سالیش حوکمدرابوو ئازادیش کرا!

لە کۆتاییدا ئەم ڕوونکردنوەمان بە پێویست زانی بۆ بەڕێزتان، چونکە لە چاو پێکە وتنتان لەگەڵ جەنابی وەزیر وادیارە جەنابیشی کەوتووەتە ژێر کاریگەری وەڵامە دوور لە راستییەکەی ئاسایش و ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی و کەسوکاری ئەم گیراوانە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئەم دەقە وەکو خۆی بڵاو بکەنەوە لە پێناو دەرکەوتنی راستییەکان و رەدی ئیعتیبار بۆ ئەو گیراوە بە ناهەق دەستگیر کراوانە .

## ریپۆرتاژ



**دوو پارێزەری کورد ئەردۆگان و بیوک ئانت دەدەنە دادگا**

رووداو - هۆڵەندا

◆ بەتۆمەتی کوشتنی ژنێک و بریندارکردنی ژنێکی دیکە دوو پارێزەری کورد لەدادگای لاهای داوای یاسایی لەسەر ئەردۆگان و یەشاربیوک ئانت سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا تۆمار دەکەن. رەعد ئیسماعیل و عەدنان رەحمان لەسەر کوشتنی عائیشە عەلی و بریندارکردنی سۆزان موشیر کە دانیشتووی بناری قەندیلن و لە بۆردومانەکانی مانگی 12ی 2007 یەکێکیان کوژراو ئەوی دیکەشیان قاچێکی پەڕی، داوایەکی یاساییان داوەتە دادگای لاهای.

# دیدارێک لەگەڵ ئەمیری ئەنسارولسوننە

## عەبدولوەهاب محەممەد:

## "دژی دەستتێوەردانی ئێرانین، قاعیدە هۆکاری یەکەمی هەڵگیرساندنی فیتنەی نێوان گرووپە جیهادییەکانە و ئەنسارولئیسلامیش زۆر توندڕەون"

**ئامادەکردنەوەی: سۆران عومەر**

دوای پێنج ساڵ لەهاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و نەمانی رژێمی بەعس، دوای گۆڕانی ئەنسارولئیسلام بۆ ئەنسارولسوننەو پاشان گۆڕانی بۆ ئەنسارولئیسلام، کۆمەڵێک لەوانە کەخۆیان بە زۆرینە دەزانن بەناوی "ئەنسارولسونە- هەیئەی شەرعی"یەوە نەچوونە ناو گرووپی ئەنسارولسوننەو بەو ناوەوە مانەوەو لەعێراقدا درێژەیان بەکاری خۆیان داوەو ئەنسارولئیسلامیان قبوڵ نییەو خۆشیان بەشەرعی و زۆرینە دەزانن.

لەدیدارێکدا ئەمیری ئەنسارولسوننە- هەیئەی شەرعی لەگەڵ ماڵپەڕی (الحسبە)دا دەڵێ " ئەمریکا لەعێراقدا لە رووی سەربازییەوە لاواز بووەو ئێمەش ئامادەین ئەم جەنگە تاکوێ بەردەوام بێت دژ بەئەمریکا درێژە پێ بدەین".

ئەو ئەمیرەی ئەنسار، دەربارەی لەشکرکێشی سوپای تورک و بۆردومانکردنی کوردستان دەڵێ تورکیا ئامانجی دیاری کراوی هەیەو بەکۆتایی هاتنی ئامانجەکەی بۆردومانەکەشی کۆتایی دێت .

عەبدولوەهاب محەممەد سوڵتان کەئێستا ئەمیری ئەنسارولسوننە- بەرپرسی هەیئەی شەرعییە، دەربارەی بەشداری ئەو گرووپە چەکدارانەی جیهاد دەکەن لەبواری سیاسیدا دەڵێ " هیچ گرفتێک نییە لەوەدا کە گرووپە جیهادییەکان بەشداری پرۆسەیەکی سیاسی بکەن کە بەشەرع رێکخرابێت و بەهۆکاری شەرعیش بەرێوە ببرێت،بەڵام ئەمەی ئەمڕۆ عێراق سیاسەتێکە لەلایەن ئەمریکاوە دارێژراوەو نارەوایە بۆیە بەشداری کردن تێیدا شەرعی نییە".

دەربارەی ئەنجوومەنەکانی رابوون (×حوە)سوڵتان دەڵێ " بوونیان ناشەرعییەو هۆکاریش زۆرە بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونیان، لەوانە کردەوەی چەوت و نەشیاوی زۆر گرووپی جیهادی لەئاستی تاکەکانیان و سەرکردەکانیاندا، کردەوەی ناشیرین و نەفامانەی رێکخراوی قاعیدە لەبەرامبەر نەزانی و سادەیی خەڵکیدا وایکرد ئەنجوومەنەکانی رابوون دروست ببن و ئەمریکاش بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەهلی سوننەو پشتگیری خۆی دروستی کردن".

ناوبراو لەو دیدارەدا ئامادە نەبوو باس لەحوکمی شەرعی ئەنجوومەنەکانی رابوون بکات و وتی حوکمی شەرعی ئەوانە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆرێت و من ناتوانم لێرەدا حوکم بەسەر ئەوانەدا بدەم ئەوە ئیشی خەڵکێکی زاناو خاوەن زانستی شەرعییە .

دەربارەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ رێکخراوی قاعیدە لەسەر ئەوکردەوانەیان، ئەمیری ئەنسارولسوننە وتی " هەرگیز پێمان خۆش نییە شەڕیان لەگەڵ بکەین چونکە خوا نەفی کردووە مسوڵمان مسوڵمان بکوژێت و ناشمانەوێت ئەمریکا سود لەو ناکۆکی و شەڕە ببینێت لەنێوانماندا".

عەبدولوەهاب محەممەد سوڵتان دەربارەی ئەنسارولئیسلام و پاشان بوونی بەئەنسار سوننەو هەیئەی شەرعی دەڵێ " سەرەتا ئەنسارولئیسلام لەکوردستانەوە دەرکەوت و پاش داگیرکردنی عێراق و لێدانیان لەلایەن ئەمریکاوە هاتنە ناو سەرجەم شارەکانی دیکەی عێراق و بووین بە ئەنسارولسوننە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان هەیئەی شەرعی کۆمەڵەکەو ئەمارەتی کۆمەڵەکە لەسەر ئەوەی کەئەمارەتی ئەنسارولسوننە باوەڕی بەتووندڕەوی زۆر هەبوو هەروەها بڕواشی بەهیچ گرووپێکی دیکەی جیهادی نەبوو لەعێراقداو بەشەرعی نەدەزانین و بە لە رێ لادەر حسابیان بۆ هەموو گرووپەکانی دیکە دەکرد، بۆیە جیابوونەوە لەناو ئەنساردا بە بەشێک لەلاوازی دەزانم و هۆکارەکانیشی بەشەرعی نازانم، بەڵام سەربەخۆیی و جیابوونەوەی هەیئەی شەرعی بەبەشێک لەهێز دەزانم و بۆ ئەوەش جیابووینەوە کە رێرەوی بزووتنەوە جیهادییەکانی عێراق رێکبخەینەوە".

دەربارەی ئەو پرسیارەی کەئێوە ئەندامن لەئەنجوومەنی سیاسی مقاوەمەی عێراقی، بەوەی کە دەبینن کاری سیاسی گرنگی زیاترە وەک لەکاری سەربازی؟

عەبدولوەهاب محەممەد سوڵتان دەڵێ " بەڵێ بەزەروری دەزانم ئەگەر ئەو کارە سیاسییە لەبەرژەوەندی شەرعی جیهاد بوو، ئەوەش بەهۆکاری شەرعی".

هەروەها دەربارەی کەمبوونەوەی کردەوەو هێرشەکانی گرووپە چەکدارەکانیش لە عێراق، عەبدولوەهاب محەممەد باس لە هۆکارەکانی دەکا و دەڵێ " بەڵێ کردەوەکانی ناو عێراق رووی لەکەمی کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆر گرووپی جیهادی ناو عێراق بەیەکترەوە خەریکن، هەرچەندە من دڵنیام لەوەی موجاهیدینی عێراق بەتوانان لەوەدا کە هەر کاتێک ویستیان جەنگ بەرپا بکەن".

دەربارەی ئەو هەواڵانەی باس لەبوونی کەناڵی پەیوەندی و گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا، ناوبراو وتی " من هیچ ئاگاداری ئەوە نیم و ئەگەر شتی واش هەبێت لەسەر ئاستی تاکە کەسییە".

عەبدولوەهاب محەممەد سوڵتان پرۆسەی سیاسی ئێستەی عێراق ڕەتدەکاتەوەو لەوەڵامی ئەوەدا کەئایا ئەوان وەک ئەنسارولسوننە چ ئەلتەرناتیفێکیان بۆ ئەوە هەیە، وتی " ئەم پرۆسە سیاسیەی ئێستای عێراق رەتدەکەینەوە چونکە دروستکراوی داگیرکارەو لەبەرامبەردا ئێمە پرۆسەیەکی سیاسیمان پێیە کەتەواو هاوتایە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیداو لەو دینەشدا مافی هەموو کەسەکان دابین کراوە".

رۆژانە باس لەدەستتێوەردانی ئێران دەکرێت لە ناو عێراق لەڕێگەی گرووپە



شیعیە چەکدارەکانەوە، عەبدولوەهاب محەممەد سوڵتان لەو بارەوە دەڵێ " ئەوە شتێکی ئاشکرایەو ئێران بەکارێکی سەرەکی خۆی دەزانێ دەست وەرداتە ناو عێراق و ئێمەش وەک ئەنسار بەئەرکی خۆمانی دەزانین بۆ رێگری لەو دەستێوەردانەی ئێران لەناوخۆی عێراق هەموو هۆکارێکی شەرعی بگرینە بەر".

سەبارەت بەهاوکاری وڵاتانی دیکەی عەرەبی ئیسلامی بۆ "مقاوەمە"ی عێراقی، ناوبراو ئاماژە بەبوونی هیچ هاوکاریەک ناکات، بەڵام ئومێدی هەیە لەئایندەدا هاوکاری بکرێن و هەموو توانایان خستووەتە کار بۆ ئەوەی لەلایەن وڵاتانی عەرەبی ئیسلامیەوە هاوکاری بکرێن.

دروستبوونی ئەنجومەنەکانی ڕابوون بۆ بەرەنگار بوونەوەی قاعیدە لەعێراقدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بۆ ئەمریکا لە عێراق بەدەستهێنا،دژی قاعیدە، عەبدولوەهاب محەممەد سوڵتانیش هۆکارێکی دروستبوونی ئەو ئەنجومەنانە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵوێستی خراپەکانی قاعیدە "ئەنجوومەنەکانی رابوون دیاردەیەکی ناشەرعییەو دانی پێدا نانێین، هۆکاری دروست بوونیشیان زۆرە، یەکێک لەوانە ئەو کردەوە هەڵەو خراپانە بوو کەقاعیدە ئەنجامیداوە لەبەرامبەر کردەوەی نەفامانەی چەند کەسێکی سوننەدا، هەروەها ئەو تاوانانەی دەرهەق بەئەهلی سوننە دەکرا لەلایەن میلیشیا تایفەگەریەکانەوە وایکرد ئەنجوومەنەکانی رابوون دروست ببێت و هاوکاریش لەئەمریکای داگیرکارەوە وەربگرن، بەڵام عەشایرە رەسەنەکانی عێراق هێشتا لە ریزی موجاهیدیندان".

سەبارەت بەو کوشتارەی لەناوخۆی ئەو گرووپانەدا بەتایبەت لەگەڵ قاعیدە روودەدات ئەمیری ئەنسارولسوننە وتی" شەڕی نێوان مسوڵمانان بەتەواوی حەرامە، بەڵام کردەوەکانی قاعیدە بوونەتە هۆی ئازاردانی زۆر لەو کەسانەی دیکە تارادەی کوشتنی بەناحەق، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە یەک دوژمنی هاوبەشمان هەیەو ئەویش پێی خۆشە ئاگرەکە خۆشتر بکاتن و چارەسەری ئەم مەسەلەش لەلای رێکخراوی قاعیدەیە، چونکە ئەو هۆکاری یەکەمی هەڵگیرساندنی ئەو فیتنەیە".

پاش تێپەڕبوونی 5 ساڵ بەسەر رووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا، لە عێراق، ئەو گرووپانە چ دەستکەوتێکیان هەبووە.

عەبدولوەهاب محەممەد سوڵتان وەڵام دەداتەوەو دەڵێ " کۆمەڵە جیهادییەکانی ناو عێراق تائێستا بەردەوام و سەلامەتن پاشان بەرێگەی پێغەمبەری ئیسلامدا هەنگاو دەنێین و مەجالی رووبەڕووبوونەوەش زۆر فراوانە، جەنگە، رێککەوتنە لەگەڵ نامسوڵمان و کاری زۆریشمان بەئەمریکا کردووە".

دەربارەی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر کوردستان و بۆردومانکردنی ئەو ناوچانە لەکاتێکداکەعەبدولوەهاب محەمەد سوڵتان لەکوردستاندالەدایکبووە،سوڵتان جۆرە تێگەیشتنێک بۆ هێرشەکانی تورکیا نیشاندەدات و بەتوندی رەخنەی لێناگرێ و دەڵێ" هەڵوێستی ئێمە روون و ئاشکرایە لەبەرامبەر هەر تەدەخولێکی دەرەکی بۆ سەر خاکی عێراق و ئێمە لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقداین و قبوڵی هاتنە ناوەوەی هیچ هێزێک ناکەین، تورکیاش چەند ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە لەو کارەیداو پاش تەواو بوونی ئامانجە دیاریکراوەکانی دەکشێتەوە لەکوردستان و هیوادارم تورکیا زوو کۆتایی بەوە بێنێت".

# مامۆستایەکی ئاینی پێشنیاز دەکات خەڵک بەتەلەفۆن سەرەخۆشی لەیەکتری بکەن

## مەلا مەغدید کەریم: خوێندنی قورئان لەکاتی پرسە لەشەریعەتی ئیسلامدا نییە

رووداو- هەولێر

زانایەکی ئاینی ئیسلام دەڵێن سێ رۆژ پرسە دانان نەک پێویست نییە، بەڵکو گوناهیشە لەرووی شەریعەتی ئیسلامەوە. ئاماژەش بەوە دەدات کە خوێندنی قورئان لەکاتی پرسەدا لەشەریعەتی ئیسلامدا نییە.

سێ رۆژ پرسەدانان لە مزگەوت بووە بە دیاردە، بەڵام زانایانی ئیسلام رەتیدەکەنەوە کە ئەو پرسە دانانەی ئێستا هەیە لە سەردەمی پێغەمبەردا هەبووبێ و، مامۆستا مەغدید پێشنیار دەکات کە لەکاتی کۆچی دوایی کەسێکدا خەڵک بە تەلەفۆن سەرەخۆشی لەیەکتری بکەن باشترە.

مامۆستامەغدیدکەریم،کەقوتابی دکتۆرایە لەزانستە شەرعییەکان، دەڵێت"مرۆڤ کە کۆچی دوایی دەکات ئەوەی زۆر گرنگە بکرێت شوشتن و کفنکردن و نوێژ لەسەر کردنیەتی، دوای نوێژ لەسەر کردن بەخاک سپاردنییەتی، پێغەمبەر (د.خ) جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە لەکاتی بەخاک سپاردندا ئامادەبین، بەڵام ئێستا زۆرکەس بەشداری بەخاک سپاردنی تەرمەکە ناکات و بەشداری سێ رۆژی پرسەکەی و هاتن و رۆشتنەکەی دەکات ئەمەش هیچ خێرێکی پێ ناگەیێنێت"

مەلا مەغدید کەریم، ئەم گوتەیەی خۆی بەفەرموودەیەکی پێغەمبەر بەڵگەدار و پشت‌راست‌دەکاتەوەودەڵێ"پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت، مرۆڤی باوەڕدار شەش مافی لەسەر برای موسوڵمانی هەیە، یەکێک لەوانە کە مرد لەدوای تەرمەکەی بڕوات".مەلا مەغدید ئەوە لێکدەداتەوەو دەڵێ "واتە پێویستە تەنها لەکاتی مردندا بایەخ بەتەرمەکە بدرێت و دڵنەوایی کەسوکاری بدرێتەوە".



بوونی پرسەی سێ رۆژە، یان دوو رۆژ پرسە لە مزگەوت کە لەهەندێک ناوچەی کوردستان بەیانیان و ئێوارانیشە، بووەتە جێگای نارەزایی هەندێ لە پیاوانی ئاینی و لەهەمانکاتیشدا بووەتە ئەرک بەسەر خاوەن پرسەوە. دەگوترێ هەندێ کەس بۆ لابردنی ئەو زەحمەتیە لەسەر خەڵک بەرەو ئەوە دەچن پرسە بۆ مردووانیان دانەنێنن و هەندێکیش بڕیاریانداوە بچنە کاتی ناشتنی یان بە تەلەفۆن سەرەخۆشی لەکەسوکاری مردوو بکەن، نەک بچنە پرسەکەی دابنیشن.

مەلا مەغدید کەریم، کە وتار خوێنی مزگەوتی حاجی بەکری زێرنگرە لەگەڕەکی ئیسکانی هەولێر، ئاماژە بەوەدەدات کە"ئێستا لەکاتی بەخاکسپاردنی تەرمەکەدا خەڵک بەشێوەیەکی کەم ئامادە دەبێت و، پرسە سێ رۆژەیەکە جێگەی ئەوەی گرتوەتەوە، ئەمەش بەهیچ دەقێکی ئایینی پشتگیری ناکرێت".

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەکاتی پرسەکاندا، پرسەی ئافرەتانیش زۆر قەرەباڵغە، بەجۆرێک زۆرجار لەکۆڵانەکاندا رەشماڵ و چادر هەڵدەدرێ، بەڵام زانایانی ئاینی باس لەوە دەکەن کە پرسەی ژنان پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە. مەلا مەغدید، لەو بارەیەوە دەڵێت" پرسەی ئافرەتان لە روانگەی شەرعەوە شتێکی زۆر نارێک و موخالیفە، پرسەی ئافرەتان هیچ بنەمایەکی شەرعی نییە، کۆمەڵێکی زۆر ئافرەت کۆدەبنەوەو ئافرەتێک بەپارە دەگرن بۆ دەف لێدان و پارەیەکی باش وەردەگرێت و سێ ژەمە خواردنی چەوری پێدەدرێت ئەوەش دوورە لەشەرع، پێویستە ئەم نەریتە کە دژی ئایین و ئەخلاقیاتی مرۆڤ و کۆمەڵگایە نەمێنێ".

ئەوەی لەپرسەی ئافرەتاندا تێبینی دەکرێت لەخۆدان و گریانە بەدەنگی بەرزو ئەمەش بە یەکێکیتر لەو گوناهانە دەژمێردرێ کە بەهۆی پرسەکانەوە دروست دەبن.

مەلا مەغدید کەریم، ئەوە زیاتر روونDەکاتەوەو دەڵێت " ئەگەر ئافرەتان لەکاتی پرسەدا دڵنەوایی یەکتربکەن زۆر ئاساییە، بەڵام زۆرجار لەکاتی پرسەدا ئافرەتان لەخۆیان دەدەن، ئەمەش تاوانێکی زۆر گەورەیە، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: لەئێمە نییە ئەو کەسەی کە لە روومەتی خۆی بدات و پرچی خۆی بڕنێتەوە".

لەسەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامیشدا پرسە هەر سێ رۆژ بووە، بەڵام شارەزایانی بواری ئیسلام دەڵێن" پێغەمبەر (د.خ) وتویەتی: پرسە نابێت لەسێ رۆژ تێپەڕێت، بەڵام سێ رۆژەکەش ئەوە نەبووە لەمزگەوتدا خەڵک دابنیشێت و خزمەتکردن هەبێت و نیوەڕوان نان بخورێت و کەسێک قورئان بخوێنێت".

بەپێی شەریعەتی ئیسلام تەنها سێ رۆژ دەبێت سەرخۆشی لەخاوەن مردووەکە بکرێت و نابێت دوای سێ رۆژەکە پرسەکەی بە سەرەخۆشی کردن لێی زیندوو بکرێتەوە، مەلا مەغدید لەو بارەیەوە دەڵێت" زۆربەی خەڵک دەچێتە پرسەکانەوەو بەگەرمی لەپرسەکاندا ئامادە دەبێت و زیاتر وەک ریاییەک و کۆبونەوەیەک دەبینرێت و گوناحی پێدەگات و دەبێتە بارگرانییەکیش لەسەر خاوەن مردوو، ئەو سێ رۆژەی بۆ پرسە دانراوە بۆ سەرخۆشی کردنی کەسێکە لەخاوەن مردوو ئەگەر نەرۆیشتە مەراسیمی بەخاک سپاردنەکەی، نەک کۆبوونەوەو قەرەباڵغی دروستکردن لەمزگەوتدا".بەڵام لەکوردستاندا دوای کۆتایی هاتنی سێ رۆژی پرسەکە هاووڵاتییان بەردەوامدەبن لەرۆیشتن بۆ ماڵی خاوەن پرسە.

مەلا مەغدید، وەک گازندەیەک لەهاووڵاتیان دەڵێت" خاوەن مردوو سێ رۆژ بەپێوە راوەستاوەو شەوانیش لەماڵ خەڵک تا هەفتەیەک دەچێتە لای و دەبێت ماڵێکیش لەدراوسێکانی بۆ ژنان جیابکاتەوە، ئەمە شتێکی نا شەرعییەو لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا ناگونجێت و بارگرانییە بەسەر ئەو کەسەوە".

قورئان خوێندن بەپارە لەکاتی پرسەکاندا یەکێکیترە لەو دیاردانەیە کە لە پرسەکانی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ، بەشێوەیەک بژێوی هەندێ کەس لە سەر قورئان خوێندنی ناو پرسەکانە.

وتار خوێنی مزگەوتی حاجی بەکر، دەڵێت" خوێندنی قورئان لەکاتی پرسەکاندا دوورە لەشەریعەتی ئیسلام، قورئان کە مامەڵەی لەسەر دەکرێت و بازرگانی پێوەدەکرێت زۆر گوناهە، قورئانی پیرۆز ئەو پەرتوکەیە بۆ فێربوون و ئامۆژگاری و بەرزکردنەوەی رەوشت و حوکمە شەرعییەکانە، نەک لەپرسەو بۆنەکاندا بخوێندرێتەوە، بەڵام مامەڵەکردن بەوەی 300 دۆلارم ناوێ و 400 دۆلارم دەوێ، جۆرێکە لەزیادەڕەوی، لەم حاڵەتەدا قورئان خوێن و خاوەن پرسە هەردووکیان گوناهبار دەبن".

ئەوەش بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر پشت راستدەکاتەوەو دەڵێ" پێغەمبەر (د.خ) لێبێت دەفەرموێت: قورئان بخوێنن و کاری پێبکەن و زیادەڕەوی پێوە مەکەن و وازی لێمەهێنن و نانیشی پێوە مەخۆن، قورئان هی ئەوە نییە نانی پێوە بخورێت، ئەم جۆرە کارە لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) نەبووەو ئەویش رێگەی پێنەداوە قورئان بەم شێوە بخوێندرێت".

مەلا مەغدید کەریم، وەک شارەزایەکی بواری ئاینی ئیسلام، چەند پێشنیارێک لە رێگەی (رووداو) دەخاتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ رێکخستنەوەی پرسە لە کوردستان "دەمەوێ وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان پێکەوە کاری پرسە رێکبخەن، بەشێنەیی و پلە بە پلە بگۆڕدرێت، پرسەی پیاوان بکرێتە یەک دانە رۆژ و دانیشتن لەمزگەوت، پێشنیار دەکەم پرسەی ژنانیش هەر نەمێنێت، ئەگەر هەر نەشکرا ئەویش بکرێتە یەک دانە رۆژ و هەر کەسێکیش ویستی دڵنەوایی کەسوکاری مردوو بداتەوە با بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوەبکات".

## کاروباری سیاسی

**کەرکووک لە واشنتن**

ڕووداو - واشنتن

◆ پەیمانگەی کوردی لەواشنتۆن WKI بەهاوکاری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردلەباکووری لەئەمەریکا KNC و زانکۆی پەنسلڤانیا بڕیارە ڕۆژی 2008/5/9 کۆنفرانسێکی تایبەت بە کەرکووک وئارتیکلی 140 لە واشنتن ببەستن، لەو کۆنفرانسەدا هەریەک لە د.نەجمەدین کەریم سەرۆکی پەیمانگەی کورد ود.سامان شالی سەرۆکی KNC وپرۆفیسۆر بریندان ئۆلیری مامۆستا لە زانکۆی پەنسلڤانیا بابەت پێشکەش دەکەن.

### لە کۆبوونەوەی حکومەتی کوردستان و تورکیادا سەرۆکی حکومەت پێداگیری لەسەر چارەسەری ئاشتییانە دەکاتەوە

# تورکیا داوادەکات PKK بە شەڕ دەربکرێ



عەلی حەمەساڵح

ali@rudaw.net

**ڕووداو–هەولێر**

لەیەکەمین دانیشتنی فەرمی حکومەتی کوردستان و تورکیا بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەنێوان هەردوولادا واژۆبکرێت، تورکیا داواکاری خۆی بۆ دەرکردنی PKK بەڕێگەی هێز دووبارەکردەوە، شاندی کوردیش جەختی لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی هەموو کێشەکان کردەوە.

ڕۆژی 2008/5/1 شاندێکی حکومەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، لەبەغدا لەگەڵ ئەحمەد داود ئۆغلو گەورە ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی تورکیا و باڵیۆز موراد ئۆزچەلیک ڕێکخەری کاروباری عێراق لەوەزارەتی دەوەری تورکیا و باڵیۆزی تورکیا لەعێراق کۆبوونەوە، بەڵام حکومەتی تورکی بەفەرمی ڕایگەیاندووە کە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراقیدا دانیشتووەو ئاماژەی بەگفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی کوردستان نەکردووە.

د.مەحمود عوسمان،سیاسەتکار و ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ڕاستە، کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی کوردستان کراوە، بەڵام تورکیا نایەوێت باسی بکات و حکومەتی تورکی و میدیای تورکیش بەفەرمی وایان نیشانداوە کە لەبەغدا نوێنەری حکومەتی تورکیا لەگەڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و بەرپرسانی عێراقی دانیشتووەونەیانگوتووە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی کوردستان دانیشتوون، چونکە تائێستا ئەوان دان بەحکومەتی کوردیدا نانێن و ئێستاش هەر دەڵێن ئیدارەی باکوور".

بەڵام لە هەمانکاتدا ، د.مەحمود کۆبوونەوەکەی بە"گرنگ" وەسفکرد و گوتی "ئومێدەوارین ئەم گفتوگۆیانە دەرگایەک بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت لەڕوانگەی بازرگانی و سیاسی و ئەمنییەوە هاوکاری زیاتر هەبێت".

لەبارەی ئەوەی کە حکومەتی تورکیا ئەم دانیشتنەی بەفەرمی نەناساندووە، فەلاح مستەفای بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ئەندامی شاندی حکومەتی کوردستان بۆ بەغدا، گوتی" ئەو دانیشتنە لەگەڵ نێردراوی حکومەتی تورکیا بوو، ئەوەی کە لەمیدیاکان باسدەکرێت زۆر بایەخی پێنادەین و دەمانەوێت کارێک بکەین لەبەرژەوەندی کوردستاندا بێت و بەدوای ئەو باسانەدا ناچین".

بەپێی زانیاریانەکان، لەدانیشتنی نێوان هەردوو شاندی حکومەتی کوردستان و تورکیادا، باس لەکێشەی گەریلاکانی PKK کراوەو تورکیا داوای لەحکومەتی کوردستان کردووە کە هێز دژی PKK بەکار بێنێت و لەناوچەکەدا دەریان بکات، بەڵام حکومەتی کوردستان جەختی لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی ئەم کێشەیە کردووەتەوە.

د.مەحمود عوسمان، لەلێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) ئاماژەی بەوەکرد کە " لەهەموو دانیشتنەکانی تورکیا لەگەڵ لێپرسراوانی کوردی و عێراقیشدا چ لێرە بێ چ لەتورکیا بێ، تورکیا دەڵێت دەبێ حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان کێشەی PKK چارەسەر بکەن و لە خاکی خۆیان دەریانبکەن لەم کۆبوونەوەشدا هەمان بۆچوونیان هەبووە".

د. مەحمود ئەوەی بەپیلانگێڕییەکی تورکیا دانا و گوتی"سیاسەتی تورکیا سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەیەو دەیەوێت شەڕ لەنێوان کوردی عێراق و کوردی تورکیادا دروستبکات، ئەگەرچی لەوانەیە بەئاشکرا وا نەڵێن، بەڵام ئەوەیان دەوێت".

فەلاح مستەفاش ئەوە ناشارێتەوە کە پرسی PKK یەکێک بووە لەو پرسانەی کە لەکۆبونەوەکاندا باسکراوەو دەڵێت"هەڵوێستی حکومەتی کوردستان وابووە کە ڕێگەی سەربازی چارەسەر نییە و مێژوویش ئەمەی سەلماندووە، تورکیا ماوەیەکە داوای ئەوە دەکات کە کوردستان بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەم کارە بکات، بەڵام حکومەتی کوردستان دەڵێت: شێوازی سەربازی چارەسەر نییەو ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەدیالۆگ چارەسەری کێشەی PKK بکرێت".

لەلایەکی دیکەوە چاودێرانی سیاسی ئەم کۆبوونەوەیە لەڕوانگەی دروستبوونی پەیوەندیی ئابووری وسیاسی وبازرگانییەوە بەسەرەتایەکی گرنگ دادەنێن.ڕۆژنامەکانی تورکیاش ئاماژەیان بەوەداوە، کە تورکیا لەبەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ عێراق ناچاربووە بەرەو پەیوەندی بەستن لەگەڵ حکومەتی کوردستان بچێت.

فەلاح مستەفا ئەوە ڕووندەکاتەوە کە"حکومەتی کوردستان پێیوایە خاڵی هاوبەشی کوردو تورکیا زۆر زیاترە لەجیاوازییەکان،بۆیە ئەو دەرفەتە بەهەنگاوێکی باش دەزانین و پێمانوایە بەردەوامبوون لەخزمەتی هەردوو لا دایەو لەکۆبوونەوەکەشدا باس لەپەیوەندی ئابووری و سیاسی و بازرگانی کراوەو هەردوولا بەئارەزووەوە باسیان لەهەماهەنگی کردووەو تەنانەت لەبواری سەرچاوە سروشتییەکانیشدا".

دروستبوونی پەیوەندییەکی پتەولەنێوان کوردو تورکیادا پێویستی بە هاوکاریی ئەمریکا هەیە، بەڵام ئەم هاوکارییە دەبێت بەشێوەیەکی هاوسەنگ بێت بۆ هەردوو هێزی کوردی و تورکی.

د.مەحمود عوسمان، پێیوایە "ئەم کۆبوونەوەیە لەوانەیە بتوانێت زەمینە خۆشبکات بۆ هاوکاری، بەمەرجێک ئەمریکاش سیاسەتی مامناوەندی بێت، 2008/5/1 تورکیا بەفڕۆکە لەگوندەکانی بناری قەندیلی داوە و زیانی بە خەڵکی دەڤەرەکە گەیاندووە، بەڵام نوێنەری کۆشکی سپی ئەمریکی پاڵپشتی هێرشەکەی کرد سیاسەتی ئەمریکاش ئێستا لەبەرژەوەندی تورکیادایە، لەکاتێکدا دەبێت ئەمریکا ڕۆڵێکی مامناوەندی هەبێت بۆ هەردوولاو هەوڵبدات چارەسەری کێشەکە بکات نەک ئاگرەکە خۆش بکات".

ئەگەرچی بەرپرسانی حکومەتی کوردستان ئاماژە بەسەرکەوتنی کۆبوونەوەکە دەکەن، بەڵام هیچ ڕێککەوتننامەیەک لەو کۆبونەوانەدا واژۆ نەکراوەو ئاماژە بەهیچ کاتێکیش نەکراوە کۆبوونەوەی دیکەی تێدا ئەنجامبدرێت.بەڵام تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند نێچیرڤان بارزانی سەردانی تورکیا دەکات. هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەو سەردانە لەنێوەڕاستی ئەو مانگەدا دەبێت.

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی کوردستان،دەڵێت"هیچ نووسراوێکی فەرمی لەبارەی پەیوەندییەکانی هەردوولاوە واژۆ نەکراوەو، زۆر ناواقیعییە ئەگەر خەڵکانێک هەبن بڵێن لەیەکەم دیدار پاش دابڕانێکی زۆر ڕێککەوتن واژۆبکرێت، ئەوە کردنەوەی دەرگای دیالۆگ بووەو هیچ کاتێکیش دیاری نەکراوە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەو ئەو ئاستانەشی کۆبوونەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت بەکراوەی ماوەتەوە".

### مایکڵ وۆڵزەر فەیلەسوفی بە نێوبانگی ئەمریکی:

# کورد هەڕەشەلێکراوترین گەلی جیهانە پێویستە بپارێزرێت

**ڕووداو – برۆکسەل**

**مایکڵ وۆڵزەر یەکێک لە گەورەترین فەیلەسوفە هێشتا نەمردووەکانی ئەمریکایە، ئەو تا ئێستا 27 کتێب و زۆرتر لە 300 باس و بابەتی زانستیی بڵاوکردووەتەوە و لە زانکۆی پرینسێتۆنی نیوجێرسیش چەندان ساڵە وەک پرۆفیسۆر سەبارەت بە توێژینەوە مۆدێرنەکان وانە دەڵێتەوە. هەفتەنامەی کناکی بەلجیکی کورتە دیمانەیەکی سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای عێراق لەگەڵ ئەو فەیلەسوفەدا سازکردووە و (ڕووداو) دەقەکەی کردووە بە کوردی:**

**لە دیمانەکەدا وۆڵزەر باس لەوە دەکات کە ئەمریکا بەرپرسیارێتی پاراستنی کوردەکانی لە ئەستۆدایە، چونکە بە بڕوای وی: "کوردەکان هەڕەشەلێکراوترین گەلی جیهانن".**

**ڕووداو: ڕات چییە سەبارەت بەو شەپۆلە دژە ئەمریکاییەی کە چەپەکانی ئەوروپا بەرپایانکردووە؟**

**مایکڵ وۆڵزەر:** زۆر حەزی لێناکەم. من هیچ کێشەیەکم نییە ئەگەر خەڵک حکومەتی ئێستای ئەمریکی بداتە بەر ڕەخنە، بەڵام بە توندی دژی هەندێک لەو هەوڵە ئەنتی ئەمریکاییانە دەوەستم کە هەن. بە داخەوە ئەوانە وادەزانن کە هەموو دنیا بە فیتی ئەمریکایەک کە تاکە زلهێزی دنیایە هەڵدەپەڕێ و کەسیش دەسەڵاتی نییە. من ئەوە بە زیادەڕەوی دەزانم. ئێمە هێشتاش لە وڵاتێکی چکۆلەی وەک عیراقدا، دوای پێنج ساڵی خوێناوی و سێ تریلیۆن دۆلار، قسەمان ناڕوات!

**ڕووداو: پێتوانییە کە پێویست بێ ئەمریکا عیراق بە جێبهێڵێت؟**

**مایکڵ وۆڵزەر:** من دژی شەڕ بووم. بەڵام ئەوڕۆ ئەوەم لێ ڕوون نییە کە چۆن چۆنی دەتوانین بە ئاسانی ئەو وڵاتە بە جێبهێڵین. ئێمە دەبێ پلانێک دابنێین بۆ ئەوەی وردە وردە خۆمان لە عێراق دووربخەینەوە. بەڵام ئێستا ئێمە کۆمەڵێک بەرپرسیارێتیمان لەو وڵاتەدا هەن. زۆر خەڵکی ئەوێ بە هۆی ئەو کارانەی ئێمەوە کە کردوومانە دەکەونە مەترسییەوە. بۆ نموونە دەبێ ئێمە کوردەکان بپارێزین لە دژی هەر هێرشێک کە لە ئایندەدا بکرێتە سەریان. ئەوان یەکێک لە هەڕەشەلێکراوترین گەلەکانی جیهانن. ئێمە نابێ بشهێڵین کە کەمینەی سوننە قڕ بکرێ.

**ڕووداو: ئەوروپاش خراپ لە دەرەنجامەکانی شەڕی عێراقەوە گلاوە و بە ئاسانی لێی دەرناچێت، وا نییە؟**

**مایکڵ وۆڵزەر:** دوای شەڕی یەکەمی کەنداو، هەوڵێکی زۆردرا کە سەددام هێور بکرێتەوە و ڕێگە نەدرێت کاری دڕندانەی دیکە بکات. بۆیەش هەرێمی دژەفڕین لە بەشێکی عیراقدا دامەزرا و پشکێنەرانی چەکی کۆکوژی نێردران و گەمارۆی ئابووریشی خرایە سەر. بێگومان ئەو کارانە هەموویان بە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی کران و ئەوروپیش بەشێک بوون لە پرۆسەکە. تەنانەت فەرەنسا چەند فڕۆکەیەکیشی بۆ پاراستنی هەرێمی دژەفڕین نارد.

بەڵام دواتری وردە وردە ئەوروپاییەکان خۆیان لە پرۆسەکە کێشایەوە و وایلێهات کە تەنیا ئەمریکا و بەریتانیا مانەوە.

ئەگەر ئەوکات ئەوروپیەکان خۆیان نەکێشابایەوە، ئەوا هیچ کات ئەمریکا نەیدەتوانی تاکلایەنانە بڕیاری چوونە ناو عێراق بدات. بۆیەش بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەوروپا لەو بوارەدا زۆر کەمتەرخەمیی نواند.

**ڕووداو: بەڵام پێتوانییە کە شەڕی دژی سەددام شەڕێکی ڕاست و ڕەوا بوو بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانجی مرۆیی بووە؟ نابێ لە بیر بکەین کە ئەو دیکتاتۆرێک بوو و ئەو مەسەلەیەش هەموان لەسەری کۆکن؟.**



**مایکل وۆڵزەر لە ساڵی 1935 دا لە دایکبووە. لە ئەمریکادا وەک فەیلەسوف و تیۆریستێکی سیاسی ناسراوە. لە سێ گۆڤاری بە ناوبانگی (دیسسێنت، ژا نیو ریپوبلیک و فیلۆسۆفی، ئەند پوبلیک ئەففەیرس) دا وەک نووسەری هەمیشەیی دەنووسێت. بە ناوبانگترین کتێبی وۆڵزەر ناوی (جەست ئەند ئەنجەست وۆرس)ە کە سەبارەت بە ڕەوایی و ناڕەوایی جەنگەکان نووسیویەتی و لە حەفتاکانەوە تا ئێستا چەندین جار سەر لەنوێ چاپکراوەتەوە و گەنگەشەی لەسەر کراوە.**

**مایکڵ وۆڵزەر:** بەکارهێنانی توند و تیژیی سەربازی لە دەرەوەی سنووری ئەمریکادا، بە مەرجێک بۆ ڕزگارکردنی گەلێک لە کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی بێت، زۆر ڕەوایە. بۆیەش ئەگەر ئەو کاتەی کە سەد هەزار کورد یان شیعە قەڵوعام دەکران، ئەمریکا هێرشی کردبایە زۆر کارێکی ڕاست و ڕەوای دەکرد.

بەڵام ئەوەی کە پاش زۆرتر لە دە ساڵان لە ناکاو بڵێیت: ئەها، من تازە وەبیرم دێتەوە کە لەوێ کۆمەڵکوژی کراوە و بۆیەش دەمەوێت هێرش بکەم، شتێکی قبوڵکراو نییە. ئەو کارانە دەبێ ئەو کاتە ڕووبدەن کە ڕاستییەکان گەرماوگەرمن نەک دواتر!

### ئەو شەوەی سەدام و ئەنیس مەنسوور پێکەوە چوونە مەلهایەکی قاهیرە

# ئەنیس مەنسور: سەددام نەجوا فوئادی لە نەتەوەی عەرەب پێ گرنگتر بوو

**ڕووداو – ئیلاف**

ئەنیس مەنسوور، دەگێڕێتەوە کە لەو کاتەی لەگەڵ سەدام قوتابی بوون لە قاهیرە، شەوێک پێکەوە چوونەتە مەلها و سەماخانەیەکی شەوان،ئەوکات هیچ لەسەدام بەدینەدەکرا کە دەبێتە سەرۆک دەوڵەت. بەڵام دوای ئەوەی بووبە سەرۆک سەدام وەک کەسێک کە نەیناسیبێ تەماشای کردووە.

ئەنیس مەنسوور، کە لە ئابی 1924 لەدایکبووەو بەم دواییە بڕیاریداوە بۆ پارێزگاریی لە تەندروستیی خۆی تەنیا خۆراکی ڕووەکی بخوات، بیرەوەرییەکانی خۆی لەبارەی سەرکردەکانی عەرەب دەگێڕێتەوە.

لە کاتی دانیشتنەکانی کۆنگرەی میدیای عەرەبی لە دوبەی،ئەنیس مەنسووریش داوەتکرابوو.زەید بنیامین، لەو کۆنگرەیەدا ئەنیس مەنسوری بینی و ئەو بیرەوەریانەی لەسەر سەدام لێوەرگرت:

لە ژووری ژمارە (2009)ی هوتێل مۆنارک، مەحموود عەوەزی هاوکارم دەرگاکەی لێکردمەوە.

هەرکە پێمنایە ئەو ژوورەی پلەی گەرمای لەهی دوبەی زیاتر بوو، سڵاوم لەمامۆستا ئەنیس مەنسوور کرد کە بەوپەڕی پۆشتەییەوە لەوێ دانیشتبوو، هەستمکرد کارەکەمان ڕوو لە ئاڵۆزییە، چونکە ئەنیس مەنسوور بەوە ناسراوە کە بۆ گفتوگۆو نووسین کەشی تایبەت بەخۆی دەوێت، ئەو پیاوە هەرگیز بەڕۆژ نانووسێ، کاتژمێر چواری دەمەوبەیان هەڵدەستێ و بەبیجامەو پێی پەتیشەوە نەبێ نازانێ بنووسێ.



ئەنیس مەنسوور

بۆ خۆشکردنی کەشوهەوای دانیشتنەکەو دۆزینەوەی پرسیار لێمپرسی کە ڕای دەربارەی کۆنگرەکە چییە، گوتی"ئەمڕۆ هاتین بە ژوورکەوین بۆ ئەو ئیشەی بۆی هاتووین. گەیشتینە ئەو دەرگایەی ئاسایشەکانی لێ ڕاوەستاون، من مۆبایلەکەی خۆم لەلایەک دانا و بەنێو دەرگاکەدا هاتم زەنگەکە لێیدا، دەستم بەگیرفانمدا کردەوەو قورئانێکی بچکۆلانەم دۆزییەوە، قورئانەکەم دەرهێناو گوتم ئێوە ناتانەوێ تەنانەت خواش بچێتە ژوورەوە!!. ئەوەی لەوێ ڕاوەستابوو پێکەنی".

من و مەحموود خۆمان پێنەدەگیرا، بەڵام ئەو بڕیاری دابوو دەستپێشخەری بکات، بەتایبەتیش کە لەیەکەم پرسیارمەوە بۆی دەرکەوت من عێراقیم ئیدی باسی هێنایە سەر سەددام حوسێن، ئەنیس گەڕایەوە بۆ یادەوەرییەکانی و ئێمەش بەوە زۆر دڵخۆش بووین بەوهیوایەی کە بمانباتە سەر پرسیارێک و ئەو دانیشتنەی پێ دەستپێبکەین کە هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکرابوو.

"ئەو سەددامە دڕندە بوو، لەبیرمە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان ئەو سەددامە لە قاهیرە بوو، هیچ پێوەی دیار نەبوو دەبێتە کابرایەکی گەورەی ناو سیاسەت، جێی سەرنج نەبوو،پێکەوە قوتابی بووین، جارێک چووینە مەلهایەک نەجوا فوئادی بینی سەمای دەکرد، گوتی: بەخوا ئەو نەجوایە لەم نەتەوەی عەرەبە باشترە، بەڵام هیچ نیشانەیەک نەبوو بەڵگە بێت بۆئەوەی ڕۆژێک دەبێتە سەرکردە یان فەرماندە، خەڵک ئەو کاتە ناسییان کە چووە ناو حیزب و بووە جێگر".

وەک لە قسەکانی ئەنیس مەنسوورەوە دەردەکەوێت، سەددام حوسێن لەو قۆناخەی ژیانیدا کەسێک بووە تەواو دوور لە سیاسەت.

"تەماشابکە سادات پێش ئەوەش کە ببێتە سەرۆک وەک کابرایەکی سیاسی ناسراو بوو. پێشتر شەڕی کردووەو فەرماندە بووە، ژمارەیەک ئینگلیزی کوشتبوو، پیلانی کوشتنی وەزیرێکی داناو کوشتیان مەبەستم ئەمین عوسمانە. واتە گرنگییەکی بە مەسەلەی سیاسی دەدا، کە شۆڕشی 52 بەرپابوو ئەنوەر سادات لەنێو ئەفسەرانی ئازادیخواز تاکە کەسێکی ناسراوبوو، بەڵام سەددام حوسێن ئەو شتانەی پێوە دیارنەبوو".

پاش ئەوەی سەددام گەیشتە دەسەڵات، ئەنیس مەنسوور چەند جارێک بە هاوڕێیەتی حوسنی موبارەکی سەرۆک کۆماری میسر سەردانی بەغدای کردووە، بەتایبەتی لەساڵانی جەنگی هەشتاکاندا، بەڵام بۆ سەددام و بۆ ئەنیس مەنسووریش بارودۆخەکە وەک جارانی سەردەمی قوتابێتی نەمابوو.

"نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە. جارێک لەگەڵ سەرۆک موبارەک چووینە بەغدا، ئەمنی عێراقی ڕێگەیان نەداین جانتاکانمان لەگەڵ خۆمان ببەین، ناچار لە فڕۆکەخانە بەجێمانهێشتن. هیچ شەرمیان لەوە نەکرد کە ئێمە ڕۆژنامەنووسی گەورەی میسری و ژمارەیەک سەرنووسەر لەگەڵ حوسنی موبارەک هاتووین، ناچار هەر بە قاتەکانی بەرمانەوە نووستین.دوایی هاتن جانتای سەرۆک موبارەک ببەن، سکرتێرەکەی گوتی: ئەوە جانتای سەرۆکە، یان دەمکوژی یان دەتکوژم هیچ قسەی تێدا نییە، ئیدی وازیان لە جانتاکەی هێنا".

ئەنیس مەنسوور هەروا بەردەوام دەبێت لەسەر گێڕانەوەی یادگارییەکانی لەگەڵ سەددام.

"دوایین جار کە بینیم ئەو وەختەبوو کە ئاهەنگی ڕزگارکردنی فاوی دەگێڕا لەکۆتایی هەشتاکان. ئەوەی فاویشی ڕزگارکردبوو هێزەکانی میسر بوون، نوکتەکە لەوەدا بوو ئێمە خۆمان فاومان ڕزگارکردبوو هەر خۆشمان هاتبووین پیرۆزبایی بکەین".

گوتم فاوتان چۆن ڕزگارکرد؟ ئەنیس مەنسوور گوتی:

"سوپای میسری لەوێ بوو. سەربازی میسری، چەک و تۆپی میسری تێیدا بەشداربوون". هەروەها دەڵێ بەشداریی ئاهەنگی فاومان کرد کە نموونەی سەرکوتگەری و زوڵم و دیکتاتۆریەت بوو. منداڵی قوتابخانەکانیان هەموو هێنابوون، لەبەیانییەوە تا سەعات سێ ڕایانگرتن، هەریەکەی کۆترێکیشیان بەدەستەوەبوو، کۆترەکان لەسەرە مەرگدابوون بەهۆی ئەو گەرماو ئارەقەکردنەوە، کە سەددام هات کۆترەکانیان هەڵفڕاندن، بەڵام کۆترەکان نەیدەتوانی بفڕن و دەکەوتنەوە خوارەوە. یەکێک لە کۆترەکان لەسەر شانی شێخ خەلیفە نیشتەوە، یەکێکی عێراقی هات لەسەرشانی لابردو خستیە سەرشانی سەددام، چاکی کرد ئەگەرنا لەوانەبوو کۆترەکەش لەسێدارەبدەن".

ئەنیس مەنسور باسی گفتوگۆیەکی خۆی و سەدام دەکات و دەڵێ "ئاخرجار پێمگوت جەنابی سەرۆک ئێمە پێمانخۆشە لەگەڵت دانیشین و باسی شتێک بکەین لەدەرەوەی سیاسەت، گوتی: باشە لەگەڵ سکرتێر قسەبکە، منیش ناوەکەیم نەدەزانی دەستمکرد بە گیرفانمدا دەمویست ناوەکەی بنووسم،لەوکاتەدا هەرچی ئەفسەری لەوناوە بوون دەمانچەیان دەرهێنا، دەستم لە گیرفانم دەرنەهێناو ئیدی قسەشم لەگەڵ نەکردەوە".

لە ئەنیس مەنسوورم پرسی ئاخۆ تێڕوانینی حوسنی موبارەک سەبارەت سەددام حوسێن چۆن بوو، گوتی: ئەو سەددامی وەک براو وەک کەسێکی بەهێز تەماشا دەکرد، ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە ترساندنی عەرەب، تەنانەت کۆمکاری عەرەبی بەهۆی سەددامەوە گواسترایەوە بۆ تونس.



## تورکیا 6 منداڵ لەسەر سروودی ئەی رەقیب دادگایی دەکات

رووداو- DIHA

◆ شەش منداڵی کوردی گرووپی موزیکی شارەوانی یەنیشەهیری دیاربەکر کە تەمەنیان لەنێوان 14-15 ساڵیدایە، بەهۆی گوتنی سروودی "ئەی رەقیب" لە فێستیڤاڵی سانفرانسیسکۆی ئەمریکا لە لایەن تورکیا درانە دادگا. لە دانیشتنی دادگادا یەکێک لە منداڵەکان گوتی کە واتای ئەو سروودەم نەزانیوە. هەروەها گوتی لەسەر داوای بەشداربووان سرودەکەمان گوت و ئامانجمان پروپاگەندە نەبووە بۆ هیچ رێکخراوێک. داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا داوای 5 ساڵ سزای زیندانیان بۆ دەکات.

# هەڵمەتی هەزار واژۆ بۆ باکووری کوردستان

## شەرەفەدین ئالچی: پەرلەمانتارە کوردەکانی AKP تەها یاسین رەمەزانەکانی باکوورن

**عەبدولڕەحمان عەلی**
**رودواو – هەولێر**

بەدەستپێشخەری ئەنستیتۆی کوردی پاریس، سیاسەتمەداران، رۆشنبیران، هونەرمەندان و هەر سێ پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک، پارتی دیموکراتیک و پارتی ماف وئازادییەکان هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی ئیمزایان لەژێر ناوی "بانگی چارەسەری پرسی کورد لەتورکیا" دەستپێکرد، لەیاداشتنامەیەکدا داوا لەدەوڵەتی تورک دەکەن دەست لەنکۆڵیکردنی گەلی کورد هەڵبگرێ.

وا بڕیارە ئەو یاداشتنامەیە لەلایەن 1000 کەسەوە واژۆ بکرێت، پاشان پێشکەشی رای گشتی کوردستان و تورکیا بکرێت. لەو یاداشتنامەیە داوا لەدەوڵەتی تورکیا کراوە کە مافەکانی گەلی کورد بەفەرمی بناسێ و لێبوردنێکی گشتی بۆ سەرجەم زیندانییە سیاسییەکانی کورد دەربکات و پەروەردەش بەزمانی زکماکی ئازاد بکات.

شەرەفەدین ئالچی، سەرۆکی پارتی دیموکراتیک (Kadep)، کە پارتەکەی یەکێکە لەبەشداربووانی هەڵمەتی 1000 واژۆکە لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "لەبەرامبەر ئەوانەی کە نکۆڵی لەبوونی کورد دەکەن سیاسەتێکی هاوبەش دەگرینە بەر، دەمانەوێ وەکو کورد پەیامێکی هاوبەش بدەینە جیهانیان و رای گشتی تورکیا".

هەروەها سێرتاج بوجاک سەرۆکی پارتی ماف و ئازادییەکان (Hak-Par) ئاماژەی بەوەدا کە ئەو هەڵمەتە کاری پارتە کوردییەکان نییە "بەڵکو کاری ئەنستیتۆتی کوردە لەپاریس و سێ پارتی کوردیش پشتگیری دەکەن".

سێرتاج سەبارەت بەوەی کە ئایا بەشداریکردن لەو هەڵمەتەدا دەتوانێت ببێتە مایەی یەکگرتنی لایەنە سیاسییەکانی کورد لەباکووری کوردستان، گوتی "بەداخەوە هێشتا پەیوەندییەکانمان زۆر قووڵ نەبوونەتەوەو تەنیا لەچوارچێوەی ئەو هەڵمەتەی واژۆ کۆکردنەوەدا ماوەتەوە، بەهیوام ئەو هەڵمەتە ببێتە بنەمایەک بۆ یەکگرتنی لایەنەکانی کورد لە باکوور".

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی نووسەر و رۆشنبیر و سیاسی کورد لەباکوور و دەرەوەی کوردستان پشتگیری لەوهەڵمەتە دەکەن، لەهەمانکاتدا هەندێک لەنووسران و رۆشنبیران رەخنەی لێدەگرن.

رۆژنامەڤان عارف زێرەڤان، خاوەنی سایتی Nefel.com رەخنەی لەناوەڕۆکی بانگەوازەکەی ئەنستیتۆی کورد گرت و گوتی "لەتێکستەکەی کەنداڵ بۆنی رێبەری PKK، عەبدوڵڵا ئۆجەلان دێت" و هەر لەبەر ئەوەش واژۆی ناکات. زێرەڤان هەروەها گومان لەوە دەکات کە "پێدەچێ بۆ ئامادەکردنی ئەو دەقە هەماهەنگییەک لەنێوان ئۆجەلان و نەزاندا هەبوو بێت".

ئەو رۆژنامەنووسە رەخنەشی لەسیاسەتی ئێستای ئەمریکا و ئەورووپا گرت بەرامبەر بەکوردانی باکوور و گوتی "ئەوانە لەجیاتی ئەوەی دۆزی کورد بەرەو پێش بەرن، بەرەو پاشیان بردووە، دۆزەکەیان خستووەتە چوارچێوەی هاووڵاتیبوونی تورکیا و تەنیا باسی مافە کولتوورییەکان دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە کۆمیتەی بەڕێوەبەری تەڤکورد "تەڤگەرِی یەکێتی نەتەوەیی کورد" لەدیاربەکر بەتوندی رەخنەی لەناوەرۆکی یاداشتنامەکە گرت "چونکە باس لەمافی چارەی خۆی نووسین و سیاسیبوونی پرسی کورد نەکراوە، بەڵام لەبەر خاتری هاریکاری و رێککەوتن لەنێوان کورداندا، یاداشتنامەکەمان واژۆ کرد".

هەر لەیاداشتنامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە کورد خوازیاری ئەوەیە وەک دراوسێ و براکانی خۆیان ببنە خاوەن مافەکانیان، لەسەر ئەوەش داکۆکی کراوە کە شەڕ و توندوتیژی چارەنووسی هیچ کۆمەڵگایەک نییە و پێویستە نەشبێت.

ئالچی سەبارەت بەپرسی PKK و کورد لەتورکیا گوتی کە پرس، پرسی PKK نییە بەڵکو پرسی نەتەوەیەکەو دەبێ ئەو پرسەش لەرێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکرێت. ئالچی گوتی" تورکیا 25 ساڵە پێ لەسەر چارەسەری سەربازی دادەگرێت، بەڵام کوا؟ ئایا ئەو پرسە چارەسەر بوو؟ بۆیە دەبێ دەوڵەتی تورکیا دەست لەتوندوتیژی هەڵبگرێت، هەروەها PKKش رێگای دیالۆگ بگرێتە بەر".

لەو یاداشتنامەیەدا ئەوە بەبیر تورکیا هێنراوەتەوە کە لەدەستپێکی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تا ئێستا نکۆڵی لەمافەکانی گەلی کورد کراوەو هێشتا لەناو سەدان کەناڵی تەلەفزیۆنیدا تەنێ یەک کەناڵیش بەکوردی پرۆگرامەکانی بڵاو ناکاتەوە.

زێرەڤان، لەو باوەڕە دایە تورکیا لەژێر گوشاری ئەوروپا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی زۆرینەی داخوازییەکانی ئەو یاداشتنامەیە جێبەجێ بکات، لەهەمانکاتدا دەپرسێت "ئایا بەجێبەجێکردنی ئەو داخوازییە فەردییانە پرسی کورد لەباکووری کوردستان کە پرسی نەتەووەو خاکە چارەسەر دەبێت؟".

لە دەقی یاداشتنامەکەدا هەروەها بەرپرسیاری زلهێزەکانی جیهان وەک ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا لەبێچارەسەر هێشتنەوەی پرسی کورددا بەبیردەهێنرێتەوەو داوا لەو هێزانە دەکرێت کە یارمەتی سیاسەتی نکۆڵی دەوڵەتی تورکیا نەدەن.

سەرۆکی کادەپ دەڵێ "بێجگە لەدەوڵەت و حکوومەت پەرلەمانی تورکیا و موخاتەبی سەرەکی ئێمە لەو یاداشتنامەیەدا یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکایە، دەبێ ئەوان گوشار بخەنە سەر تورکیا تا کێشەی کورد لەرێگای دیموکراسی و دیالۆگەوە چارەسەر بکات".

بەپێی زانیارییەکانی تەیب تەمەل، سەرنووسەری رۆژنامەی ئازادیاوڵات هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژۆ بەرەو کۆتایی دەچێت و لە ئامانجی دەستپێکی ئەو هەڵمەتە نزیکبوونەتەوە. تەمەل گوتی" ئامانجێکی دیکەی ئەو هەڵمەتە ئەوەیە کە لەباکووری کوردستان شەڕی چەکداری و توندوتیژی دەوڵەت کۆتایی پێ بێت و دەوڵەت ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی راوەستێنێت رێگا بۆ ئاشتی بکاتەوەو رەوشەکە ئاسایی ببێتەوەو بەو پێیەش هێدی هێدی بوار بۆ چەکدارانی PKKخۆش بێت".

سەرنووسەری رۆژنامەی ئازادیا وڵات بەخۆشبینییەوە درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت "یەکەمجارە سەرجەم رێکخراوەکانی کورد لەباکوور و بەیارمەتی و دەستپێشخەری ئەنستیتۆی کوردی پاریس و هەروەها لەژێر پاڵپشتی مەعنەوی باشووری کوردستان و لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی یەکیانگرتووە، ئەوەش هەنگاوێکی گرنگە".

تەیب تەمەل گوتیشی "مەرج نییە باشووری کوردستان راستەوخۆ پشتگیری ئەو هەڵمەتە بکات، بەڵام وەک دەزانن کەنداڵ نەزال پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی کوردستاندا هەیە".

یاداشتنامەکە ئاماژەی بەجۆرێک لەسیستەمی خۆبەڕێوەبردن بۆ باکوور کردووە گەلۆ ئەوە دەچێتە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمییەوە. تەمەل لەو بارەیەوە دەڵێ" ئەو هەڵمەت و بانگەوازە شتێکی دەستپێکە، بەڵام وەک دەزانن داخوازی گەلی کورد لەباکوور لەوە زیاترە. بەس ئەوە بۆ دەستپێک باشە".

هەر لەیاداشتنامەکەدا داوا لەکەسانێکی وەک تۆنی بلێر، مارتی ئەهتیساری، فیلیپە گونزالس و بێرنارد کۆشنەر کراوە کە لەچارەسەرکردنی پرسی ئیرلەندا، باسک، کاتالان و کۆسۆڤۆدا خاوەن ئەزموونن، لەنێوان کورد و تورکدا ناوبژیوانی بکەن.

ئالچی پێیوایە کە پرسی کوردیش وەک پرسی کۆسۆڤۆ و کاتالۆنیا و پرسەکانی دیکەی جیهان وایە، وەک چۆن ئەو کەسایەتییانە خاوەنداریێتییان لەو پرسانە کردووەو چارەسەرییان بۆ دۆزیوەتەوە دەبێ وەهاش پرسی کورد چارەسەر بکەن، "چونکە ئەو پرسە نە بەئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکان و نە بەشەڕی چەکداری PKK چارەسەر دەکرێت".

هەروەها داوا لەدەوڵەتی تورکیا دەکات لێبوردنێکی گشتی بۆ سەرجەم سیاسییە کوردەکان دەربکات. سەبارەت بەوەی کە گەلۆ ئەو داخوازییەی ئەوان عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانی PKKش دەگرێتەوە شەرەفەدین ئالچی دەڵێ "داخوازییەکەی ئێمە گشتییەو ئاماژەمان بەناوی هیچ کەس نەکردووە، بەڵام سروشتییە ئەگەر لێبوردن گشتی بێت هەموو کەسێک دەگرێتەوە".

پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا هەمیشە شانازی بەوە دەکات 75 کەس لەپەرلەمانتارەکانی کوردن، ئالچی بەتوندی هێرش دەکاتە سەر پەرلەمانتارە کوردەکانی AKP و دەڵێت "کوردانی ناو AKP لەخزمەتی تورک و بەرژەوەندییەکانی پارتەکەیاندان، ئەوانە کوردایەتی ناکەن، پرسەکە ئەوە نییە کە کێ کوردە، مەگەر تەها یاسین رەمەزان کورد نەبوو؟ بەڵام خۆ نەیاری پێشمەرگەو هێزە کوردستانییەکان بوو و لەخزمەتی عەرەبدا بوو. کوردانیAKP تەها یاسین رەمەزانەکانی باکوورن و خزمەت بەدۆزی کورد ناکەن".

## لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا

# کورد لە کەرکووک لەبەردەم هەڕەشەی تێکشکاندایە

**رووداو – کەرکوک**

لەکاتێکدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نزیک بووەتەوە، بەڵام کورد لە کەرکووک هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووەو بەرەی تەوافوقیش دەیەوێت هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە بازنەیی بێ نەک رێژەیی،واتە دەنگ بدرێ بە تاکە کەس نەک لیست، بەرەی تورکمانیش دەیەوێت بەتۆمەتی ئەنجامدانی ساختەکاری سکاڵا لەسەر کورد تۆمار بکات.

ئاوات محەممەد، ئەندامی لیستی برایەتی لەئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند" تاوەکو ئێستا قسە لەسەر ئەوە نەکراوە کە کورد چۆن بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بکات، هەرچەندە یەکێتی و پارتی لەرێککەوتنە ستراتیجییەکەی خۆیاندا باسیان لەوە کردووە کە بەیەک لیست بۆ هەموو هەڵبژاردنەکان دابەزن، بەڵام سەبارەت بەحیزبە کوردستانییەکانی دیکە، تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە چۆن بەشدار دەبن".

بەپێی وتەی ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک، بڕیارە لەمانگی 5ی ئەمساڵدا کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لایەن بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە تۆماربکات.

لە دەرەوەی لیستی کوردی، هەردوو لیستی عەرەب و بەرەی تورکمانی لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەو مەسەلەیە و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بەشداریکردنێکی چالاکانە. وەسفی عاسی،کە عەرەبێکی سوننەیەوسەرۆکی گردبوونەوەی عەرەبییە لە کەرکوک بە (رووداو)ی راگەیاند"ئێمە لەهەوڵی خۆ ئامادەکردنداین بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنەو دەمانەوێت هەموو ئەو کەسانە بەتایبەتیش برا عەرەبەکانمان ئەوانەی فۆرمیان کەرکووکە بەشداری بکەن".

لەلایەکی دیکەوە بەرەی تورکمان بەنیازە سکاڵای یاسایی لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەسەر کورد تۆمار بکات، حەسەن تۆران، ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی بە (رووداو)ی راگەیاند" دەزانین لە ئێستاوە کوردەکان دەستیان کردووە بەساختەکاری و لەسێ مانگی رابردوودا 72 هەزار کورد فۆرمیان لەهەولێرو سلێمانییەوە گواستووەتەوە بۆ کەرکووک، هەر بۆیە ئێمە سکاڵای یاسایی خۆمان دەکەین، چونکە ئەوان دەیانەوێت وەکو هەڵبژاردنەکانی دی کاری ساختەکاری بکەن، ئێمەش وەکو بەرەی تورکمانی ئامادەکاری باشمان کردووە بۆ ئەو هەڵبژاردنە".

بەڵام تەحسین کەهیە، لە یەکێتی ئیسلامیی تورکمانی عێراق کە ئێستا لە بەرەی تورکمانیەوە نزیکە، دانی بەوەدا نا کە ئەو هەڵاواردنەی بۆ فۆرمەکانی ئاوارە و هاوردەکان لە چوارچێوەی کارەکانی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی 140 لە هەولێر دەکرێ زۆر ورد و دروستە.

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەکی ئاگادار تاوەکو ئێستا یەکێتی و پارتی رێکنەکەوتوون کە پۆستی پارێزگار بۆ کامیان بێت و ململانێ لەنێوانیاندا دروستبووە لەسەر ئەو پۆستەو ئەمەش بووەتە هۆی نەبوونی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

سەرچاوەیەکی ئاگادارلەوکۆبوونەوانەی یەکێتی و پارتی لەسەر کەرکووک ئەنجامی دەدەن بە (رووداو)ی راگەیاند "تاوەکو ئێستا حیزبە کوردستانییەکان بەهۆی رێکنەکەوتن لەسەر پۆستەکان هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەکردوە، لەکاتێکدا عەرەب و تورکمانەکانی ئەو شارە لە ئێستاوە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ ئەو مەبەستە".

سەرچاوەکە ئەوەشی نەشاردەوە کە پێداگیری لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا هەیە بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگار، چونکە ئەوان سوورن لەسەر گۆڕینی پارێزگاری بێلایەنی ئێستای کەرکووک و بەحیزبیکردنی ئەو پۆستەش.

لەبارەی مانەوەی وەکو پارێزگاری کەرکووک، عەبدولڕەحمن مستەفا، ئاماژەی بەوەدا تا ئێستا دیار نییە دەمێنێتەوە یان نا، ئەو بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەگەر هەردوو حیزبی کوردی منیان پێ باش بوو، ئەوا دەمێنمەوە ئەگەرنا منیش واز لەو پۆستە دێنم و با بدرێت بەکەسێکی دیکە، پێشموایە لەماوەی کارکردنمدا بێ هیچ ململانێیەکی حیزبی کارم کردووەو گوێم بەقسەی هیچ حیزبێک نەداوە لە کارەکانمدا".

ئەندام پەرلەمانێکی عێراقی ئاگادار لەکێشەی کەرکوک بە (رووداو)ی راگەیاند،بڕیارە لەکۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر ئەوە بدرێت کە هەڵبژاردنەکە بەشێوەی لیست بێت یان بازنەیی.بەڵام کورد دەیەوێت بە لیست بێ، واتە رێژەیی.

عەلی ساڵەیی،ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک، لەسەر لیستی برایەتی کەرکووک، پێیوایە دەبێت لیستی کوردستانی بەوردی خۆی ئامادەبکات بۆ ئەو هەڵبژاردنە "ئەگەر وا بڕوات مەترسییەکی گەورە بۆ شارەکە دروستدەبێت، چونکە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە بەلیست نەبێت زیانی کوردی تێدایە و بەرژەوەندی کورد لەکەرکووکدا لەیەکگرتوویی دایە".

# تورکیا قەندیلی بۆردمان کردەوە و ئەمریکاش پشتگیری کرد




چەند بارهەڵگرێکی سەربازی تورکیا کە چەک و تەقەمەنی بەرەو سنوور دەبەن
(فۆتۆ:DIHA) 2008/5/1

**ئەسکەندەر حەمەد ئەمین**
**رووداو – پشدەر**

کاتژمێر11:30ی شەو تا 2ی بەرەبەیانی 2008/5/1 یەکە ئاسمانییەکانی سوپای تورکیا بارەگاکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK یان بۆردومان کرد و لەئەنجامدا 4 گەریلای PJAK کوژران و، کۆشکی سپیش پشتگیری خۆی بۆ هێرشەکە دووپاتکردەوە.

هەروەها کاتژمێر 12ی نیوەڕۆی رۆژی 5/1 بۆ جارێکی دیکە فرۆکەکانی سوپای تورک بەسەر ئاسمانی قەندیلدا سووڕانەوە بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێک بۆردومان بکەن، ئەم سوڕانەوەیەش بۆ جارێکی دیکە ترس و دڵەڕاوکێی لەلای دانیشتووانی بناری قەندیل دروستکردەوە.

ئازاد وسو، بەڕێوەبەری ناحیەی ژاراوە لەبارەی ئەوبۆردومانانە لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆردومانەکە لە 11.30 شەوەوە دەستی پێکرد و تا 2ی بەرەبەیان درێژەی هەبوو، لەئەنجامدا 8 گوندی ناحیەی ژاراوە بەر بۆردومانەکە کەوتن، بەڵام زیانی گیانی بەدواوە نەبوو، چونکە پێشتر خەڵکەکە گوندەکانیان چۆڵکردبوو

وسوو ئەوەشی راگەیاند کە گوندەکانی دۆڵی شناوێ، پشت مارەدوێ، گردی رێمکان، دۆڵە کۆگە، شاخی سادری، بەخەستی لەلایەن فرۆکەشەڕکەرکانی تورکیاوە بۆردومان کران و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لەسنووری سەنگەسەریش چەندین شوێن بەر ئەو بۆردومانە کەوتووە.

هەر دوا بەدوای بۆردومانەکە، گۆردن جۆردۆ وتەبێژی کۆشکی سپی پشتیوانی ئەمریکای بۆ ئەو بۆردومانە دووپاتکردەوەو رایگەیاند "ئەو هێرشانەی تورکیا دژی پارتی کرێکارانی کوردستانە، کە رێکخراوێکی تیرۆرستییە، بۆیە ئەمریکا و تورکیا و عێراق پێکەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هاریکاری یەکتر دەکەن".

هەر چەندە ئاژانسی فرانس پرێس لەسەر زاری سوپای تورکیای گواستۆتەوە کە 150 چەکداری PKK لەو ئۆپەراسیۆنەی دوای کوژراون، بەڵام ئەحمەد دەنیزی بەرپرسی پەیوەندییەکانی PKK ئەو هەواڵەی رەتکردەوەو بەئاژانسەکانی هەواڵی راگەیاند " تەنیا 6 گەریلا شەهید بوونە، بەڵام تورکیا دەیەوێت لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە شەڕی دەروونی لەگەڵ گەلی کورد و PKK بکات".

هەر لەو پەیوەندیەدا عەبدوڵڵا ئیبراهیم بەڕێوبەری ناحیەی سەنگەسەر، لەبارەی بۆردومانەکەی تورکیا بە (رووداو)ی راگەیاند" لەسنوورەکەی ئێمەش کورتەک، سەروچاوەی ئەستێرۆکان، گوندی بۆکریسکان، پشتی ئاشقوکە بۆردومان کراون، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبووە".

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی بەرپرس لەبناری قەندیل کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بۆ (رووداو) گوتی ئەو خەڵکانەی کە لەگوندەکانیاندا مابوونەوە بەشەو لەترسی بۆردومانەکە پەنایان بۆ ئەشکەوتەکان بردبوو، سەرچاوەکە داواشی لەدانیشتوان کرد ناوچەکە جێ بهێڵن بۆ ئەوەی سەلامەت بن.

هەر سەبارەت بە هێرشە ئاسمانییەکەی هەفتەی رابردووی سوپای تورکیا، ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی PKK رایگەیاند بۆ ماوەی سێ کاتژمێر فرۆکەکان چەند جارێک بۆردومانی قەندیلیان کرد. دەنیز گوتی" فرۆکەکان زۆر بوون، بەڵام ژمارەکەیان نادیار بوو چونکە لەکاتی بۆردومانەکەدا گڵۆپەکانیان دەکوژاندەوە".

ئەو هەروەها گوتی "کەمپەکانی PJAK زیاتر بوونەتە ئامانج و لەبەر ئەوەی تا ئێستا پەیوەندیمان لەگەڵیان دروست نەبووە ژمارەی شەهیدو بریندارەکانیان دیار نییە"، بەڵام بەپێی هەواڵێکی سایتی رادیۆی نەوا، سەرچاوەیەکی نزیک لەPJAK رایگەیاندووە کە 4 گەریلای PJAK لەئەنجامی هێرشەکە کوژراون.

ماوەیەک لەمەوپێش دوانزەهەمین کۆبوونەوەی کۆمیسۆنی باڵای ئاسایشی تورکیا و ئێران ئەنجامدرا لەو کۆبوونەوەیەدا کە 5 رۆژی خایاند رۆژەڤی سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیە PKK و PJAK و هاریکاری ئەو دوو وڵاتە لەدژیان بوو.

دەنیز بەئاماژە بەرێککەوتنامەی ئاسایشی نێوان ئێران و تورکیا دووپاتیدەکاتەوە کە ئەو دوو وڵاتە دەیانەوێت بەهەر جۆرێک بێ ژیان لەدانیشتوانی بناری قەندیل تاڵ بکەن بەشێوەیەک دەڤەرەکە چۆڵ ببێت و ئەوانیش ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەدژی PKK و PJAK ئەنجامبدەن.

# تاراوگە



## لە سویسرا پەنابەرێکی کورد بە چەقۆ کوژرا

دلبخوین دارا- ئەڵمانیا

◆ لە شاری بێرنی سویسرا پەنابەرێکی کورد بەناوی باوەڕ ئاڵتان، تەمەن 38 ساڵ، لەلایەن کەسێکی تورکەوە بەرچەقۆ دراو دەستبەجێ گیانی لەدەستدا. دوو کەس لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیر کراون و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە. ئاڵتان خەڵکی نسێبینی باکووری کوردستانە و بەهۆی کێشەی سیاسییەوە 6 مانگ لەمەوبەر چووبووە سویسراو داوای مافی پەنابەری کردبوو. پێشتر بە تاوانی ئەندامێتی PKK ماوەی 12 ساڵ لە تورکیا لە زینداندا بووە.

# 200 هەزار کوردی جوولەکە لە ئیسرائیل دەژین



بەشیر سەبری بۆتانی
hunername@hotmail.com

**ڕووداو – ئیسرائیل**

ڕۆژی 8 /2008/5 بۆ گەلی جوولەکە بۆنەیەکی زۆر یەکتا و پیرۆزە، ئەویش یادی 60 ساڵەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلە، کە بە عیبرانی پێیدەڵێن (یەوم هە تێسمەعووت). ئیدی لە کۆتایی نیسان تا 5/8 گەلێک سەمینار و پرۆگرامی کولتووری وجەماوەریی لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە ئامادە دەکرێن و لەلایەن کۆمپانیا هونەرییەکانیشەوە زۆر ئاهەنگی موسیقایی ئامادە دەکرێن . لە هەمووشوێنێکی ئیسرائیل ئاهەنگ دەکرێن و یەکێک لە بە ناوبانگترین ئەو ئاهەنگانەش، ئاهەنگی جوولەکەکانی کوردستانە،بە تایبەتی ئەوانەی کە بە دۆل و زوڕنا پێشکێش دەکرێن.

دوای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی 1948 جوولەکە لە هەموو لایەکی جیهانەوە ڕوویانکردە ئیسرائیل، کە بەشێکیان کولتووری خۆی پاراستووە.

خراپترین کاریش ئەوەبوو کە عێراق و ئێران ساڵی 1950 بڕیاری لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەیان لەوهاووڵاتیانەیانداو،بڕیاری دەرکردنیان دان و دەستیان بەسەر هەموو ماڵ و موڵک وپارەیەکیان داگرت،جگە لەوە بە دزییەوە فرۆشران. هەروەها گەلێک زۆر لە جوولەکەکانی عێراق کەوتنە زیندانان و لە بن ئەشکەنجەدا ڕەوشیان زۆر تێکچوو و ئەو بەشەی کە مایەوە لە نێوان 1961 تا 1974 دا ساڵ بە ساڵ بە یارمەتی بزتنەوەی کورد لە ڕێگەی ئێرانەوە گەیشتنە ئیسرائیل. لەو ساڵەی کە شەڕی عێراق و ئێران دەستی پێکرد و تا پێش کەوتنی سەددام، گەلێک خەڵکی بە ڕەسەن جوو یابنەجوو لە لایەن ڕژێمی عێراقییەوە کوژران و هەندێک لە لایەن وەزیر و کاربەدەستانی عێراقەوە دەفرۆشرانە ئیسرائیل . من پەیوەندییەکی باشم لە گەل جوولەکەکانی کوردستان و عێراق هەیە، بۆیەش بە زانیارییەوە دەبێژم بەفرۆشتنی ئەو جولەکانە زیانێکی گەورە بەر عێراق و ئێران کەوت.

### جوولەکەکانی کوردستان

ژمارەی جوولەکەکانی زاخۆ لە کوردستان 5 هەزار بوو، ئێستا ژمارەیان لە ئیسرائیل گەیشتووەتە زیاتر لە 40 هەزار کەس و ئەوانیتر خەڵکی دهۆک، سندۆر، بامەڕنێ، ئامێدی، نێروە، زێبار، ئاکرێ، مووسل، هەولێر، کۆیە، سلێمانی، خانەقین، کەرکووک، ورمێ، بۆکان، سەقز، کرماشان، قامشلۆ و باکووری کوردستانن. زۆربەیان بازرگان و جووتیار بوون و هەندێکیشیان وەستا، کرێکار و دوکاندار بوون.

ئێستا ژمارەی جوولەکەکانی کوردستان لە ئیسرائیل دەگاتە 200 هەزار کەس و بەشێوەیەکی زۆر باش کولتووری کوردییان پاراستووە،وەک نەریتەکانی شایی کوردی، سوننەتکردنی کوڕان، جەژنی کەپرەشینا و زۆر شتی دیکە.

### جوولەکەکانی عێراق

جولەکەکانی عێراق ئەوانەن کە لە نێوەڕاست و باشووری عێراق دەژیان و زۆربەیان بازرگان، سیاسی، هۆستا و هونەرمەند بوون و لە عێراق بە پێشەنگی سۆسیالیزم و دیموکراسی و موزیک دەژمێردران. ئەمرۆ ژمارەیان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئیسرائیل دەگاتە 300 هەزار کەس، ئەوانیش کولتووری عێراقی خۆیان بەباشی پاراستووە.

کەمانچەژەنی جوولەکە ساڵح کوێتی لە کاتی خۆیدا مەزنترین موزیکژەنی عێراق بوو، ئەوسا هونەرمەند حەسەنێ جزیری ناوی لە سترانی (کەڤۆکم) دا هێنا و، براکەیشی داود کوێتی بە یەکێک لە مەزنترین مەقامبێژانی عێراق دەژمێردرا، کە ئێستا گۆڕی هەردووکیان لە ئیسرائیلن.

لە ساڵانی نێوان 1940–1950 دا 250 میوزیکژەن لە بەغدا هەبوون، لەوانە 247 کەسیان جوولەکە بوون، ئەوانیتریش کریستیان و موسلمان بوون و هەموویان میوزیکی عەرەبی و کوردییان دەژەنی.



دوو هونەرمەندی کوردی جولەکە لە ئاهەنگێکی کوردیدا لە ئیسرائیل

## گەنجێکی کورد:

# ئەگەر کوژرام پارتی بەرپرسیارە



سلێمانێ ئالیخان
silemani__alixani@yahoo.com

**ڕووداو– ئەڵمانیا**

(ع. ب) گەنجێکی کوردی 25 ساڵییە. خەڵکی باشووری کوردستانە و چەند ساڵە لە ئەڵمانیا دەژیت. ماوەیەکە تووشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت.

ئەو گەنجە کوردە کە باوک و کەسوکاری لە کوردستان دەژین و ئاگایان لە مەسەلەکە نییە، بە هیچ شێوەیەک رازی نەبوو وێنەکەی بە ڕوونی لە ڕۆژنامەکەماندا دەربکەوێ. لە سەر ئەم کێشەکەشی بۆ (ڕووداو) پەیڤی و گوتی"پێش ماوەیەک کچێکی کوردم بینی کە لە ماڵ رایکردبوو و لە ڕەوشێکی دەروونی زۆر خراب دا بوو، داوای لە من کرد کە بیگەیێنمە شوێنێکی ئارام. منیش وەکو کوردێک دڵم پێ سووتا و یارمەتیم دا و گەیاندمە شوێنی مەبەست کە نەخۆشخانەبوو".

کچەکەش وەک (ع.ب) باسی لێوەدەکات هاوتەمەنی ئەوە و لە بنەماڵەیەکی عەشایرییە. کاتێکی درێژ بوو خزم و کەسوکاری بەدوای دەگەڕان و پێش ماوەیەک زانیان کە (ع.ب) بە شوێنی کچەکەیان دەزانێت. لە سەر ئەم مەسەلەیە (ع.ب) گوتی "گەلێک خێزانی کورد لەم شارەدا هەیە و زۆربەیان ئاگاداری مەسەلەی من و کچەکە بوون، یەکێکیشیان بەرپرسی لێژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەم هەرێمە، کە پێش ماوەیەک سەردانی باوکی کچەکە دەکات و پێیدەڵێت:ئێمە شوێنی کچەکەت دەزانین و پیشانتدەدەین. دواتر بە ڕێگای خزمێکەوە، هەمان بەرپرسی پارتی پەیوەندی بەمنەوە کرد و داوای ئەدرەسی کچەکەی کرد و بەڵێنیان دامێ ئەگەر شوێنی کچەکەیان پێشانبدەم. ئەوان باسی من ناکەن و ناوی لای کەسوکاری کچەکە ناهێنن. منیش لەسەر بەختی ئەو بەرپرسە، ئەدرەسی کچەکەم دایێ، ئەوانیش دایانە بنەماڵەی ئەو کچە و کچەکەیان بردەوە ماڵ".

لێرە کێشەی دیارنەمانی کچەکە کۆتایی هات، بەڵام کێشەی گەنجە کوردەکە لەوێوە دەستییپێکرد. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت"دوای گەڕاندنەوەی کچەکە بۆ ماڵ، کەسوکاری تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوتیان کچەکەمان لای تۆ بوو و تۆ ئەوت شاردبوو و هەڕەشەی کۆشتنیان لێکردم و هەر بەردەوام بوون لەسەر تەلەفۆن کردن، دواتر بە چەک و دەمانچە چوونە سەر ماڵی هەڤالێکی من و لە ژێر هەڕەشەی کوشتن، ئەدرەسی منیان لێ سەند و گوتیان ئێمە خۆمان تووش ناکەین، بەڵام بە پارە هەموو شتێک دەکەین و سوێندیان خواردووە کە بمکوژن".

هەڵبەت لە سەرەتای کێشەکە (ع.ب) پەیوەندی بە پۆلیسی ئەڵمانیەوە کرد. بەڵام دیارە پۆلیسیش بە گرنگی وەرنەگرتووە بۆیە گوتیان دوای دە ڕۆژی دیکە وەرە لامان و سکاڵاکەت دژی ئەو کەسانە تۆمار بکە. لە سەر ئەم مەسەلەیە ئەو گەنجە کوردە دەڵێت"سەرەتا ئاگاداری بەرپرسانی پارتیم کرد، بەڵام وەکو دیاربوو ئەوان کەمتەرخەمن و ئاگایان لە گرفتی من نییە. لەکاتێکدا پێویستە ئەوان ئەم کێشەیە کۆتایی پێ بێنن، چونکە ئەوان منیان تووشکرد. لەلایەکی دیکەوە ئەو بنەماڵەیەش لایەنگری پارتینە و پارتی دەتوانێت ئەوان ڕاوەستێنیت، هەروەها ئاگاداری پۆلیسی ئەڵمانیشم کردووە و ئەوانیش لێکۆڵینەوە دەکەن، بەڵام بە بڕوای من کێشەکە بە ڕێگای ئەوان چارەسەرنابێت و دەبێت لە ناوخۆماندا چارەسەری بکەین". لە کۆتاییشدا گوتی"بە ڕاستی ئەگەر شتێکم لێهات یان کۆژرام. پارتی بەرپرسیارە". بە گوێرەی قسەی بەرپرسانی پارتیش "باوکی کچەکە بەڵێنی دابوو کە هیچ نەکات، بەڵام دیارە ئێستا پەشیمان بووەتەوە".

چەند جار هەوڵماندا بە تەلەفۆن پەیوەندی بە بەرپرسی ناوچەی پارتییەوە بکەین، بەڵام تەلەفۆنی داخستبوو. دواتر ئەندامێکی هەمان ناوچەی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تا ئێستا هیچ ڕووینەداوە و هیواداریـن هیچیش ڕووندات، لە هەمان کاتدا من باوەڕناکەم باوکی کچەکە مرۆڤێکی ئەوەندە نەزان بێت و خۆی تووشی کێشەیەکی وا بکات لەگەڵ حکومەتی ئەڵمانی".

## ڕۆماننووسێکی گەورەی هۆڵەندی:

# بۆ ئەوەی ببم بە نووسەر لە کوردستان بوومە پێشمەرگە



قادر عەبدوڵڵا

**ڕووداو – ئەمستەردام**

ئەم ڕۆژانە، هەموو ڕۆژنامەکانی هۆڵەندا بە دوای قادر عەبدوڵڵا وەن. هۆیەکەیشی ئەوەیە کە تازەترین کتێبەکانی ئەو نووسەرە بە نێوبانگە کەوتوونەتە بازاڕەوە. قادر عەبدوڵڵا 20 ساڵ پێش ئێستا بە خۆی و جانتایەکییەوە هاتووەتە هۆڵەندا و بووەتە پەنابەر. هەر لە سەرەتاشەوە خەونی گەورەی ئەوە بووە کە ببێ بە نووسەرێکی چاک. ئێستا دوای 20 ساڵ، هیچ کەس ناتوانێت باسی ئەدەبی هۆڵەندی بکات و خۆی لە ناو و ڕۆمانە بڵندەکانی ئەو وەک یەکێک لە گەنجینەکانی ناوی ببوێرێت.

کتێبە تازەکانی عەبدوڵڵا دەربارەی ئیسلامن. یەکێکیان ناوی نێردراوە و ئەویتریشیان وەرگێڕانێکی شیعرییانەی قورئانە. ئەو دەڵێت: پاش تەواوکردنی ڕۆمانەکەی پێشترم بە ناوی ( ماڵی مزگەوت)ەوە، بڕیارمدا کار لە سەر ئەو ڕووەی دیکەی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی بکەم کە لە سەرتاسەری دنیادا زۆر شێوێندراوە. بۆیەش بڕیارمدا کە قورئان بە دوور لەو زمانە وشکەی خەڵکیتر وەریانگێڕاوە و کردوویانەتە دەقێکی وشکی تۆقێنەر، بە زمانێکی شیعرییانە و سادەتر وەرگێڕم. هەروەها دەڵێ "سەرەڕای باوەڕنەبوونیشم بە ئایینێکی دیاریکراو، بەڵام نەمتوانی سەرسامیی خۆم بۆ زانایی پەیامبەری موسوڵمانان لە سەردەمی خۆیدا بشارمەوە، بۆیە ڕۆمانێکیشم لە سەر ژیانی وی نووسی".

قادر عەبدوڵڵا لە تازەترین دیداری ڕۆژنامەوانیی خۆی لەگەڵ ڕۆژنامەی فۆڵکسکرانتدا، باس لەوە دەکات کە چۆن لە هەشتاکاندا وەک چەپێکی ئازادیخوازی ئێرانی ڕووی لە چیاکانی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی ببێتە پێشمەرگە و دەڵێت:" ئەو کات بە خۆمم گوت، دەبێ بڕۆمە کوردستان و لەوێ ببم بە نووسەر. لە ڕاستیدا من چووبوومە ناو قورگی شێرەوە، چونکە وەک هەموو کوردەکان، چەکێکم لە شانکردبوو و هەوڵمدەدا دەنگی کوردان ببیستریت!".

# مەکدۆناڵدس ل تەمبەلیا کوردان بێزار بوو




**ڕووداو – ئەڵمانیا**

چەند ڕێستۆرانتێن ماکدۆناڵدس ل ڕۆژئاڤایا ئەڵمانیا بڕیار دایە کو ئێدی کارکەر و کارمەندێن کورد و عەرەب یێن عێراقی وەرنەگرن!.

هەرچەندە د یاسا و پلانێ کارێ ڕێستۆرانتێن ماکدۆناڵدس دا نینە کو کەسێن عێراقی یان هەر مللەتێکی دی نەهێنە وەرگرتن. لێ ڕێڤەبەرێن چەند ژ وان ڕێستۆرانتان ل هەرێما نۆردراین ڤێستفالن یا وەڵاتێ ئەڵمانیا بڕیار دایە کو چیتر کارکەرێ عێراقی وەرنەگرن. هەرچەندە نۆکە ژی هندەک عێراقێ "کورد و عەرەب" کار لێ دکەن. سابر بەرواری هاریکارێ ڕێڤەبەرێ ئێکێکە ژ ڤان ڕێستۆرانتانە ل سەر ڤێ بڕیارا هندەک ماکدۆناڵدسان ژ (ڕووداو) را وەها پەیڤی "بۆ ماوەیێ چەند ساڵان، ژمارەیەکا گەنجێن کوردێن باشوورێ کوردستانێ ل ڕێستۆرانتێن ماکدۆناڵدس ل ڤێ دەڤەرێ کاردکرن، لێ ژ بەر تەمبەلییا وان، درەنگ هاتنا وان بۆ سەر کاری، نەپێگیری ب یاسایێ و ب ئاسانی دەستبەردان ژ کاری. وان ماکدۆناڵدسان بڕیار دانە کو چیترعێراقیان وەرنەگرن. ئانکو ئەو چەند لاوێن کورد بوونە ئەگەرێ وێ یەکێ کو چیتر کورد و عەرەبێن عێراقی ژی ل ماکدۆناڵدس نەهێنە وەرگرتن، چونکە دناسنامەیێن واندا نڤیسیبوو کو عێراقینە".

ماکدۆناڵدس ژناڤدارترین ڕێستۆرانتێن خوارنێن سڤکە ل جیهانێ. ئەڤ ڕێستۆرانتە بەریا نێزیکی پێنجی ساڵان ل ئەمەریکا هاتیە ئاڤاکرن و نها لقێن وێ ل گەلەک وەڵاتێن دنیایێ هەنە.

# کێ هەولێری سووتاند؟

## هاووڵاتیان داوای قەرەبووکردنەوە لە حکومەت دەکەن



دووکاندارێک: لەبەردەم دوکانەکەم وەستابووم، کەسێکم بینی زۆر بەخێرایی لە پەیژەکان هاتە خوارەوە، گومان دەکەین هەر ئەو کەسە کارەکەی کردبێ (فۆتۆ:رووداو)

**رووداو –هەولێر**

لەیەک ڕۆژدا دوو بازاڕی گەورەی هەولێر ئاگریان تێبەر بوو، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەیان بزاندرێ، دوکاندارەکانیش جەخت دەکەنەوە کە بازاڕەکەیان بەدەستی ئەنقەست ئاگری تێبەردراوە، گلەییش لەتیمەکانی ئاگرکوژێنەوە دەکەن، کە درەنگ بەهانایانەوە هاتوون.

ئاگری یەکەم کاتژمێر 10ی بەرەبەیانی ڕۆژی 2008/5/1 لەکۆگاکەی مام حەسەن بەربوو، لەنهۆمی سێیەمی بازاڕی حاجی یەحیا، بەدووری دووسەت مەترێک لە باشووری قەڵای هەولێر، کە لەئەنجامدا 8 کۆگا سووتان، جگە لەو دووکان و کۆگایانەی لەئەنجامی کوژاندنەوەی ئاگرەکە بەهۆی ئاوەوە زیانیان بەر کەوت.

ئاگرەکەی بازاڕی حاجی یەحیا، کە بە 3 کاتژمێر کۆنترۆڵ کرا، زیانێکی زۆری بەدوکاندارەکان گەیاند، بەپێی قسەی ئەوان زیانە ماددییەکە نزیکەی 1 ملیۆن دۆلار دەبێ، هەروەها بەپێی قسەی بەڕێوەبەری بەرگری شارستانیش دوو کارمەندی ئاگر کوژێنەوە بەهۆی شکاندنی پەنجەرەکانی بازاڕەکە بریندار بوون و 8 کەسی دیکەش لەئەنجامی دووکەڵی ئاگرەکە گەیێندرانە نەخۆشخانە.

تا ئێستا هیچ لایەنێکی فەرمی هۆکاری ئەو ئاگر کەوتنەوەیەی ڕانەگەیاندووەو،بەرگری شارستانیش دەڵێ بەدەستی ئەنقەست نەبووە، بەڵام دوکاندارانی بازاڕەکە بەگومانەوە لەو ئاگر کەوتنەوە دەڕوانن، زۆربەی ئەوانەی قسەیان بۆ (رووداو) کرد جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە "بەدەستی ئەنقەست" ئاگر لەو بازاڕە بەردراوە، بەڵام هەر یەک لە پارێزگاری هەولێر و بەرێوەبەری بەرگری شارستانی ئەو گومانەیان ڕەتکردەوە و گوتیان "تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە نەکراوە تاوەکو بزانرێت هۆکارەکەی چییە".

دوکاندارێکی بازاڕەکە، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەنهۆمی دووەمی بیناکە خەریکی ڕاماڵینی ئاو بوو بۆ ئەوەی ئاو نەچێتە دووکانەکەی، دڵنیایی خۆی نیشاندا کە بەدەستی ئەنقەست ئاگر لەکۆگاکانیان بەردراوە، ئەو دووکاندارە گوتی "لەبەردەم دوکانەکەم وەستابووم، کاتێک لەسەرەوە گوتیان ئاگر لەکۆگاکەی مام حەسەن بەربووە، لەو کاتەدا کەسێکم بینی زۆر بەخێرایی لەپەیژەکان هاتە خوارەوە، بەڵام ئەو کەسە هی ئەو بینایە نەبوو، دیار بوو لەدەرەوە هاتبوو، بۆیە گومان دەکەین هەر ئەو کەسە کارەکەی کردبێ".

بەپێی قسەی دوکاندارەکان ئەوان تا ئێستا چەند جارێک ئاگادار کراونەتەوە کە بیناکە چۆڵبکەن، چونکە بەپێی قسەی خۆیان بیناکە فرۆشراوە، هەروەک ئەو دووکاندارە گوتی "بەس بۆ ئەوەی دووکانەکان چۆڵبکەین مانگانە پارەمان لەسەر زیاد دەکەن".

هەرچەندە سەرەتا وا بڵاو بووەوە کە ئاگرەکە لەئەنجامی شۆرتی کارەباوە بووە، بەڵام دووکاندارەکان ڕەتیانکردەوە کە هۆکارەکە شۆرتی کارەبا بووبێ، هەروەک یەکێک لەدوکاندارەکانی بازاڕەکە گوتی "ئەو قسە هیچ ڕاست نییە، ئەو شوێنە دەمێکە لەبەرنامەدایە تێکبدرێ، ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت پێیان چوڵناکرێ".

ئەگەرچی نزیکەی 20 ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە خەریکی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە بوون، بەڵام نزیکەی 3 کاتژمێری پێچوو تاوەکو ئاگرەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ کرا، دووکاندارەکانی بازاڕەکە وێرای دەستخۆشیکردن لەتیمەکانی ئاگر کوژێنەوە، لەهەمانکاتدا گلەییشیان لێکردن، کە درەنگ بەهانایانەوە هاتوون.

سلێمان قادر، کە یەکێکە لەدوکاندارەکان هەرچەندە خۆی هیچ زیانی پێ نەگەیشتبوو، بەڵام کۆگای براکەی سووتابوو، بەقسەی سلێمان کۆگای براکەی بایی 50 هەزار دۆلار کەلوپەلی تێدا بووە. سلێمان بەهەڵچوون و تانەوە گوتی "زۆر سوپاسی تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە دەکەین، ئەوەندە شارەزان بە 3 کاتژمێر ئینجا توانیان ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن".

دوکاندارێکی دیکە، کە نەیویست ناوی بهێندرێ باسی لەکەمتەرخەمی تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە کردو گوتی "سەرەتا یەک کۆگا ئاگری گرت، بەڵام تا تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە گەیشتن ئاگرەکە تەشەنەی سەند، تەنانەت کارمەندەکان نەیاندەتوانی شەلالی ئۆتۆمبێلەکە سەنتەر بکەن، خەڵک کاری پێدەکرد، هەتا ئۆتۆمبێلێکی دیکە هات ئاوی ئۆتۆمبێلی یەکەم تەواو بوو".

ئەو هاووڵاتییە گوتیشی "کارمەندەکانی ئاگر کوژێنەوە لەوێ ڕاوەستابوون، بەخەڵکیان دەگووت بەرد لە پەنجەرەکان بگرن بیانشێکنن، کەس نەبوو بچێتە ناو بیناکە، خەڵک لەجیاتی ئەوان سۆندەی گرتبوو ئاگری دەکوژاندەوە".

عەمید خەلیل سورچی، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی کە بەردەوام بەئامێرەکەی دەستی پەیوەندی بەتیمەکانی ئاگر کوژێنەوە دەکرد، ڕەتیکردەوە کەمتەرخەم بووبن لەکۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەو گوتی " ئەگەر کەمتەرخەم بووینایە ئاگرەکەمان کۆنترۆڵ نەدەکرد، خەڵکیش لەجیاتی هاوکاریمان بکات، پێشمان لێدەگرێ".

هێشتا تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە بەتەواوی پشوویان نەدابوو، کاتژمێر 9ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ ئاگرێکی دیکە لەبازاڕی سەیداوە بەر بوو، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانرێت، بەهەمان شێوەی بازاڕی حاجی یەحیا هاووڵاتیانی ناوچەکە گلەییان لەتیمەکانی ئاگر کوژێنەوە هەبوو، لەدرەنگ گەیشتنیان بۆ شوێنی ئاگرەکە.

کاروان محەممەد، کە ماڵی لەنزیک شوێنی ئاگر کەوتنەوەکەیە، بەهۆی هاوکاریکردنی تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە سەرتاپای گیانی تەڕ ببوو گوتی "هەر لەگەڵ ئاگر کەوتنەوەکە تەلەفۆنمان بۆ ئاگر کوژێنەوە کرد، ماوەیەکی پێچوو ئینجا یەک ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە هات، ئەوانیش ئێمە هاوکاریمان کردن".

هەرچەندە ئەو هاووڵاتییانە چاوەڕێن لەلایەن حکومەتەوە لەبەرامبەر ئەو زیانانەی بەریان کەوتووە قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ بڕیارێک نییە بۆ قەرەبوو کردنەوەیان. هەمزە حامد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "تا ئێستا هیچ بڕیارێک نییە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو دوکاندارانە، تەنیا تیمەکانی بەرگری شارستانی ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی قەبارەی زیانەکان دیاری بکەن".

# لە باشماخ گۆگرد مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دروستکردووە

**نەوزاد و ئاسۆ**
**رووداو– پێنجوێن**

بڕێکی زۆر گۆگردی هەڵڕژاو لەمەرزی نێودەوڵەتی عێراق-ئێران لە باشماخ کەوتووە،کە بازرگانەکانی ئەو سنوورە دەیانەوێت بیبەنە ئێران و مەترسیشی بۆ سەر ژینگە و بڵاوبوونەوەی چەند نەخۆشییەک دروستکردووەو بەرپرسە ئیدارییەکانی دەڤەرەکەش هەریەک پەنجەی بەرپرسیارێتی بۆ ئەویتر ڕادەکێشێ و شارەزایەکی بواری ئەو ماددەیەش ڕایدەگەیێنێت، کە ئەگەر بێتو بەزوویی کۆنەکرێتەوەو لانەبرێت، دوورنییە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و کاریگەری خراپیش لەسەر زەوی کشتوکاڵی دروست بکات.

ماوەی مانگێکە لەلایەن هەندێک بازرگانی ناوچەکەوە بڕێکی زۆر گۆگرد،کە بڕەکەی دیار نییە چەند بێت لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ بەهەڵڕژاوی کەوتووەو کاربەدەستە ئیدارییەکانی ئەو مەرزەش هۆکاری مانەوەی بەهەڵڕژاوی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە بەهۆی تەواو نەبوونی کاری گومرگییەوە ماوەتەوەو لە سلێمانی دوورخراوەتەوە بۆ ئەو مەرزە تا ئەو کاتەی مامەڵە گومرگییەکانی تەواو دەبێت و دەبرێتە ئێران .

(ڕۆستەم کۆکۆیی) بەرپرسی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخ ڕایگەیاند"ئێمە نازانین کە بوونی ئەو گۆگردە بە هەڵڕژاوی چییە لەوێدا، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووبەری دەروازەکە بەرتەسکەو تازە وەک دەروازەیەکی نێودەوڵەتی کراوەتەوە،شوێنمان نییە تاوەکو تێیدا هەڵگرین " . وتیشی"ئەو گۆکردە



لەبەر مەترسی لەسلێمانی دوور خراوەتەوەو هێنراوە بۆ ئێرە تا مامەلاتی گومرگی تەواو دەبێت " .

بەدەر لەوەی کەهەڵڕشتنی گۆگردەکە بۆخۆی لەو ناوەدا گرفتێکی زۆری دروستکردووەو وەک مەترسییەک سەیر دەکرێت، کاسبکارێکی مەرزەکەش کەنەیویست ناوی خۆی ببات وتی" جگە لەم گۆگردە، هەندێک جار ئەو بارهەڵگرانەی کە گۆگرد دێننە ئەم دەروازەیە، سەری داناپۆشن یان لەئۆتۆمبیلی کەپسدا نایهێنن " . وەک ئەو کاسبکارە وتی ئەو گۆگردە لەشاری موسڵەوە دەهێنرێت و ڕەوانەی ئێران دەکرێت .

گۆگرد توخمێکی کیمیاییە و (S) ناوە زانستییە کورتکراوەکەیەتی،بەڵام ئەو گۆگردەی کە لەمەرزی باشماخەوە وەک کەلوپەلێکی بازرگانی ئەسپاردەی دەستی بازرگانە ئێرانییەکان دەکرێت، لەجۆری (8S) ەو زوو گڕدەگرێت و لەکاتی گڕگرتنەکە پلەکەی دەگاتە (444)پلەی گەرمی و،ئەوکات دەگۆڕێت بۆ (S)ی سەربەخۆ و دەتوانێت لەگەڵ (O2)یەکبگرێت و کاتێکیش ئەمە ڕوویدا زیانێکی زۆری دەبێت بۆ ژینگەو ترشەباران دروستدەکات و کاریگەری خراپی لەسەر زەویە کشتوکاڵییەکان دەبێت.

فەرەیدون تۆفیق، کە مامۆستایەکی شارەزی بواری ئەو مادەیە، مەترسییەکانی مانەوەی ئەو گۆگردە هەڵڕژاوەی زیاتر ڕوونکردەوەوگوتی" لەڕووی تەندروستیشەوە کاریگەری زۆرە بۆ سەر ژیانی مرۆڤ، بەشێوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە هەستیارەکانی کۆئەندامی هەناسە و نەخۆشی هەناسەتەنگی دەردەکەون و کە گڕیشی گرت، زۆر بە خێرایی گڕ دەگرێت"

.

شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی‌گومرکی‌پێنجوێن‌لەوبارەیەوە وتی" ئێمە بازرگانەکان و بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانیمان ئاگادارکردووەتەوە کە نابێت گۆگرد بەشێوەی سەر دانەپۆشراو بێت و هەر بارێکیش تا لەگۆمرگی سلێمانی کاری یاسایی بۆ نەکرێت نابێت بێتە ئێرە، کەجێبەجێش نەکراوەو وانەبووە، دەسەڵاتی ئێمەی تێدا نییە و لەبەر نەبوونی هیچ ڕێگەیەکی دیکە ناچارین بەناو شاری پێنجوێن و مەرزی باشماخدا ببرێتە ئێران" .ئەو وتیشی " یان ئەوەتا بازرگانەکانمان واز لەو جۆرە بازرگانییە بێنن، کەئەوەش نابێت و لەهەموو وڵاتاندا گۆگرد بازرگانی پێوەدەکرێت بەبێ گوێدانە مەترسییەکانی ئەو ماددەیە" .

قایمقامی قەزای پێنجوێن بەڕێوەبەرێتی گومرگی پێنجوێنی بەبەرپرسیاری مانەوەی ئەو ماددە زیان بەخشە زانی . کاتێک (عەزیز مینە )قایمقامی پێنجوێن ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکەینەوە، دەست دەداتە تەلەفۆنەکەی و تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەری گومرکی پێنجوێن دەکات و بەنیگەرانییەوە بەبیری دێنێتەوە کەچۆن ئەوان بڕیارێکی ئەویان جێبەجێنەکردووە "من ماوەی دوومانگ بەر لە ئێستا ئەوانم ئاگادارکردەوە کە دەبێت لەناو سەیارەی کەپسدا بازرگانەکان گۆگرد بێننە سنورەکەوە، بەڵام نازانم بۆ بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ نەکردووە " .

### بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو

# بەرهەمی دانەوێڵەی ئەمساڵی مەخموور 65 % کەمی کردووە

**رووداو– مەخموور**

بەهۆی وشکەساڵی چاوەڕوان دەکرێت ئەو بڕە گەنم و جۆیەی ئەمساڵ لەناوچەی مەخموور دێتە بەرهەم زۆر کەم بێت و تەنانەت نەگاتە 35 %ی بەرهەمی ساڵی ڕابردووش.

بارزان زیاد بەڕێوەبەری سایلۆی مەخموور بە (رووادو)ی ڕاگەیاند "پێشبینی دەکەین ئەمساڵ بڕێکی کەم گەنم و جۆ دروێنە بکرێت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، بەپێی پێشبینی ئێمە لەسنووری مەخموور نزیکەی 270 تەن گەنم دەدورێتەوە لەگەڵ 700 تەن جۆ، لەکەندیناوەش پێشبینی دەکەین 250 تەن گەنم و 210 تەن جۆ بەرهەم بێت، بەڵام بۆ گوێڕ پێشبینی دەکەین 2718 تەن گەنم و 650 تەن جۆ بێتەبەرهەم".

بەڕێوەبەری سایلۆی مەخموور، بەرهەمی پێشبینیکراوی ئەمساڵی زۆر بە کەمتر دایە قەڵەم بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، هۆکارەکەشی بۆ وشکەساڵی گەڕاندەوە "ئەگەر بەرهەمی پ×شبینیکراوی ئەمساڵ بەراورد بکەین بەساڵی ڕابردوو، بەرهەمی ساڵی ڕابردوو زۆر زیاترە، ساڵی پار 39 هەزارو 719 تەن و 700 کیلۆ جۆ وەرگیراوە، بەڵام ئەمساڵ پێشبینی دەکەین 15هەزار و 600 تەن جۆ وەربگرین، گەنمیش بەهەمان ئەندازە کەمی کردووە".

سەرەڕای ئەو وشکەساڵییەی کە ئەمساڵ لەکوردستاندا هەیە، تا ئێستا جوتیارانی ناوچەکە دەستبەرداری دانەوێڵەکانیان نەبوون، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت بەشێکی زۆری دانەوێڵەی ناوچەکە لەبەرشین نەبوونی لەئایندەیەکی نزیکدا ئاژەڵی تێبکرێت.

بارزان زیاد لەوبارەیەوە دەڵێت "هێشتا ئەو حاڵەتە ڕووینەداوە کە خەڵک دەستبەرداری گەنمەکەی بێت و نەیدورێتەوەو ئاژەڵی تێبکات، بەڵام بێگومان ئەو حاڵەتە ڕوودەدات و خەڵکەکەش ناچارن ئەو تۆوەی کردوویانە بۆ ئەوەی پارەی بەشێکی کەم لەتۆوەکەیان بۆ بگەڕێتەوە، گەنم و جۆیەکەیان بفرۆشنە ئاژەڵداران".

ناوچەی مەخموور، یەکێکە لەو شوێنانەی چارەنووسی گرێدراوە بەجێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق، ئەمەش وایکردووە لەلایەن هەردوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی کوردستانەوە تا ڕاددەیەک پشتگوێ بخرێت. بە ڕێوە بەری سایلۆی مەخموور لەو بارەیەوە گوتی "ئەم ناوچەیە هەمیشە پشتگوێ خراوە، گوندەکانیش ئێستا ڕەوشی ژیانیان خراپە، چونکە هەم لەلایەن حکومەتی ناوەندی و هەم لەلایەن حکومەتی هەرێمیشەوە پشتگوێ خراون، تارادەیەکی کەم حکومەتی هەرێم بایەخی پێداوە، بەڵام حکومەتی ناوەندی هیچ بایەخێکی پێنەداوە".

بەهۆی وشکەساڵییەوە پێدەچێ ئاژەڵدارانی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی کەمیی جۆ ببنەوە، هەرچەندە بڕێک جۆ لە سایلۆی مەخموور هەیە، بەڵام تا ئێستا ئەو بڕە جۆیە بەسەر ئاژەڵدارەکان دابەش نەکراوە.

بارزان زیاد بەدووری دەزانێ ئەو بڕە جۆیەی‌لەسایلۆکەداهەیە پێویستی‌جوتیاران و ئاژەڵداران تێر بکات "بڕێکی کەم جۆمان لەلاماوە، جۆ لە 10/12 /2007ەوە دەدرێتە ئاژەڵداران و تاوەکو ئەمڕۆ 39 هەزارو 840 کیلۆ دراوە بەخاوەن ئاژەڵەکان، تەنها 50 تا 60 تەنێکمان لەلاماوەو ئەمەش پێویستی مەڕداران و جوتیاران تێرناکات".

هەروەها گوتیشی "پێشنیارم کردووە کە ئەو بڕە جۆیەی لای ئێمە هەیە بدرێتە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر و لەهەولێریش نووسراو بکرێت، بۆ ئەوەی دابەشی بکەین".

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری سایلۆی مەخموور هیچ بڕە گەنمێک لە سایلۆکەدا نییە، کە ئەمەش ڕەنگە بۆ جوتیارانی ناوچەکە بەتایبەتی و جوتیارانی کوردستان گرفت بێت، کە گەنمیان بە زەحمەت دەست بکەوێت بۆ چاندن، بارزان گوتی "ئێستا گەنممان نییە بیدەینە جوتیاران، بەڵام ئەگەر لەدەرەوە بۆمان بێت دابەشی دەکەین".

سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی ئەو جوتیارانەی کە ئەمساڵ بەهۆی وشکەساڵییەوە گەنم و جۆیان شین نەبووە، بارزان پێشنیاری کرد "ئەو کەسەی گەنمی چاندووە و بەرهەمی نەبووە قەرەبوو بکرێتەوە، تاوەکو بۆ ساڵی ئایندە ببێتە پاڵپشتییەک، هەندێک پرۆژەی شینایی تریش هەیە لەناوچەکەدا پێویستە کارەبای بەردەوامی بدرێتێ، چونکە بیریان هەیەو بیرەکانیش پێویستی بەکارەبایە".



# مەملەکەتی کۆرییەکان لە هەولێر

**ڕووداو – هەولێر**

## سەربازگەی زەیتوون

خەڵکێکی زۆر بە ژن و پیاوەوە لەبەردەم بازگەکەیان وەستابوون، هەریەکەو بلیتێکی پێ بوو، زۆر بەزەحمەت دەتتوانی لەبازگەکان تێپەڕیت، چونکە پێشتر چەند ڕۆژێک دەبوایە ئاگاداریان بکەیتەوە،دواتر کە ناوی خۆت پێدان و مەبەستی سەردانەکەت پێگوتن، ناوت دەدەنە هەموو بازگەکانی خۆیان و ڕێگەت پێدەدەن بچیتە سەربازگەکەیان.

دوای ماوەیەک لە ڕووخانی ڕژێمی سەددام لە 2003، هێزەکانی کۆریاش وەک بەشێکی هێزە فرەڕەگەزەکان هاتن، ئەوان سەرەتا کەرکوکیان بۆ مانەوە هەڵبژارد، بەڵام بەهۆی نائارامی بارودۆخی ئەوێ، لەکۆتاییدا بڕیاریاندا لەشاری هەولێر دابمەزرێن، ئەوەبوو هێزی زەیتوون لە باکووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر سەربازگەی دانا و، یەکەمجار 3500 سەربازی کۆری تێدا جێگیربوون، بەڵام لە ساڵی2007 بەبڕیارێکی پەرلەمانی کۆری ژمارەیەکی زۆریان گەڕانەوە کۆریا و، هەر 6 مانگ جارێک بەشێکیان دەچنەوەو هەندێکی دیکە دێنە شوێنیان، وەکو کاپتن پاک، ئەفسەری ڕاگەیاندنی تیپی زەیتوون بۆ (ڕووداو) باسیکرد ئەوان بۆ "ئاشتی و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ناوچەکە" هاتوون.

بەپێی ئەو ئامارانەی بەتایبەت دەست (ڕووداو) کەوتوون، هێزەکانی کۆریای باشوور لەدوای هاتنیان بۆ باشووری کوردستان، زۆر پرۆژەیان لە هەولێر ئەنجامداون: دروستکردنی 60 قوتابخانە و، 15 بنکەی تەندروستی و، 14 بنکەی پشکنین بۆ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس، 81 هۆڵی گشتی بۆ گوندەکان بۆ بۆنەو ئاهەنگەکان، 8 قوتابخانە، بنکەیەکی تەندروستی، بنکەیەکی پشکنین بۆ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس، 8 هۆڵی گشتی بۆ گوندەکان بۆ بۆنەو ئاهەنگەکان لەژێر دروستکردندان، جگە لەلێدانی 83 بیری ئاو و پێشکێشکردنی جۆرەها هاوکاری وەکو دابینکردنی کەلوپەل و ئامێر بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستان.

کاپتن لی گوتی حکومەتی کۆریا تائێستا " لەڕێگەی ئێمەوە 113 ملیۆن و 100 هەزار دۆلاری بۆ هەرێمی کوردستان خەرجکردووە" .بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) حکومەتی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە هێزی زەیتون، سلێمانی و دهۆکیش بخاتە چوارچێوەی پلانی کاری خۆیەوە. هەرچەندە بە ڕەسمی لە پارێزگای هەولێر کاردەکات.کاپتن پاک باسیکرد کە حکومەتی کۆریای باشوور دەیەوێت هاوکاری خەڵکی عێراق بکات " ئەگەر بارودۆخەکەش ئارام ببێت کۆمپانیاو دەزگای زیاتر دەنێرێت بۆ ئێرە بۆ ئەوەی یارمەتی عێراق بدەن لەبواری ئاوەدانکردنەوەدا" .

دوو هاووڵاتی کورد، لەبەردەم دەرگای نەخۆشخانەی زەیتون وەستابوو، کۆمەڵێک حەب و دەرمانی بەدەستەوەبوو، چاوەڕێی هاتنەوەی پاسی نێو سەربازگەکەی دەکرد تاکو بیانباتەوە یەکەم بازگەو بچنەوە شاری هەولێر.

نەخۆشخانەی زەیتون کە لە2004/11/4 دروستکراوە، لەسەر دەرگا سەرکییەکەی بەدوو زمانی کۆری و کوردی نووسراوە "بەخێر بێن"، ئەو نەخۆشخانەیە لە8 بەشی سەرەکی پێکهاتووە:بەشی هەناو، نەشتەرگەری، ئێسک و شکان، قورگ و گوێ ENT، چاو، ددان و دەروونی، میزەڕۆ.

وەکو کاپتن لی تۆم سوو، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی زەیتوون بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند نەخۆشخانەکەیان "بۆ پێشکێشکردنی چارەسەری پزیشکی بۆ هێزەکانی خۆمان و هێزی هاوپەیمانان و هێزی ئاسایش و پۆلیس و خەڵکی کورد لەسنووری کاروچالاکی تیپەکەمان

> ## هێزی زەیتوون 80 هەزار نەخۆشی چارەسەرکردووەو نزیکەی 114 ملیۆن دۆلاری بۆ کوردستان خەرجکردووە و 60 قوتابخانە و 15 بنکەی تەندروستی و 81 هۆڵی گشتی دروستکردووە

لەهەولێرو دەوروبەرین" .

نەخۆشخانەی زەیتوون، 9 دکتۆر و 4 پەرستیار و 2 دەرمانسازی کۆری تێیدا کار دەکەن کە هەموویان جلوبەرگی سەربازیان لەبەرە. کاپتن لی تۆم سوو کە چاویلکەی لەچاوەو لەپشت مێزەکەیەوە خەریکی ڕێکخستنی مێزەکەی بوو، ئاماژەی بەوەدا کە ڕۆژانە 150 کەس کە بلیتی نەخۆشخانەکەیان هەیە سەردانیان دەکەن.

لەبارەی چۆنیەتی پێدانی بلیتەکان بە نەخۆشەکان،کاپتن لی تۆم سوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان خۆیان نەخۆشخانەی ڕزگاری و کۆماریان سەرپشک کردووە کە چ نەخۆشێک دەنێرنە نەخۆشخانەی زەیتوون " لە ڕێگای دامودەزگاکانی حکومەت چەند ڕێککەوتنێکمان لەگەل نەخۆشخانەی ڕزگاری و کۆماری و فریاکەوتن ئیمزا کردووە کە تێیدا هاتووە هەر یەک لەو نەخۆشخانانە دەتوانن نەخۆش بنێرنە لای ئێمە، ئەگەر زۆریش پێویست بوو بە وەرەقەی خۆیان دەتوانن ڕەوانەی ئێرەی بکەن بەهەمان شێوە ئێمەش دەتوانین نەخۆشەکانی خۆمان بنێرینە ئەوێ" .

کاپتن لی ئاماژەی بەوەدا کە بلیتەکانی نەخۆشخانەی زەیتون لە ڕێگەی پارێزگاری هەولێر و هێزەکانی ئاسایش و ئەو گرووپە کە بە (فریشتەی سەوز) ناسراوە دەدرێتە ئەو نەخۆشانەی کە ناتوانن چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکەن " گرووپی فریشتەی سەوز گرووپێکی پزیشکییە کە لەگوندەکان دەگەڕێت بۆ چارەسەرکردنی خەڵک، بەتایبەتی خەڵکی هەژار یان ئەو لیستەی کە لە ڕێگای حکومەتەوە دێت" .

نەخۆشخانەی زەیتوون، لە ڕۆژانی شەممە،دووشەممە،سێشەممەوچوارشەممە کراوەیە بۆ سەردانی هاووڵاتیان، 32 قەرەوێڵەی تێدایە بۆمانەوەی نەخۆش لەکاتی پێویست، لەگەڵ ژوورێکی نەشتەرگەری بچووک و ژوورێکی فریاکەوتن بۆ حاڵەتی کتوپڕ، ژوورێکش بۆ چارەسەری سروشتی تەرخانکراوە کە 4 قەرەوێڵەی تێدایە و ڕۆژانە زیاتر لە 10 کەس سەردانی ئەو بەشە دەکەن .

بەفرین ئیبراهیم، 45 ساڵ، لەسەر قەرەوێڵەیەکی ئەو بەشە لەسەر سک درێژ ببوو و چەند ئامێرێک لەپشتی ملی بەسترابوون، جار ناجار سەری هەڵدەهێنا و چاوەکانی دەکردەوەو لێکدەنا، ئەو کە یەکەمجاری بوو بێتە ئەو نەخۆشخانەیە، تووشی نەخۆشی ڕەقبوونی مل (سەوەفان) هاتووە، بۆ (ڕووداو) گوتی"سەردانی زۆر دکتۆری خۆمانمان کرد، بەڵام هیچ یەکیان چارەسەریان نەکردم، بەڵام لێرە باشتر بوومەو چارەسەریان بۆکردوومە" .

شایان نەوزادی تەمەن 9 ساڵ، بەتەنیا لەسەر کورسییەکی ڕێڕەوی نەخۆشخانەکە دانیشتبوو، ئەونەخۆشی هەوکردنی سینگی هەیە، بەشەرمەوە دەڵێ "سینگم دێشا، بەڵام دوای دوو جار هاتنە نەخۆشخانەی زەیتون باشتر بوومە" . وەکو بەفرینی دایکی شایان دەڵێ "لەوەتەی شایانم هێناوەتە ئێرە زۆر فەرقی کردووە، سەرم سووڕما کە چارەسەرییەکانی ئێرەم بینی، لەلای ئێمە شتی وا نییە، جۆرە وەرزشێکیان فێری شایان کرد، گوتیان بەوشێوەیە هەوکردنەکەی چاک دەبێ، ئێستا کە ئەو وەرزشەی پێدەکەم ئیلتهابەکە لەدەوی دێتە دەرەوە و باشتر بووە" .

بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی زەیتوون بە تایبەت دراونەتە (ڕووداو)، لەماوەی 2004/11/27 تا 2008/4/25 دا، 119 هەزارو 542 کەس لەو نەخۆشخانەیە چارەسەرکراون، کە 79197 کەسیان خەڵکی کوردستانن و 37000 یان سەربازەکانی نێو سەربازگەی زەیتوونن و، 1713 کەسیشیان لەهێزیهاوپەیمانان چارەسەریان بۆکراوە لەگەڵ 1553 هاووڵاتی کۆری کە لەکوردستان کار دەکەن.

هەروەها لەئامارەکەدا هاتووە کە لەو ماوەیەدا 2207 نەخۆش لەو نەخۆشخانەیە خەوێندراون، کە لەو ژمارەیە 1528 کەسیان خەڵکی کوردستانن و 632یان هیَ خودی سەربازگەکەیەو 25 یش لەهێزی هاوپەیمانیان و 22 کەسیش هاووڵاتی کۆری بوونە.

وەکو کاپتن لی تۆم سوو، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی زەیتوون ئاماژەی پێدا سەرەتای هاتنیان بۆ باشووری کوردستان لەنەخۆشخانەکەیان چەندین جۆر نەشتەرگەریان ئەنجامدەدا، بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی کۆریا بڕیاریدا بەشێک لەهێزەکانی بکشێنێتەوە"لەگەڵ کەمکردنەوەی هێزەکانمان ئامێرەکانی نەشتەرگەریش گەڕێندرانەوە کۆریا، لەبەر ئەوە ئێستا ناتوانین نەشتەرگەری بکەین، بەڵام ئەگەر حاڵەتێکی کتوپڕ هەبوو و پێویستی بەنەشتەرگەری هەبوو، ئەوە بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ نەخۆشخانەی ڕزگاری و کۆماری کردوومانە، نەخۆشەکانیان بۆ دەنێرین، بەڵام خۆشمان نەشتەرگەری بچووکمان هەیە وەکو نەشتەرگەری لووت، چۆک، هەندێ نەشتەرگەری بچووکی دیکە" .

کۆی ئەو نەشتەرگەریانەی لە ماوەی 2004/11/27 تا 2008/4/25 دا لە نەخۆشخانەی زەیتوون ئەنجامدراون 1768 نەشتەرگەرییە، کە لەو ڕێژەیە 1496کەس خەڵکی کوردستان بووەو 247 سەربازەکانی سەربازگەکە بوونەو، 17کەسیش هی هێزەی هاوپەیمانان و 8 کەسی دیکەش هاووڵاتی کۆری بوونە.

46 ئامێر بۆ پشکنین و چارەسەری، لەو نەخۆشخانەیە هەیە، لەگەڵ دوو هۆڵی گەورە و 9 ژووری بچووک و دەرمانخانەیەک.

کاپتن لی باسیکرد کە تا ئێستا 12 منداڵ بۆ چارەسەری نەخۆشی دڵ و 2 منداڵ بۆ چارەسەری نەخۆشی زگماگی لەڕێگەی ئەوانەوە نێردراونەتە کۆریا و، بڕیاریشە لەمانگی 6ی ئەمساڵیش 3 منداڵی دیکە کە نەخۆشی دڵیان هەیە بۆ چارەسەرکردن بنێرنە کۆریا.

لی باسی لەوەشکرد کە ئەو دەرمانانە و چارەسەرییانەی لە نەخۆشخانەکەیان دەدرێتە نەخۆشەکان زۆربەی دروستکراوی کۆریان و تەنیا بەشێکی کەمی لە وڵاتانی دیکە دێنن، لەوەڵامی ئەوەش کە بۆچی خەڵک زیاتر ڕوو لەوان دەکات، گوتی "ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە دکتۆرەکانی ئێمە کەمێک شارەزاترن، جگە لەوەش لێرە بەخۆرایی چارەسەری نەخۆشەکان دەکرێت" .

مایجەمین قادر، 35 ساڵ، لەئاکرێ بۆ چارەسەری گەدەی هاتبووە ئەو نەخۆشخانەیە، بۆ (ڕووداو) گوتی "چارەسەرییەکی سرۆشتیم پێدەدەن کە کاتێک خواردن دەخۆم گەدەم پێ ئیسراحەت دەکات".مایجەمین کە لەنەخۆشخانەی فریاکەوتن بلیتی نەخۆشخانەی زەیتونی وەرگرتبوو، پێشتر چەندین جار چووبووە لای دکتۆرە کورد و عەرەبەکان، کەچی چارەسەکەیان نەدۆزیبووەوە. ئەو ئافرەتە کە ماوەی 6 مانگە بەردەوام هاتووچۆی نەخۆشخانەی زەیتون دەکات زۆر پەسنی دکتۆرە کۆرییەکان دەدات و دەڵێ "دکتۆرەکان زۆر باشن، زۆر نەرم و قسەیان خۆشە، گرنگیت پێدەدەن" . وەکو ئەو ئافرەتە گوتی ئەو دەرمانانەی لەنەخۆشخانەی زەیتوون پێیدەدرێ لەدەرمانخانەکانی کوردستان دەستناکەون.

لەو گەشتەی (ڕووداو) بۆ سەربازگەی تیپی زەیتوون کە لەکوردستان بە"مەملەکەتی کۆرییەکان" ناسراوەو خەڵکێکی کەم ڕێگەی پێدەدرێ بچێتە ئەو سەربازگەیە.ئەفسەری ڕاگەیاندن کاپتن پاک لەو گەشتە ڕۆژنامەڤانییەدا بەردەوام لەگەڵ (ڕووداو) بوو، ئاماژەی بەوەدا کە سەربازگەکەیان جگە لەنەخۆشخانە، بنکەیەکی ڕاهێنان و پیشەیی دامەزراندووە کە تێیدا بەردەوام خولەکانی فێرکردنی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل، چاککردنەوەی بەرهەمهێنەری کارەبا، فێربوونی کۆمپیوتەر، هەویرکاری، چاککردنەوەی ئامێری ناوماڵ دەکرێنەوە. هەر خولێکیش دوو هەفتە دەخایێنێت، لەگەڵ تاقیکردنەوەی یاریزانەکانی تایکواندۆ.

جگە لەوەی هێزەکانی کۆریا وەکو هێزێکی سەربازی کە زیاتر گرنگی بەئاوەدانکردنەوە دەدەن لەکوردستان، لەلوبنان و سودان و سۆماڵیش سەربازگەی تایبەتیان هەیە و وەکو هێزی ئاشتی پارێزی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان لەو وڵاتانە جێگیر بوونە.



دوو پزیشکی کۆری لە نەخۆشخانەی زەیتون

(فۆتۆ:ڕووداو)




### شیلانە گەرمیان هەراسان دەکات

# 220 گوندی چەمچەماڵ لەچۆڵبوندان و ئاژەڵەکانیان دەفرۆشن

**ڕووداو – چەمچەماڵ**

بە هۆی وشکەساڵی و بڵاوبوونەوەی مێروویەکی مەترسیدار کە دژی سەوزاییە، چەندین گوندنشینی ناوچەی چەمچەماڵ گوندەکانیان چۆڵکردووەو ئاژەڵەکانیان دەفرۆشن، ئاژەڵە فرۆشراوەکانیش بەرەو ئێران دەبرێن ئەوەش زیانێکی زۆر بەسامانی ئاژەڵی کوردستان دەگەیێنێ.

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو)کەوتووە لە کۆی 240 گوندی سنوری چەمچەماڵ، زیاتر لە 220 گوند لە چۆڵبووندان و بەشێک لە ئاژەڵدارو گوندنشینەکانیش ئاژەڵەکانیان فرۆشتوەو گوندەکانیان چۆڵکردووە.

محەممەد عاسی، جامبازێکی سنورەکەیە و ئاماژە بەوە دەکات کە" ڕۆژانە بەهەزاران سەر ئاژەڵ دەفرۆشرێن و بەرەو ئێران دەبردرێن" .

عەدنان کاکەڕەش، بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاوی سەربە قەزای چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" 89 گوندی ئەو ناوچەیەمان هەموویان لەژێر هەرەشەی وشکەساڵی و چۆڵبووندان" . بەڕێوەبەری ناحیەکە، زانیاری زیاتری داو وتی" لەسنوری ناحییەی سەنگاودا لەکۆی 98 گوند، ئێستا 89 ی ئاوەدانە، بەڵام بەهۆی ئەو وشکەساڵییەوە کە ناوچەکەمانی گرتووەتەوە زۆربەی گوندەکان هەڕەشی چۆڵبوونی لێدەکرێت، هەرچەندە ئێمە لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هەوڵێکی بەپەلە نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە" .

ناحیەی شوان، سەبەر قەزای چەمچەماڵە و بە هۆی وشکە ساڵییەوە چەندین گوندنشینی ئەم ناحیەیە گوندەکانیان چۆڵکردووە.

سەمەد ڕەحیم، بەڕێوەبەری ناحیەی شوانیش جەختی لەوەکردەوەو ئەوەی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند"کە 83 گوندی ناحیەی شوان ئاوەدانەو وشکە ساڵی هەموو گوندەکانی گرتووەتەوەو ئەگەر وابڕوات هەموو گوندەکانمان چۆڵ دەبن، ئێستاش چەندین گوندنشین گوندەکانیان چۆڵکردووە" .

وێڕای وشکە ساڵی، پەیدابوونی مێرویەکی زۆر لە سنوری چەمچەماڵدا هەڕەشە لەو بڕە سەوزاییەش دەکات کە تائێستا ماوە، هەرچەندە دەتوانرێت ئەم مێروانە بە هۆی زەهرەوە لەناوببرێن، بەڵام بە هۆی ترسان لەمردنی ئاژەڵەکان ئەم هەنگاوەش نەنراوە.

محەممەد عەلی، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی چەمچەماڵی ئەوەی بۆ (ڕووداو) خستەڕوو کە"بەهۆی وشکە ساڵییەوە مێروویەکی زۆر بە ناوی شیلانەوە لەناوچەکەدا پەیدابووەو دژی سەوزاییەو هەرچی سەوزاییەک هەبێت لەناوی دەبات، ناشتوانین لەم کاتەدا سنورەکە زەهرڕێژبکەین بکەین، چوونکە زیان بە ئاژەڵەکان دەگەیێنێت" .

بەپێی ئەو ئامارەی لە بەڕێوەبەریەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە،تا ئێستا نزیکەی 39 خێزانی گوندنشینی ئەو ناوچەیە گوندەکانیان چۆڵکردووەو ڕوویانکردووەتە شارەکان هاتوون و ڕێژەکە ڕوو لە زیادبوونیش دەکات ئەگەر ئەو گرفتانە چارەسەر نەکرێن.

# کوردێکی لە سوێد گەڕاوە دەیەوێ عەقلییەتی لاوانی کورد بگۆڕێت

**سام داگر - چۆمان**

لەباوەشی بەرزترین چیاکانی ئێراقدا و لەسەر سنووری تورکیا و ئێران شارۆچکەیەک هەیە بەنێوی چۆمان کە شاری جووتیار و بازرگان و قاچاخچی و شۆفێری لۆرییە بارهەڵگرەکانە، چۆمان شارۆچکەیەکی یەکجار جوانە، لوتکەی چیاکانی دەوروبەری بەفر داپۆشیوەو

## "بەوهیوایە لە سوێد گەڕاومەتەوە کە گۆڕانکاری لەمێشکی لاوانی کوردستاندا بکەم"

تەها بەرواری



دۆڵی سەرنجڕاکێشیشی لێیە.

ئەگەرچی وادێتە بەرچاو بەغدا دنیایەک لێرەوە دوورە، بەڵام دانیشتووانی چۆمان و گەلێک شوێنی دیکەی کوردستانی عێراق تا ئێستاش هەوڵدەدەن لە پاشماوە و کاریگەرییەکانی شەڕ رزگاریان بێت، لەهەشتاکان سەدام حوسێن لە کاتی شەڕکردنی لەگەڵ کوردە یاخیبووەکان ئەم ناوچەیەی وێرانکرد، ئەمڕۆش تورکیا و ئێران هێرشدەکەنە سەر کوردە جوداخوازەکان، لەنێو ئەو تەنگژەو کێشانەدا نەوەیەک لەدایکبووە کە جگە لە شەڕ کەمێک شتی دیکەش دەزانێت و کەمێک هیواشی بە ئێراقی تازە هەیە.

تەها بەرواری دەڵێت ئاسان نییە لەنێو خۆڵەمێشی شەڕ و ئابلووقەی ئابووری و پەراوێزیدا گەورە ببی، بەرواری لە سوێدەوە بەو هیوایە گەڕاوەتەوە عێراق کە گۆڕانکاری لە مێشکی لاوانی کورددا بکات. بەرواری کە وەزیری وەرزش ولاوانی کوردستانە دەڵێ " ئێمە نەوەیەکی داهێنەر، دیموکراتیک، یەکسان، خاوەن کارو چالاکمان دەوێت".

لەوەتەی دووساڵ لەمەوبەر گەڕاوەتەوە وڵاتە رەسەنەکەی خۆی لەباکووری عێراق، بەرواری بەپشتیوانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکردایەتی شۆڕشێکی هێمن دەکات بۆ گۆڕینی بۆچوونی لاوان، بەهاوکاری ئاسۆس شەفیق کە یاریدەدەری بەرواریيەو ئەویش لە سوێد گەڕاوەتەوەو هاوبۆچوونە لەگەڵ بەرواری. وەزیری وەرزش و لاوان 33 سەنتەری راهێنانی (فەرهەنگخانە) لەسەرتاسەری هەرێمدا کردوونەتەوە بەتایبەتی لە ناوچە هەژار و دوورە دەستەکاندا، بەرواری ئەو سەنتەرانە بە" کارگەکانی گۆڕینی بیروبۆچوون وعەقلییەت" ناودەبات.

وەزارەتەکەی بەرواری هەروەها خەریکی چاپ وبڵاوکردنەوەی 60 پەرتووکە بەزمانی کوردی کە پووختەی بیروبۆچوون و ئایدیای هزرمەندان و رووناکبیرانی جیهانییە، جگە لەوەی بەرواری هاندەری دروستکردنی کۆمیتەیەکی تایبەت بووە بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی پێداویستییەکانی لاوان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان کە نوێنەری باڵای هەموو وەزارەتەکانی تێدا بێت. هەروەها وەزارەتی وەرزش ولاوان پشتیوانی وهاوکاری یەکەمین کەمپی هاوینەی کردووە لەساڵی 2007.

بە مەزەندەی بەرواری 65 %ی دانیشتووانی کوردستانی ئێراق کە نزیکەی چوارملیۆن ونیو دەبن تەمەنیان لەنێوان 14-30 ساڵیدایە، ئەمە لەکاتێکدا 75% بودجەی حکومەتەکەی بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخان دەکرێت.

مەبەست و ئامانجی پشت دەسپێشخەرییەکانی بەرواری بریتییە لە پەرەپێدانی کولتووری کارکردنی خۆبەخشانە، بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و پرۆژەی سەربەخۆ لەنێو گەنجاندا لە کۆمەڵگەی کوردستان کە بە سەر هەردوو پارتی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانیی کوردستان دابەشبووە.

بەرواری دەڵێ کورد بۆقۆستنەوەی دەرفەتەکان و وەدیهێنانی خەونی لەمێژینەیان کە سەربەخۆیی کوردستانە پێویستە سەرەتا بیروبۆچوون و رەفتاروعەقلییەتی خۆیان بگۆڕن .هەندرێن حەسەن کە راهێنەرێکە لە وەزارەت و بەسەردان لە سوێد هاتووەتەوە، دەڵێ " ئەوەی وەزارەت کردوویەتی سەرەتایەکە و ئەوان دەیانەوێت رێنمایی لاوان بکەن بۆ ئەوەی بۆدواڕۆژ جیاواز بن ".

بەڵام بەرواری لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی نەوەی کۆنی ناوحیزبەکەی کەپارتی دیموکراتی کوردستانە رووبەڕووی رەخنەی توند بووەتەوە کە پێیانوایە بیروبۆچوونەکانی بەرواری زۆر رۆژئاواییین، لەهیچ شوێنێکی دوورە دەست و هەژاری هەرێمەکە، هێندەی چۆمان کاریگەری ئەوشتانەی بەرواری دەیەوێت بەدەستیان بێنێت دیارتر نابێت.

لەساڵانی 1983-1984 ئەم شارۆچکەیە بەشێک بوو لە شاڵاوی ئەنفال کە سەدام حوسێن دژی یاخیبووانی کورد ئەنجامیدا، عەبدولواحید گوانی قایمقامی چۆمان دەڵێ " تەنانەت دارگوێزەکانیشیان بە TNT تەقاندەوە". لە دوای ساڵی 1991 و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانیشتووانی چۆمان دەستیان بە گەڕانەوەو ئاوەدانکردنەوەی خانووەکانیان کرد.

ساڵێک لەمەوبەر بەرواری ویاریدەدەرەکانی، سەنتەرێکی راهێنانیان لەچۆمان کردەوە کە لە پەرتووکخانە وهۆڵێکی نیشاندانی فیلمی ڤیدیۆیی و راهێنانی وەرزشی وئێزگەیەکی رادیۆیی پێکهاتووە، ئەم شتانەش پێشتر لەو ناوچەیەدا نەبوون. سەرەڕای گومان و بێباوەڕی بەرپرسانی نێوخۆیی و بەپیرەوەنەهاتنی وەک پێویستی دانیشتووان وکێشەی زۆر، لەوانە بێ کارەبایی، کەچی سێ گەنج بەشێوەیەکی خۆبەخش بەردەوامن لەکارکردن و بەڕێوەبردنی ئەو سەنتەرە.

سوهام میر حەمەد، کە خۆی پەرستارە وکاتێکی زۆری خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سەنتەرە تەرخانکردووە دەڵێ " ئێمە لێرە هیچ شتێکمان نییە، بۆیە لەرێگەی بەشداریکردنم لەم سەنتەرەدا هەستدەکەم

## "بیروبۆچوونەکانی تەها بەرواری ئەوروپایین و بەکەڵکی کوردستان نایێن"

عەبدولواحید گوانی



کارێکم بۆ کۆمەڵگەکەم کردووە". سالار ئیسماعیل کە یەکێکە لەیاریدەدەرانی سوهام و خوێندکاری ئامادەییە و ئێزگەکە بەڕێوە دەبا دەڵێ " ئەگەر ئەو سەنتەرە نەبوایە من وهاوڕێکانم بەشێکی کاتی خۆمان لەسەرجادەکان بەسەر دەبرد".

عەبدولواحید گوانی کەبەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە لەناوچەکە باوەڕی بە گرنگی و بایەخی سەنتەرەکە نییە چونکە زۆربەی گەنجەکان لەبنەماڵەیەکن کە لە پێناو ژیاندا هەوڵێکی زۆر دەدەن و لە بارودۆخ ورەوشێکی نەگونجاودا دەژین، گوانی دەڵێ " لاوانی کورد ئێستا لە حالەتی کوڵاندان، منداڵەکان بێکارن و بگرە هەندێکیان ناتوانن سادەترین پێداویستی ژیانیان دەستەبەر بکەن، بۆیە لەم بارودۆخەو لە رەوشێکی ئاوادا کاری خۆبەخش وبەخۆڕایی ناکرێت". هەروەها گوانی پێیوایە گەنجان بۆ بەڕێوەبردنی سەنتەرەکە پێویستە مووچەیان بدرێتێ، لەمبارەیەوە دەڵێ " بیروبۆچوونەکانی بەرواری ئەوروپایین و خراپن وبەکەڵکی ئێرە نایەن ".

ئاسۆس شەفیقی یاریدەدەری بەرواری لەوەڵامدا دەڵێ ئەمە رێک ئەوعەقلییەتەیە کەئێمە دمانەوێت رووبەڕووی ببینەوەو دژایەتی بکەین " ئێمە دەمانەوێت لاوەکانمان بەهێز وئازاد بن نەک کۆیلە".

*لە رۆژنامەی Christian Science Monitor ەوە 2008/4/29

# 42 ملیاری بوودجەی ساڵی رابردوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەدیارنییە

**بەدواداچوونی: عەلی حەمەساڵح**

سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە رایگەیاند 42 ملیاردینارلەبوودجەی ساڵی رابردوو لەوەزارەتی داراییء وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری داراییەوە دراوەتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە، بەڵام هیچ پرۆژەیەکی پێ ئەنجام نەدراوە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش رەتیکردەوە کە ئەو برە پارەی وەرگرتبێ.

زرار تاهیر، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەپەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند" لە بوودجەی ساڵی رابردوودا، بوودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە 317 ملیارو 526 ملیۆن دینار بووە بۆ نەفەقاتی پرۆژەکان دانراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی بڕی 287 ملیارو 850 ملیۆنء 944 هەزار دیناری لەو پارەیە داوەتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە".

ناوبراو ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد کە "لەو287 ملیارو 850 ملیۆنء 944 هەزار دینارەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە دارایی وەریگرتووە، بڕی 245 ملیارو 724 ملیۆنء 726 هەزار دیناری خەرجکردووە، واتە بڕی 42 دینار دیارنییەو هیچ پرۆژەیەکی پێ ئەنجام نەدراوە، ئەمە جگە لەوەی 29 ملیار دیناریش لەبوودجەی تەرخانکراوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەلای وەزارەتی داراییە ماوەتەوە".

لەبارەی هۆکاری دیارنەبوونی ئەو برە پارەیەش، سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، وتی" هەردوو وەزیر، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داراییء وەزیری دارایی پێیان راگەیاندووین ئەو پارانە لەناو ئەو پرۆژانە دان کە ساڵی 2008 جێبەجێ دەکرێن".

بەپێی قسەی زرار تاهیر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەو برە پارەیەی وەرگرتووە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە " بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆژانە نەکراون، نەشیان خستۆتە ناو لیستی خەرجیء حیساباتی وەزارەت، بەراستی 42 ملیار پارەیەکی زۆرە".

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، رەتیکردەوە کە ئەو برە پارەیان وەرگرتبێء گوتی "ئەو برە پارەمان بەدەست نەگەیشتووەو پارەکان لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا وەزارەتی دارایی دەماندادتێ ء پارەکانیش لەوەزارەتی داراییین".

زرار تاهیر، ئەوەشی نەشاردەوە کە رەنگە ئەو پارەیە بۆ پرۆژە تەرخانکرابێ، بەڵام پرۆژەکان جێبەجێ نەکرابنء گوتی "لەوانەیە ئەو پارەیە بۆ چەندین پرۆژە تەرخانکرابێت، بەڵام کاری تێدا نەکراوە، بۆ نمونە رێگەی رەزگەو ماردووە 248 ملیۆن دینار، رێگەی دۆڵی گەلاو 497 ملیۆن دینار، 247 ملیۆن دیناریش بۆ رێگەی سەید سادق-پێنجوێن تەرخانکراوە، تا ئێستا کاریان تێدا نەکراوە". ئەو سەرۆک لیژنەیە گوتیشی "پارەکە لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە حیسابە، ئێمەش بەدواداچوونی تەواو دەکەینء ئەنجامی بەدواداچوونەکەش ئاشکرا دەکەین".

هەروەها زرار تاهیر بەدووری زانی ئەو پارەیە خورا بێتء گوتی "ناتوانم بڵێم پارەکە خوراوە یان دزراوە، چونکە من دەچمەوە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو دەڵێم 42 ملیار دینارتان بۆ تەرخانکراوە لەکوێ خەرجتان کردووەو ئێستا پرۆژەکان لەسەر ئەرزی واقیع دیارنییە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بەشێکی زۆری وەزارەتەکان بوودجەی ساڵی رابردوویان خەرجنەکردووەو مانەوەی ئەو پارەیەش تائێستا بۆ پەرلەمان روونەبووەتەوە.

سۆزان شەهاب، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند" بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی مونتەدای ئابووری کوردستان، حکومەت ساڵی رابردوو 63%ی نەفەقاتی تەشغیلی خەرجکردووە کە بریتییە لە خەرجییەکانی وەزارەتەکان، وەک مووچەء کرینی پێداویستی بۆ وەزارەتەکان".

سۆزان ئەوەشی خستەڕوو کە " کەس نازانێت ئەم 37%ی پارەی نەفاقاتی تەشغیلی کە خەرجنەکراوە وەزارەتەکان وەریان نەگرتووە یان وەریانگرتووەو خەرجیان نەکردووە یان لەوەزارەتی داراییە، چونکە حساباتی کۆتاییت لەبەردەستدا نییە، وەزارەتی دارایی دەبێت راپۆرتی خۆی بدات لەگەڵ حساباتی کۆتایی، ئەگەر وەزارەتێک بوودجەکەی خۆی خەرج نەکردبێت دەبێت روونکردنەوە بدات بۆچی خەرجی نەکردووە؟".

بەپێی زانیارییەکان رۆژی 2008/4/28 مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەسەرۆکایەتی کۆسرەت رەسوڵ لەگەڵ وەزیرو پەرلەمانتارەکانی لیستی سەوز لەهەولێر کۆبووەتەوە بۆ بەدواداچوون لە چارەنووسی ئەو پارانەی کەدیارنییە و دەبێت بخرێنەڕوو، کۆبووەتەوە.

سۆزان شەهاب لەو بارەیەوە وتی" گومانی ئێمە لە بەهەدەردانی ماڵی گشتییە لە رێگەی ئەو وەزارەتانەو ئەو خەرجییە زیادانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە هەموو دونیادا وایە بۆ ئەوەی بزانین بوودجەی ساڵی پار چۆن خەرجکراوەو چەندی ماوەتەوە دەبێ حیسابی کۆتایی بێتە پەرلەمان، چونکە زۆربەی وەزارەتەکان پارەیان گەڕاندووەتەوە، بۆ نمونە ساڵی پار زانکۆی سلێمانی پارەی گەڕاندووتەوە، ئەوە کارەساتە، پارە بگەڕێنیتەوەو نەتوانیت خەرجی بکەیت".

ئەو زیاتر لەسەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە قسەی کردء وتی"لەو کۆبوونەوەشدا وتومانە دەبێت حسیاباتی کۆتایی بێتە پەرلەمان، بڕیاریش دراوە لەماوەیەکی زۆر نزیکدا حساباتی کۆتایی بێت ء لیژنەیەک لەسەرۆکی لیستەکانء سەرۆکی پەرلەمانء جێگرەکەی ء سەرۆکی لیژنەکان سەیری دەکەن".

# ئەوانیش ئاڕمیان دەوێت

تۆڵە مەهدی
**رووداو - هەولێر**

کاتێک لێیان نزیک دەبیەوە، دەست بەگاڵتە کردن دەکەن و، پێیان سەیرە رۆژنامەیەک ئاوڕیان لێبداتەوە، یەکێک دەڵێت "هیچ کێشەمان نییە، تەنیا کێشەی ئاڕممان هەیە، بۆچی دەرمانسازان ئاڕمیان هەیە، ئێمە نیمانە".

بەڵام کاتێک دەیاندوێنیت، ئەوانیش بەدەر نین لە کێشەو گیروگرفت، وەک هەر چین و توێژێکی دیکە، گیرۆدەی هەندێک بڕیار و رێنمایی شارەوانی و پۆلیسی هاتووچۆن.

لەناو ئەو چەند تەنکەر و تادانۆ و قەلابەیەی لە گەراجێکی نزیک گۆڕستانی باشوور، لەسەر رێگای مەخموور وەستاون، 4 تەنکەری پیسایی بەرچاو دەکەون، تەنکەرێکیش لەسەر شەقامی سەرەکی هەولێر-مەخموور راوەستاوەو، دوو پیاو و منداڵێکی بەدیارەوەن.

هەرچەندە ئەوان رۆژانە مامەڵە لەگەڵ پیسترین پاشماوەی مرۆڤ دەکەن، بەڵام لەکاتی قسەکردنیاندا جگە لەپاکی هیچی دیکەیان لێ بەدیناکەیت. ئەوان زۆر سەر بڵندن بەو کارەی دەیکەن.

محەمەد تارق عومەر، کە خاوەن خێزانێکی 5 کەسییە، 14 ساڵە بەتەنکەر پیسایی ماڵان فڕێدەدات، پیشەکەشی بە "باشترین پیشە" ناوبردو گوتی "باوکم کاتی خۆی لە شارەوانی بوو، ئەو ئیشەی دەکرد، کە باوکم وازی هێنا من دەستم پێکرد، لەخوای بەزیاد بێ ئیشەکە زۆر زۆر باش بوو بۆیە وازم لێنەهێناوە و تا ئێستاش بەردەوامم و بەنیازیش نیم واز بێنم".

هەرچەندە جاران، شارەوانی بیری پیسایی ماڵانی لەکاتی پڕبوونەوەدا دەردەدا، بەڵام دوای راپەڕینی بەهاری 1991، شارەوانی وازی لەو کارە هێناو زۆربەی تەنکەرەکانیش کە بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکرابوون، بەخەڵکی دیکەی فرۆشت.

ئەگەر بەکۆڵانێک دا گوزەر بکەی و لەو کاتەدا یەکێک لەو تەنکەرانە خەریکی بەتاڵکردنی بیرێک بێ، توند دەست بە لووتتەوە دەگریت و دوور نییە بەهۆی بۆنەکەوە هێڵنجت بێ و بڕشێیتەوە، ئەی باشە ئەوانەی رۆژانە سۆندە شۆڕ دەکەنەوە ناو بیرەکان و پاکیان دەکەنەوە دەبێ بۆ ئەوان چۆن بێ؟

ئەو کارە بەلای ئەوانەوە زۆر ئاسایی بوو، هەروەک سەرکەوت سەلیم گوتی "کارەکە بەو شێوەیە پیس نییە، کە خەڵک بێزی لێدەکەنەوە، دواتریش ئێمە لەکارەکە راهاتووین بۆیە بۆ ئێمە زۆر ئاساییە و هیچ بێزیشی لێناکەینەوە".

سەرهەنگ سەلیمیش، کە لەتەنیشت سەرکەوتەوە وەستابوو لەبارەی ئەو ئیشەوە گوتی "کە دەچینە ماڵان بیر خاوێن دەکەینەوە، خاوەن ماڵ بێزی دەبێتەوە، بەڵام ئیشەکە خراپ نییە و رقم لەئیشەکە نابێتەوە و رەزیلیشی ناکەم، چونکە کاسبییە و کاسبیش هیچ عەیبی تێدا نییە".

سەرهەنگ لە ساڵی 2004ەوە ئەو کارە دەکات و کارەکەشی بەلاوە زۆر ئاساییە "خەڵک هەیە رۆژانە یەک ملیۆن دیناری بدەیتێ ئەو کارە ناکات، بەڵام بەلای ئێمەوە زۆر ئاساییە".

خاوەنەکانی ئەو چەند تەنکەرە بەدەرنین لەکێشە، ئەوانیش رۆژانە گیرۆدەی دەیان کێشەن، لەوانەش ئەو مەرجانەی لەلایەن شارەوانییەوە بۆیان دانراوە، هەندێک لەو مەرجانە بەباش نازانن و پێیانوایە لەو رووەوە شارەوانی غەدریان لێدەکات. لەوانەش شارەوانی ناهێڵێت ئەو تەنکەرانە داخلی سنووری شەقامی بازنەیی 30 مەتری ببن.

محەممەد تارق بەدەنگێکی کەمێک بەرزەوە گوتی "شارەوانی غەدرمان لێدەکات ئێمەیان هێناوەتە ناو ئەو گەراجە رزقی ئێمەی بڕیوە، نزیکەی 200 تەنکەر و لۆری تورک و عارەبان لەسەر جادەی راوەدەستن شارەوانی قسەیان لەگەڵ ناکات، بەڵام پێی غەدرە 4 تەنکەری پیسایی لەسەر شەقام بوەستن، کە ئەوە چەند ساڵە خزمەتی هەولێر دەکەن".

وەلید حوسێن، کە گەنجێکی روو خۆش و قسە خۆش بوو کاتێک ویستمان وێنەی بگرین گوتی "برام وێنەم بڵاو نەکەنەوە، دوایی کەس ژنم ناداتێ". ئەو لەساڵی 2000ەوە ئەو کارە دەکات، پێشتر شاگردی براکەی بووە، ئێستاش خاوەنی تەنکەری خۆیەتی.

وەلید زۆر بەسەر بەرزییەوە باسی لەکارەکەی دەکرد و گوتی "پێشتر کرێکاریم دەکرد لەبەیانی تا ئێوارە ئیشم دەکرد، سەرباری ئەو هەموو ماندووبوونەش وەستا رەزیلی دەکردم بۆیە ئەو ئیشەم هەڵبژارد، ئیشەکەش زۆر زۆر لە کرێکاری خۆشترە".

تاکە کێشەی وەلید رێگرییەکانی پۆلیسی هاتووچۆ بوو، چونکە پۆلیسی هاتووچۆ رێگەیان پێنادات بچنە هەموو شوێنێک، بەتایبەتیش سنووری شەقامی بازنەیی 30 مەتری، وەلید گوتی "ئەگەر بۆ ماڵە بەرپرسێک پیسایی دەربدەین، پۆلیسی هاتووچۆ رێگەمان پێدەدا، بەڵام بۆ ماڵە هەژارەکان دەڵێن قەدەخەیە بێنە ناو 30 مەترییەوە".

تاکە کێشەی سەرهەنگ، کە زۆر جێگەی تێڕامان و هەندێکجاریش جێگەی پێکەنینە ئەوەیە کە ئەوان خاوەن ئاڕمێکی تایبەت بەخۆیان نین، سەرهەنگ هەندێکجار بەپێکەنین و هەندێکجاریش زۆر بەجیددییەوە قسەی دەکرد و دەیگوت " بەبرای خۆم بڵێم یەک کێشەمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئاڕمێکی تایبەت بەخۆمان نییە، باشە بۆچی دەرمانسازان ئاڕمی تایبەت بەخۆیان هەیە و ئێمە نەمانبێ؟".

لەنێو ئەو چەند کەسەی لەدەوروبەری تەنکەرەکان وەستابوون، مێرد منداڵێکی تەمەن 15 ساڵان بەرچاو دەکەوت، کە خەریکی سۆندەی یەکێک لەتەنکەرەکان بوو. ئەو مێرد منداڵە کە ناوی شالاو ئیسماعیل بوو، بەهۆی ئەوەی باوکی خاوەنی تەنکەرە ئەو کارەی هەڵبژاردووە.

شالاو، کە تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە، کاتێک لێی دەپرسیت؟ ئەو کاتەی لەقوتابخانە بوویت، مامۆستا لێی دەپرسیت حەز دەکەی لەئایندەدا ببیت بەچی، تۆ ئەو کات بیرت لەوە دەکردەوە ئەو کارەی باوکت هەڵبژێری؟ وەڵامی شالاو "نەخێر" بوو.

کاتێک لەبارەی پیسی کارەکە و بەردەوامبوون لەسەر ئەو کارە پرسیار لەشالاو دەکەیت، ئەو دەڵێت "ئەو ئیشەم لە باپیرم بۆ ماوەتەوە، قەت بڕیاریشم نەداوە وازی لێ بهێنم، لەبەر ئەوەی ئیشەکی باشە، سەبارەت بە پیسییەکەشی، بەو جۆرە پیس نییە، دەمامکمان هەیە لەکاتی کار کردن بەکاریدەهێنین".

هەرچەندە زۆرجار گلەیی لەو تەنکەرانە دەکرێت کە پیسایی لەناو شار، یان شوێنی نزیک ئاوەدانی فڕێدەدەن، بەڵام دوای دانانی سزای دارایی لەسەریان ناتوانن کاری لەو جۆرە بکەن، هەروەک محەممەد تارق گوتی "جێگەی تایبەتمان بۆ تەرخانکراوە، بۆ رشتنی پیسایی، هەر کەسێک پیسایی لەشوێنی دیکە فڕێبدات، بە یەک ملیۆن دینار سزا دەدرێ".

## هونەر



شڤان پەروەر و چۆپی
یارمەتی خێزانی
شەهیدانی قامشلۆ دەدەن

تایبەت بە ڕووداو

◆ هونەرمەندی مەزن شڤان پەروەرو چۆپی فەتاح بڕیاریانداوە داهاتی ئەو کۆنسێرتەی لەهامبۆرگ سازی دەکەن بدەنە خێزانی شەهیدانی قامشلۆ. سەرچاوەیەکی نزیک لەهونەرمەندان شڤان پەروەر و چۆپی فەتاح بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە هەردوو هونەرمەند بڕیارە لە 2008/5/10 لە هامبۆرگی ئەڵمانیا کۆنسێرتێک ساز بدەن و، داهاتی کۆنسێرتەکەش بۆ خێزانی شەهیدانی قامشلۆ بنێرن.

### شیرین پەروەر، یەکەم ژنی کورد کە گۆرانی شۆڕشگێڕی وتووە:

# وەزارەتی ڕۆشنبیری وەزارەتێکی ڕووکەشە و خاوەن بڕیار نییە

**عەبدولڕەحمان عەلی**
**ڕووداو – هەولێر**

ژنێک بە سکپڕییەوە شار بەشار و گوند بەگوندی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەگەڕێت تا بگاتە لای مێردە شۆڕشگێڕەکەی، سنوورە دەستکردەکان دەبڕێت و سەرئەنجام دوو ڕۆژ بەر لەوەی بگاتە لوبنان دەگاتە قامشلۆ، ئەوکات ساڵی 1959 دەبێ و کچێکی دەبێ، ناوی لێدەنێ (شیرین). شیرین و دایکی پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە قامشلۆ بەرەو بەیروتی پایتەختی لوبنان بەڕێدەکەون.

بنەماڵەی شیرین پەروەر لە عەشیرەتی ئۆمەریی باکووری کوردستانن. باپیری شیرین بەشداریی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی کردووە و ناچاربووە لە جزیری بۆتانەوە بچێتە گوندی مەرجیەی سەر بە شاری مێردین، تورکەکان لەوێش وازیان لێناهێنن و ناچاریان دەکەن شارەکەیان بەجێبێڵن و بەوشێوەیە لە ساڵی 1961 چوونەتە لوبنان.

کەشوهەوای شۆڕشگێڕی بنەماڵەی شیرین هەر لەمنداڵییەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شیرین داناوە، بەشێوەیەک لەوکاتداکە دەرکەوتنی پیاوانی گۆرانیبێژیش زۆر سەخت بوو، شیرین لە تەمەنی 13 ساڵیدا چووەتە سەرتەختی شانۆ. شیرین دەڵێ ئەو یەکەمین ئافرەت بووە گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕی بڵێ و لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) دەڵێت "ئەو قۆناخەی منی تێدا گەورە بووم هیچ ئافرەتێک نەبوو کە گۆرانی بۆ کورد و کوردستان بڵێ تەنانەت پیاویش زۆر کەمبوون".

لەساڵانی پەنجاو شەستەکاندا سێ ژنە کوردی هونەرمەند هەبوون کە گۆرانیان دەگوت، ئەوانیش مریەم خان و ئایشەشان و گولبەهار بوون.بەڵام شیرین دەڵێ "بەڵام من یەکەم ژن و کچ بووم کە لەساڵی 1972 دا گۆرانی سیاسی و نیشتیمانیم گوت، یەکەمین گۆرانییەکانم بەسەرپەرشتی مامۆستا سەعید یوسف و محەممەد شێخۆ گوتن، ئەوانەش بریتیبوون لەسروودی کوردستان، من پێشمەرگەی کوردستانم، بژی بژی کوردستان.

شیرین ئێستاش زۆر سەرسامە بە دەنگخۆشیی دایکی و شۆڕشگێڕیی باوکی دەڵێ باوکی بۆئەوەی ژیان لە لوبنان لە زمانی کوردی دایاننەبڕێ لەماڵ هەمیشە بە کوردی قسەی لەگەڵ دەکردن و ناوی هەموو خواردن و کەرەستەکانی بە کوردییەکی پەتی پێدەگوتن.

هەر بەهۆی ئەو شۆڕشگێڕییەی باوکیشیەوە بووە، هەرچەندە لە رووی ئابووریشەوە زۆر دەست تەنگ بوونە، ماڵەکەیان لە لوبنان ببووە مەڵبەندی کۆبوونەوەی سیاسییەکان، شیرین دەڵێت " زۆر کەسایەتی وەک د.کامەران بەدرخان، د.نورەدین زازا، عەلی کەمال، بەڕێز مام جەلال، سەیدا جگەرخوێن، قەدریجان، ئەکرەم جەمیل پاشا، کەمال جانپۆلات و گەلێک کەسایەتی دیکە لەماڵمان کۆدەبوونەوە، باوکم دەیگوت شیرین وەرە ئەگەر تۆ ئەمشەو سروودی ئەی ڕەقیب یان ئەی فەلەک فەلەک بۆ میوانەکان بێژی، بەڵێنت پێدەدەم سبەی دەتبەمە بازاڕ و کتێبێکی چیرۆکت بۆ دەکڕم و منیش چونکە حەزم لە چیرۆک بوو بەدەنگێکی بەرز ئەی ڕەقیبم بۆ دەگوتن".

ژیان لە بەیروت هاندەرێکی دیکەی بووە کە باشتر تێکەڵاوی هونەر ببێ و بسەلمێنێ کە کچی کوردیش دەتوانێ دەربکەوێ و کاری هونەری بکات.

مانەوەیان لەلوبنان تا ساڵی 1977 بەردەوامبوو، بەڵام لەوکاتەوە چووەتە ئەڵمانیا، شیرین پەرەوەر ئێستاش ماڵی لە شاری بۆنی ئەڵمانیایە.

شیرین خوێندنی سەرەتایی لە لوبنان خوێندووەو دواتر لەئەڵمانیا درێژەی بەخوێندنەکەی داوەو لەبواری ئیتنۆلۆژیدا بڕوانامەی دیپلۆمی بەدەستهێناوە.

شیرین پەرەوەر، کەدووکچی هەیە بەناوەکانی (گوڵانزین و لۆرین) و کوڕەکەیشی ناوی (تیرێژفورات)ە. دەڵێ" بەڵام لەمێردەکەم جیابوومەتەوە"، بێ ئەوەی باسی هۆکارەکانی جیابوونەوەکەیان بکات.

شیرین کە زیاتر بە گۆرانی شۆڕشگێڕی ناسراوەو، گۆرانی و سرودەکانی لە ئێزگەکانی شۆڕشدا شوێنێکی تایبەتیان هەبوو، تائێستا 6 کاسێت و سیدیەکی گۆرانی لەگەڵ هونەمەندێکی ئەمریکی بەناوی (دانی تەیت) هەیە. شیرین دەڵێت "ئەو سیدیەم لەگەڵ هونەرمەندانی گەنجی کورد لەئەمریکا بەسەرپەرشتی مامۆستا جەمال بەختیار وهونەر بەختیار دروستکردووە". وەکو خۆشی ئاماژەی پێدا ئەو کارە لەئاستێکی ئەمریکی جیهانیدایەو بۆ منداڵانی کورد کراوە.

شیرین ئێستا سێ پڕۆژەی پێشکێشی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان کردووە، بۆ تازەکردنەوەی بەرهەمەکانی، بۆئەوەی لە کۆی 58گۆرانی 8 تا 12 گۆرانی بەشێوازێکی نوێ بڵێتەوە.بەڵام گلەیی لە وەلامنەدانەوەی پڕۆژەکانی هەیە "کارەکەم لەئەنجوومەنی وەزیران بەزەحمەت دەچێتە پێش".

شیرین پەروەرکە خۆشەویستی و ڕێزێکی تایبەتی بۆ وەزیری ڕۆشنبیری هەیە، بەڵام لەو پێوەندییەدا گلەیی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریش دەکات ودەڵێ "ئەوە دوو مانگە ئەو پڕۆژانەم لە ڕێگای وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە پێشکێشی ئەنجوومەنی وەزیران کردوون، دیارە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەزارەت نییە، بەڵکو تەنها بە ڕووکەش وەزارەتە، چونکە هەمیشە بڕیارەکان لە لیژنەیەکی سەرووتر لەوانەوە دەدرێن و ئەوان توانای بڕیاردانیان نییە، من دوو جار بەدوای ئەو پڕۆژانەمدا چووم، بەڵام هەر جارەو شتێکم پێدەڵێن".هەروەها زیاتر لەبارەی ئەو پڕۆژانەی دەدوێ و دەڵێ"یەکێکیان سیدییەکی پیرۆزبایی ئازادی کوردستانە، ئەوی دیکەش سیدییەکی شەش گۆرانییە، سێیەمیش نۆستالۆژیایە و گەڕانەوەیە بۆ گۆرانییە کۆنەکانم".

شیرین پەروەر، جگە لەگۆرانیبێژی، شێوەکاریشە " شێوەکاریم زۆر خۆشدەوێ و تا ئێستاش 55 تابلۆم هەیە و بەشداری چەندین پێشانگای جۆراوجۆرم کردووە".

شیرین پەروەر، بۆ یەکەمجار لەدوای ڕاپەڕین لە ساڵی 1991 هاتەوە کوردستان، ماوەیەک لە کوردستان مایەوە، لەو ماوەیەدا بەزۆریی جلوبەرگی پێشمەرگەیی لەبەر بوو و دەمانچەیەک بەناو قەدییەوە بوو.جاری دووەمیش لە ساڵی 2004 هاتەوە کوردستان " لەساڵی 2004 لەسەر داوای بەڕێزان خوشکم هێرۆخان و مام جەلال و لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئیدارەی سلێمانییەوە داوەتکرام و گەڕامەوە کوردستان".

شیرین لەگەڵ ئەوەی دەڵێ "هیچ شوێنێک نابێتە وڵاتی خۆت"، ئاماژەی بەوەدا کە ڕۆژی یەکەم کە هاتووەتە باشووری کوردستان "مام جەلال گوتی شیرین داواکاری تۆ چییە؟ منیش گوتم وەک هەر کوردستانییەک دەمەوێت لەسەر ئەو خاکە پیرۆزەی کوردستان بمرم




نامەوێت لەکۆڵانەکانی ئەووروپادا بە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل یان شتێکی دیکە بمرم".

شیرین لە2004وە بۆماوەی دوو ساڵ لەکوردستاندا دەمێنێتەوەو هێرۆخانیش وەک ڕێزلێنانێک بۆ ئەو هونەرمەندە شوێنێکی مانەوەی بۆ تەرخان دەکات. شیرین دەڵێ "بەڵام لە 2006 ناچار بووم لەبەر هۆکارێکی تایبەتی بچمە ئەورووپا و ئەمریکاو، لەساڵی2007 لەسەر داوای وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێزکاک فەلەکەدین کاکەیی بۆ بەشداربوون لەفیستیڤاڵی سەیدا جگەرخوێن گەڕامەوەو تا ئێستاش میوانی ئەوانم، هەرچەند خۆم بەمیوان نازانم و کوردستان ماڵی هەر کوردێکە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، کێشە لەسەر زۆر مانەوەی شیرین پەرەوەر لە هوتێلی چوارچرا و پارەی ئەو مانەوەیەی لەگەڵ حکومەت دروستبووە. کە ئەو زانیاریانەمان وەک پرسیار ڕووبەڕوو کردنەوە شیرین یەکسەر پرسیارەکە دەبڕێ و دەڵێ "مەسەلە حیسابی من نییە، لەکوردستان لەهەموو دەزگا و وەزارەتەکاندا هەندێ دەستەوتاقم هەن کە هەرگیز کارەکانیان لەبەرژەوەندی گەلی کورددا نییەو کارەکانیان زیاتر دەچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندی تاکەکەسی و گرووپێکەوە، زۆر سروشتییە ئەوانە لەکەسانێکی وەک من بترسن، چونکە کەسانی وەک ئێمە کارەکان بەپاکی دەکەین و دزی ناکەین، بەس خزمەت دەکەین".

زۆرجار ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی ژنانی هونەرمەند دەکرێ کە بۆچی لەسەر پرسی ژن کوشتن و ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی کە دەرحەق بەژنی کورد دەکرێت کلیپێکیان دروستنەکردووە. شیرین لەوبارەیەوە دەڵێ"لەناوەڕۆکی هەرشەش کاسێتەکەمەوە بگرە تا دروشم وناونیشانیان پڕە لەباسی ژن. لەهەرکاسێتێکمدا لانیکەم لە 2 تا 4 گۆرانیم لەسەر ژن و ئازادی و مافی کچ و ژنی کورد، بەزۆر بەشوودانی کچ گوتووە، من لەو بڕوایەدام کە نەتەنیا ژن بەڵکو پیاوی کوردیش ئازاد نییە".

شیرین کاتێک لەساڵی1991 هاتووەتە باشووری کوردستان وەک خۆی دەڵێ سێ شت سەرنجی ڕاکێشاون، یەکەم گەرمی هەستی نەتەوەیی، دووەم دیناری ساختە هەبووە، سێیەم ژنی کورد بەئازادانە جلوبەرگی کوردی پۆشیوە "بەڵام کە ئێستا هاتوومەتەوە کوردستان، یەکەم شت کە هەستم پێکرد ساردبوونەوەی هەستی نەتەوەیی، جێگرتنەوەی دیناری ساختە لەلایەن دۆلارەوە و سێیەمیش ژنی عەباپۆش زۆرتربووە ".

# بۆ جلوبەرگ ماڵەو ماڵ دەگەڕێن

## گرووپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵات بەشداری ئاهەنگی تایبەتی ناکەن و دەیانەوێت سەربەخۆبن

**دڵپاک زرار**
**ڕووداو –کۆیە**

"لەوەتەی کاک فەردینی سادقی لە ژیاندا نەماوە خەڵکی وا دەزانن ئەم گرووپەش نەماوە "ئەمە قسەی گەلاوێژ باپیرییە کە هەر لە سەرەتایی دامەزراندنی گرووپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەلات بووەتە ئەندامی.

کوردانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لەناوچەی زەویە سپی شاری کۆیە نیشتەجێن، پاراستنی کولتوور و کەلەپووری خۆیان زۆر بەلاوە گرنگە، چەندساڵ جارێک لەنێو خۆیان پێشبرکی بۆ گرووپەکانی شایی دەکەن، هەریەک لەم گرووپانەش سەر بەشارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. لە ساڵی2000 ئەم پێشبڕکێیە کراو فەردین سادقی بەباشترین سەرچۆپی کوڕ و کوێستان خوسرەوی بە باشترین سەرچۆپی کچ هەڵبژێردران.

ئیدی فەردین کە هاوینی پار بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە گیانی لەدەستدا، لەساڵی 2001 بڕیاردەدات کار بۆ دامەزراندنی گرووپێکی شایی بکات بۆیە سەرکەوتووەکانی ئەم پێشبڕکییە کۆدەکاتەوە وگرووپەکە دادەمەزرێنێت و ناوی گرووپەکەش دەنێت (گرووپی هەڵپەرکێی ڕۆژهەلات).

لەبارەی کارەکانی ئەم گرووپە شوان نارستی کە ماوەی سێ مانگە بووەتە بەڕێوەبەری گرووپەکە دەڵێ"ئێمە وەک گرووپێکی هەڵپەرکێین و بەشداری بۆنە و فیستیڤاڵ و کلیپەکان دەکەین، زۆرجاریش وێڕای شایی وەک ئەکتەریش بەشداری کلیپەکان دەکەین".

شوانە ئاماژە بەوەش دەکات کە زۆرجار بۆ زەماوەند و بووک گواستنەوە بانگهێشت کراون، بەڵام نەچوونە، هۆیەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کەئەوان تەنیا کاری هونەری دەکەن، هەرچی شێوازی کارکردنیشیانە ئەوا بەپێی گرێبەست دەبێت، بەر لە دەست پێکردنی کارەکە لەگەڵ ئەو لایەنەی کەکاری بۆدەکەن ڕێکدەکەون و مەرجی سەرەکیشیان ئەوەیە دەبێت کارەکە لە ئاستێکی باشدابێت.

ئەوان یارمەتی لەکەس وەرناگرن "ئەوە نەبێ کەکاتێک کارمان لە ناو شاری کۆیە هەیە حیزبی دیموکرات لەرووی هاتووچۆوە ئۆتۆمبێلمان بۆ دابین دەکا و ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان شوێنمان بۆ دابین دەکەن،دەنا یارمەتی لە کەس وەرناگرین". شوانەی بەڕێوەبەری گرووپەکە باس لەوەش دەکات کە لە ڕووی هاوکارییەوە کەس یارمەتیان نادات و بەخۆشیان داوای یارمەتی لە کەس ناکەن چونکە نایانەوێ گرووپەکە سەربەخۆیی خۆیی لەدەستبدات بۆ لایەنێک یان کەسێک کاربکەن، بەڵام پێیان خۆشدەبێت ئەگەر ببن بە گرووپی وەزارەتی ڕۆشنبیری "گرووپی نالی هەوڵیان بۆداین، بەڵام کارەکە نەبوو".

### لەماڵ پرۆڤە دەکەن

بەهۆی ئەوەی یارمەتی لە کەس وەرناگرن و سەرچاوەی داراییان نییە بۆیە کۆمەڵێک گیروگرفتیان هەیە، هەندێک لە ئەندامانی گرووپەکە ناچارن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان کاری دیکە بکەن، جگە لەوەی فەرهاد سالحی پێشمەرگەیە و ئەوانیدیکەش قوتابین.

لەبارەی جلوبەرگیشەوە ڕێناس زەمانی کە قوتابی پۆلی سێی ناوەندییە گوتی "ئێمە بەقەرز جلک لە خەڵک وەردەگرین و ماڵەوماڵ دەگەڕێین"، ئەمەشی زیاتر بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە ئیشەکانیان یەک جۆر بەرگ دەپۆشن.

ئاشتی ئیزەدپەنا کە قوتابی چوارەمی ویژەییە لەبارەی نەبوونی شوێنی ڕاهێنان وپرۆڤەشیانەوە گوتی"چونکە شوێنمان نییە بۆیە ناچارین لەبارەگای حیزب یان لەماڵی یەکێکمان پرۆڤە بکەین کەئەمەش گرفتێکی گەورەیە بۆ ئێمە".

### لەگەڵ نوێگەری نین

مەبەست لەدامەزراندنی ئەم گرووپە تەنیا زیندووڕاگرتنی فۆلکلۆری کوردییە ونایانەوێ نوێگەری لە جلوبەرگ و هەڵپەرکێکانیاندا بکەن، ئاوات ئیزەدپەنای ڕاهێنەری ئەو گرووپە دەڵێ"شایی و هەڵپەڕکێیەکانی ئێمە کۆنن و فۆلکلۆری کوردین و نامانەوێ بیانگۆڕین و شتی سەردەمی لە گەڵ تیکەڵ بکەین چونکە ئەرکی سەرەکی ئێمە پاراستنی فۆلکلۆری کوردییە"، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەوان 30 شایی دەزانن کە هەریەکەو بەشێوەیەکە و دەربڕی حالەتێکی تایبەتی ژیانە.

بۆ پرۆڤەش ئاوات دەڵێ "لەکاتی هەبوونی دەوامی خویندن ڕۆژانی پینج شەممەوهەینی پرۆڤە دەکەین هاوینانیش هەفتەی سێ ڕۆژ پرۆڤە دەکەین"، ئەگەر گۆڕانکارییش لە گرووپەکە رویدا ئەوا یەکێکیتر دەهێنە جێگەی و بەزووترین کات فێری هەڵپەرکێیەکانی دەکەن، هۆی ئەم گۆڕانکاریانەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کەهەندێک لە ئەندامەکان شوودەکەن یان ژن دێنن یان لەبەر هۆی دیکە وازدێنن.

گرووپی ڕۆژهەڵات گلەیی ئەوە دەکەن کە بانگهێشتی ڤیستیڤاڵەکان ناکرێن،زۆرجار پێشکێشکاری بەرنامەکان بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانیان بەڵێنی بێ کردەوەیان پێداون، بەڵام لە هەمانکاتدا سوپاسی گرووپی مۆسیقای نالی هەولێر دەکەن.

لەگرووپی ڕۆژهەڵات دوو ئەندامیان، فەرهاد ساڵحی و شیرین مەحمود زادە گۆرانی دەڵێن.

ژمارەی ئەندامانی گرووپ چواردە کەسن کە لە پێنج کوڕ و نۆ کچ پێکهاتوون، کچەکانیش گشتیان قوتابین جگە لە گەلاوێژ باپیری کە پەریستارە و خێزانی شوانە نارستی بەڕێوەبەری گرووپەو منداڵێکیشی هەیە.دەڵێ " کچەکان بە پاڵپشتی ماڵەوەیان هاتوونەتە ناو گرووپ و هەمیشە کارئاسانیان بۆکراوە بۆ ئەوەی بتوانن لە پاڵ خوێندن بەردەوام بن لەگەڵ گرووپ و دانەبڕێن، بەلام ئەوەی بەلای هەندیک لە کچەکانەوە جێی پرسیاربوو ئەوە بوو کە هەندیک خەلک بەچاویکی نزم سەیریان دەکەن و پێیان دەڵێن کە چۆن بەشداری گرووپی هەڵپەرکێ دەکەن وچۆنە ئەوەندە حەزتان لە شاییە". گەلاویژ باپیری ئەمە بۆ جیاوازی فەرهەنگی باشوور و ڕۆژهەلات دەگەرێنێتەوە دەلی "خەڵکی باشوور زۆرکەم حەزیان لە شاییە هەندێکیان پێیان سەیرە کەئێمە شایی دەکەین و زۆرجار توانجمان لێدەدەن و بۆیە کاتێک خەڵک دەڵێن تۆ کچەکەی ناو شایی منیش دەڵێم نا هەونیمە چونکە دەزانم هەرچەندی لەگەڵیان بڵێم بێ سوودە". بەڵام کوێستان خوسرەوی بەو پەڕی شانازییەوە ئەم کارە دەکات و لەبەر ئەوەی لە باب و باپیرانەوە بۆی ماوەتەوە دەخوازێت کولتوری کوردی هەردەم بەرز رابگرێت گوتی"زۆر جار هاورێیانی قوتابخانەم دەڵێن تۆ چۆن کاری وادەکەی، بەلام دوای ئەوەی بۆیان باس دەکەم پەشیمان دەبنەوەو خۆزگەم پێ دەخوازن".



گرووپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵات



## نرخی پلیتی یارییەکەی ئۆرترافۆرد گەیشتە 800 دۆلار

ڕووداو . مانچستەر

◆ لەیارییەکەی هەفتەی ڕابردووی نێوان هەردوو یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و بەرشلۆنەی ئیسپانی، لەمیانی قۆناخی پێش کۆتایی چامپیۆنسلیگدا، هەندێک لەهاندەرانی هەردوو یانەکە ناچاربوون لەبازاڕی ڕەش یەک پلیتی چوونە نێو یاریگای ئۆرترافۆرد بە 400 پاوەند کە دەکاتە 800 دۆلار، بکڕن.

# بۆچی پڵنگەکانی کەتالۆنیا بەشەیتانە سوورەکان دۆڕان؟

## ڤێرگسۆن بە 40 کاسێتی ڤیدیۆ لە بەرشلۆنەی بردەوە

**لێدوانی ڕووداو**

پڵنگەکانی کەتالۆنیا بەهۆی لێکنەگەیشتن ونەمانی متمانە،بەرامبەرشەیتانە سوورەکانی ئینگلیز دۆڕان.

لەدوا ئاکامی هەردوو یاریەکەی نێوان بەرشلۆنەی ئیسپانی و مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لەچوارگۆشەی زێڕینی چامپیۆنسلیگدا، ئەنجامە چاوەڕوان کراوەکە هاتە دی بەسەرکەوتنی شەیتانە سوورەکانی ئینگلیز بەسەر پڵنگەکانی کەتالۆنیای ئیسپانیدا، بەو پێیەی ئەمساڵ ئاستی یانە ئیسپانییەکە بەهۆی کۆمەڵێک کێشەوە کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، ڕووی لەدابەزین کردو نەیتوانی لەسەر ئاستی ناوخۆدا ململانێ لەگەڵ ڕیال مەدریدی ڕکابەرە تەقلیدییەکەی بکات، بۆیە ریکاردی ڕاهێنەر هەموو کۆششەکانی بۆ چامپیۆنسلیگ تەرخانکردو توانی بگاتە چوارگۆشەی زێڕین، بەڵام لەوێ نەیتوانی بەربەستی شەیتانە سوورەکان ببڕێت.

هەرچەندە لەم دوو یارییەدا بێجگە لەڕۆنالدینیۆی بەرازیلی، بۆ جاری یەکەم بوو بەرشلۆنە بەپێکهاتەیەکی تەواو و بێ کەموکوڕی یاری بکات، بەڵام ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەک بوو کە ئەو پڵنگانە هێشتا لێکگەیشتنێکی تەواویان لەنێو خۆیاندا پەیدا نەکردبوو، بەتایبەتیش باشترین دوو یاریزانەکەی، میسی و دیکۆ کە ڕاستەوخۆ لەپێکان و دابڕانێکی درێژەوە بۆ ئەم دوو ڕووبەڕووبوونەوە گەڕانەوە.

ئەو ئاستە خراپەش کە بەدرێژایی ئەم وەرزە نیشانیدا هۆکارێک بوو بۆ داڕووخانی ورەی یاریزانانی، بەتایبەتیش بەرامبەر شەیتانە سوورەکان کە بڕواو متمانەیان بەوە نەمابوو بتوانن بەسەریاندا سەرکەون، بەتایبەتیش کە لەیەکەم یاریدا لەسەر یاریگای خۆیاندا هیچ گۆڵێکیان بۆ تۆمار نەکرا.

سەرباری هەموو ئەمانەش تەنها هەڵەیەکی بەرگری پڵنگەکان، شەیتانە سوورەکانی گەیاندە یاری کۆتایی.

لەلایەکی دیکەوە ئەلیکس ڤێرگسون، ڕاهێنەری مانچستەر دوای کۆتایی هاتنی یاریەکە، ئەوەی بۆ ڕۆژنامەنووسان ئاشکرا کرد، کە بەر لەئەنجامدانی ئەم یارییە بەچەند ڕۆژێک سوودی لەکاسێتی 40 یاری تۆمارکراوی پێشووی بەرشلۆنە وەرگرتووەو پێکەوە لەگەڵ یاریزانەکانیدا سەیری شێوازو تاکتیکی یارییکردنی یانە ئیسپانییەکەی کردووە، لەسەر ئەو بنەمایە ڕێنمایی داوەتە یاریزانەکانی بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنن و خۆیان بگەیێننە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ.




یانەی بەرشلۆنە

ڕووداوی هەفتە

# شکستێکی پاساودار

**د.عەبدوڵڵا مەجید***

لەگەڵ دانانان بەو ڕاستییەدا کە یانەکەمان لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا تووشی شکست هاتووە،بەڵام چەند ڕاستییەکیش هەن، کە دەکرێت ئەو شکستەی پێ پاساو بدەین.

خەڵکانێک بێ هیچ لێکدانەوەیەک ڕەخنەیەکی توندتر لە پێویست، لەو شکستەی یانەی هەولێر دەگرن. کە لەڕاستیدا بە وردبوونەوەو لەبەرچاوگرتنی هەندێک لەو بارودۆخانەی یانەکەمان لەسایەیاندا بەشداری ئەم پاڵەوانێتیەی کرد، ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە چەندین پاساوی ڕەوامان بەدەستەوەیە.

جاری یەکەمە یانەی هەولێر لەسەر ئاستێکی هێندە بەرزدا بەشداری پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی دەکات، کە ئەمەش پێویستی بەئەزموون و ورەو متمانەیەکی زۆر هەیە. جۆرێک لەکەمتەرخەمیش لەڕاهێنەر هەبوو کە نەیتوانی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ یاریزانەکانیدا دروست بکات (هەر بۆیەش پێویست بوو بیگۆڕین)، جیا لەنەبوونی هیچ پشتگیرییەکی دارایی و مەعنەوی، کە بەداخەوە کەس خۆی بەخاوەنی یانەی هەولێر نەدەزانی، بەقەرز کۆکردنەوە بەشداریمان لەم پاڵەوانێتیەدا کردووە، لەکاتێکدا ئەو یانانەی بەرامبەر ئێمە یارییان دەکرد بوودجەیان بەملیۆنەها دۆلارە، لیژنەی ئۆلۆمپی قەتەری بەپارەی خۆی سێ یاریزانی بیانی بۆ یانەی غەرافە بەدیاری کڕیوە، لەبەر بێ پارەیی نەمانتوانی ئۆردووگایەکی مەشقی ساز بکەین و چەند یارییەکی دۆستانە ئەنجامبدەین.

هەموو یارییەکانمان دوور لەخاک و جەماوەری خۆمان ئەنجامداوە، ئەو هەموو سەفەرانە بۆ وڵاتانی کوێت و قەتەرو ئوردن و ئۆزبەکستان یاریزانەکانمانی تووشی ماندووبوون و هیلاکییەکی زۆر کرد.

خۆزگە ئەوانەی ڕەخنەمان لێدەگرن و داوای ئەنجامی باشمان لێدەکەن، پێشتر ئەم بارودۆخانە لەبەرچاو بگرن.

*سەرۆکی یانەی هەولێر

# چێلسی لەبەردەم خەونێکی مێژووییدا




**لێدوانی ڕووداو**

چێلسی خەون بەوەوە دەبینێت بۆ یەکەمجار لەمێژووی خۆیدا نازناوی ئەوروپا بباتەوە.

سەرەڕای ئەو بارودۆخە نالەبارەی لەسەرەتای ئەم وەرزەدا تووشی هات بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی ڕاهێنەرەکەی و یاخیبوونی چەند یاریزانێکی، یانەی چێلسی ئینگلیزی بەسەرپەرشتی ڕاهێنەرێکی نەناسراوەوە (ئەفراهام گرانت)، کە بەپەلە و بەناچاری دانرا، توانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەسەر ئەو هەموو زەحمەتییانەدا زاڵ ببێت و وەک یەکێک لەبەهێزترین یانەکانی ئینگلتەراو ئەوروپا خۆی نیشانبدات.

ئێستا جیا لەوەی کە ڕکابەرێکی بەهێزی نازناوی پریمەرلیگە، توانیویەتی خۆی بگەیێنێتە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ، کە لێرەدا کەوتووەتە بەردەم هەلێکی مێژوویی، کە هەردەم خەونە گەورەکەی بردنەوەی نازناوی ئەوروپییە، چونکە تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە ئەو خەڵاتە گەورەیە بەجەماوەرەکەی ببەخشێت

# یانەی کفری پەنا دەباتە بەر دادگا

**بێستون سەلام**
**ڕووداو . کفری**

ئەمساڵ بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو یانەی کفری دابەزییە خولی تۆپی پێی یانە پلە دووەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕی یانەکەش پێیانوایە دابەزاندنیان بۆ ئەو پلەیە لەئەنجامی بڕیارێکی سیاسی بووە.

لە کۆی 10 یاری خولی یانە پلە یەکەکانی ئەمساڵدا یانەی کفری توانی تەنیا دوو یاری بباتەوەو بۆ پلەی دوو دابەزی. ڕەحیم سەعید سەرۆکی یانەکە هۆکاری سەرەکی ئەو ئاست نزمییەی یانەکەی بۆ کەمی مینحە گەڕاندەوە "مانگانە تەنیا یەک ملیۆن دینار وەردەگرین، ناتوانین تەواوی ئیشەکانی یانەکە جێبەجێ بکەین".

نەبوونی یاریگای چیمەنیش لەشاری کفری هۆکارێکی دیکەیە کە کاریگەری خراپی بۆ سەر ئاستی یانەکە هەیە .فیراس کەریم، کاپتنی تیپی توپی پێی یانەکە پێیوایە ئەو هۆکارە زۆر کاریگەرە، چونکە ئەمە وایکردووە کە یانەکەیان نەتوانێت لەسەر یاریگای خۆی و لەناو جەماوەرەکەیدا یاری بکات. ئاماژەش بە بێ توانایی ڕاهێنەرەکەیان دەدا و دەڵێ "ڕاهێنەرەکەمان ئەو توانایەی نەبوو کە تەکنیک و تەکتیک لەیارییەکاندا پەیڕەو بکات زێدەباری ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان یاریزانەکاندا دەیکرد".

دوای کۆتایی هاتنی خولی تۆپی پێی کوردستان، یانەی کفری لەکۆمەڵەکەی خۆی لەڕیزبەندی نۆیەمدا، بە 6 خاڵ لەگەڵ یانەی شۆڕیجەی کەرکووک هەمان خاڵیان هەیەو بەجیاوازی گۆڵیش لەپێشەوەیە کەچی شۆڕیجە بەپلەی هەشتەم لەسەرووی ئەوەوە دانراوەو هەر لەڕیزی یانە پلە یەکەکاندا مایەوە، بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەی کفری ئەمە بەناڕەوا دەزانن.

سەرۆکی یانەکە گوتی "ئەگەر لەڕووی ژمارەی گۆڵ و بردنەوە ئەژماری بکەین کفری لەسەرووی شۆڕیجەوەیە، ئیتر نازانم چۆن ئێمەیان خستووەتە خوار شۆڕیجەوە، کە هیچ یاسایەکی تۆپی پێ وا نالێت، بۆیە ئەگەر ئەو مەسەلەیە یەکلایی نەکرێتەوە پەنا دەبەینە بەر دادگا و داوای مافی خۆمان دەکەین".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کەوا ساڵی ڕابردوو وەزیری وەرزش و لاوان تەها بەرواری لەکاتی سەردانەکەیدا ئەو بەڵێنەی پێداون کە یاریگایەکی چیمەنیان بۆدروست بکات "ئێمە دەرخستەمان بۆ یاریگایەکە کرد، کە بڕی 25 ملیۆن دیناری پێویست بوو، بەڵام دواترسەردانی وەزارەتمان کرد وتیان ئەگەرچی پارەکەیشی بۆ دەرچووە، بەڵام جێبەجێنەکراوە".

# ئەدیبایۆر مێژووی ئینگلیزەکانی بەزاند

**ڕووداو . BBC**

ئیمانوێل ئەدیبایۆر ژمارەیەکی پێوانەیی لەمێژووی تۆپی پێی ئینگلیزیدا تۆمارکرد.

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو لە خولی پریمەرلیگدا، هێرشبەری تۆگۆلی و یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی ئەدیبایۆر توانی لەگەڵ یانەکەیدا هاتریک لەگۆڵی یانەی دێربی کاونتی تۆمار بکات، توانی ببێتە یەکەم یاریزان لەمێژووی پریمەرلیگدا، کە لەهەردوو قۆناخی یەکەم و دووەمی هەمان وەرزی پریمەرلیگدا هاتریک لەگۆڵی هەمان یانە تۆمار بکات.

# یانەیا پیرس دڕەوشەکا دارایيا خراپدا دژیت

## سەرۆکێ یانێ: هەیڤانە زێدەتر ژ 40 ملیۆنا مووچەو مەزاختنێن یانەیا مەنە

هۆگر محەممەد تاهر
**ڕووداو. دهۆک**

سەرۆکێ یانەیا پێرس ڕەخنێ ل وێ چەندێ دگریت کو منحا یانێن کوردستانێ کێمەو گازاندا ئاراستێ وەزارەتا وەرزش و لاوان و تەڤایا دامو دەزگەهێن دیێن بەرپرسێن وەرزشی دکەت، کو هەتا ڤێگاڤێ چ بوودجە بۆ وانا نەمەزاختینە.

بەرژەنگ بابەکر سەرۆکێ یانەیا پێرس ئەو چەند ڕوون ڤەکر کو هەمی یانەیێن کوردستانێ دڕەوشەکا خراپا داراییدان و مەزنترین ئاریشا وان نەبوونا پارەیە.

ناڤبری گۆت"نەبوونا پارەی ئاریشەکا سەرەکیا هەمی یانەیێن کوردستانییە و بێگومان چەندی ئەرکێ مرۆڤی مەزنتر لێ بهێت مەزاختن دێ زێدەتر بیت، تاکو ئەم دەربازی قۆناغا بژارە بووین نێزیکی 604 ملیۆن دیناران مە مەزاختینە بەرامبەردا خەرج کرینە و چەندین جارە داخاز دکەین دبێژنە مە د چاڤەرێ بن".

تیما تەپاپیا یانەیا پێرس پشتی دەربازی قوناغا بژارە بووی ژ کۆما ژۆریا عیراقێ دگەل یانەیێن هەولێر و دهۆک کەتیە د ڕەوشەکا خرابا داراییدا، کو بەشەکێ زۆرێ وی پارەیێ زۆر وەردگرنەڤە کو هەیڤانە دمەزێخن.

ل دویر ڤێ چەندێش بەرژەنگی گۆت" نزانین ئەڤ پارێ مە مەزاختی دێ بۆ مە هێتە خەرجکرن یان دێ بێژنە مەژی هەڕنە مال ڕوینە خوار. ب ڕاستی ب ڤی ڕەنگی نە ئەم و نە چ یانە دەرهەق دەرناکەڤین ئەگەر میزانی و هاریکاریا مە نە هێتە کرن، چونکی هەیڤانەزێدەتر ژ 40 ملیۆن دیناران مووچە و مەزاختنێن مەنە و تنێ هەیڤانە 3550000 دیناران منحە بۆمە دهێتە دان و مە 16 تیم ل پلا نایاب هەنە ل سەر ئاستێ کوردستانێ".

ژلایەکێ دویڤە ل دۆر ڕەوش و ئاستێ تیما تەپاپێ ڕاهێنەرێ تیمێ یێ بەرنیاس ل سەر ئاستێ عیراقێ و وەلاتێن عەرەبی نازم شاکر ئیشارەت بو وێ چەندێ کر کو یانەیا وان هیڤی و ئومێد دزۆرن و دپلانا واندایە کەمپەکێ ڕاهێنانێ دانێن و چەند یاریەکێن دوستانەش ل وەلاتێ سوری ئەنجام بدەن.

ل دویر ڤێ چەندێ نازم شاکری گوت"پشتی مە شیای ئومێدێن یانەیا پیرس ب جە بینین کو تنێ داخازیا وانا ئەوبوو ل ڤی وەرزی ل پلا نایاب بمینن و ئەم شیاین دەربازی قوناغا بژارە بین، یاسروشتییە ئەڤ ئومێدە مەزنتر لێ بهێن و داخازا ئەنجام و هەڤڕکیێ ل قوناغا بژارە بکەن".



یانەی پێرس

## پێشبڕکێ

- بەکورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



ئەژی عەبدوڵڵا لە سلێمانی بە لێدوانی: **(دانیشتن عەیبێکە، هەستانەوە دوو)** براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشووە.

## لێدوان




جویل سانتانا ڕاهێنەرێکی شارەزاو پسپۆرە، زۆر شیاوە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقا لەجیاتی من.




نابێ بەهیچ بڕیارێکی سیاسی، هیچ وڵاتێک پاساو بۆ بەشداری نەکردن لەئۆلۆمپیادی پەکین بێنێتەوە.




یاریکردن بەئەنجامەکانی تۆپی پێ وەک شێرپەنجەیە، ئەو یارییە بەیەکجاری دەڕووخێنێت. بۆیە پێویستە هەموو هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ پاراستنی.

### وەزیری تەندروستی:

# ئەگەر لە یەک مانگدا مەرجەکانمان بەجێ نەگەیەنن هەموو کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان دادەخەم



د. زریان عوسمان وەزیری تەندروستی (فۆتۆ:ڕووداو)

**هەڤپەیڤین: عەلی حەمەساڵح**

**ڕووداو: ماوەیەکە بەرپرسان، ئاماژە بەخراپی ئەو خواردنانە دەکەن کە لەبازاڕەکانی کوردستاندا هەن،بەشێوەیەک دەگوترێ "جینۆسایدێک بەهۆی خۆراکەوە بۆ کوردستان بەڕێوەیە"، بۆچی بەشێوەیەکی فەرمی ئەوە ڕاناگەیێنن؟**

**د.زریان:** پشکنینی خواردن لەکارەکانی دەزگای کۆنترۆڵی جۆرییە کە سەر بەوەزارەتی پلاندانانە. لەبەرنامەیەکی کەناڵی کوردساتدا کە چەند کەسێک قسەیان تێدا کرد، ئەو قسانە بوونە هۆی ترسان و تۆقاندنی هاووڵاتیانی کوردستان. ئەم قسانە بەبێ بنەمای زانستی کراون و خەڵکانێکی نەشارەزا کردوویانە. ڕەنگە بەڕێز د.موئەیەد بەرپرسی دەزگای کۆنترۆڵی جۆری قسەیەکی لەو جۆرەی کردبێ لەوانەیە (زەلە لیسانێکی کردبێ) یان هەڵەیەک بوو بێت، چونکە بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی ئەو قسەیەی کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ ئامارێکی لەبەردەستدا بێت. ئەوان یەک مانگە دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵیان گرتۆتە دەست. ئێمە سێ تاقیگەی خواردنمان هەیە لەشارەکانی کوردستان و بەبەردەوامی لەهەردوو ڕوانگەی کیمیایی و بایۆلۆژییەوە پشکنینمان کردووە، بۆ ئەوەی دڵنیابین کە هیچ میکرۆب و مادەیەکی تێدا نییە کە شێرپەنجە دروست بکات. ئەگەر هەر مادەیەکی خراپ هەبوو بێت ئێمە لەناومان بردووە، بەڵام ڕەنگە هەندێک مادەی خواردن هەبووبن بەشێوەی قاچاخ هاتبنە کوردستانەوە، چونکە بەئۆتۆمبێل و وڵاخ خواردنی قاچاخ دێتە کوردستان و، ئاسایشی سلێمانیم لەوە ئاگادار کردووەتەوە. ڕەنگە هەندێک خواردنیش وەک پێویست پارێزگاری نەکرابێت لەبازاڕەکانداو لەپلەی گەرمییەکی بەرزدا دانرابێ یان لەبەر هەتاودا دانرابێ، بەوشێوەیە ئەگەر کاتی بەسەرچوونیشی مابێت، زووتر بەسەر دەچێ. من هاووڵاتیان دڵنیا دەکەمەوە ئەو خواردنانەی هەن بەو شێوەیە نین کەباسدەکرێن کە خەڵکیان لێ ترساندووە،قسەیەکی بازاڕییە بڵێی "هەمووومان بەشێرپەنجە دەمرین".

**ڕووداو: بەڵام، د.موئەید دەڵێت "لە کەنەداو هەنگاریاو تورکیا پشکنینم بۆ خواردنی بایعی و دەرمان کرد لەژێر پشکنیندا دەرنەچوون"، واتە بەکەڵکی بەکار هێنان نایێن؟**

**د.زریان:** پشکنینی دەرمان کاری د. موئەیەد نییە، بەڵام خواردن ئەوە خۆی دەزانێت.، هیچ دەرمانێک بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی تەندروستی لەسنوورە فەرمییەکاندا نایێتە ژوورەوە، چوار مانگە ئەمە جێبەجێدەکرێت .مەگەر بەقاچاخ هاتبێتە ژوورەوە. ڕاستە پێشتر سنوورەکان کراوەبوون و هەر لۆرییەک دەرمان بهاتایە یەکسەر دەهاتە ژوورەوەو لەناو بازاڕیش کۆنترۆڵ کردن ئەستەمە ئەگەر لەسەرچاوەکەیەوە کۆنترۆڵ نەکرێت. ئێمە مۆڵەت بەهیچ دەرمانێک نادەین لە خۆڕا، دەبێت ئەو دەرمانە ناسراو بێت لەلایەن بەغداوە، چونکە حکومەتی عێراقی هیچ دەرمان و کارگەیەک تۆمار ناکات ئەگەر پشکنینی لەکوالیتی کۆنترۆڵەوە بۆ نەکرابێت. ئەگەر نموونەکانی دەرمانەکە لەعێراقدا تۆمار نەکرابن لەسەر حسابی بازرگانەکە دەینێرین بۆ دەرەوەی وڵات بۆ پشکنین، لەتاقیگەی جۆری ئەگەر دەربچێت مۆڵەتی دەدەینێ و ئەگەر دەرنەچێ ڕێگەی پێنادەین بێتە ناو کوردستان. تا ئێستاش بەدەیان لۆریمان ناردوونەتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتوون. من وامدەزانی دەرمانەکانی کوردستان زۆری خراپن، بەڵام بەسەدان نموونەمان لەسەر ئەرکی کۆمپانیاکانی دەرمان ناردوونەتە دەرەوە، 80% دەرمانەکان باش دەرچوونە، ئەوە 20%ی کە کردوومانەتە لیستی ڕەشەوەو هیچ کەس بۆی نییە بیانهێنێت، بەڵام ناشڵێم بازاڕەکە پاکە، چونکە دەرمانێکی زۆر بە قاچاخ دێتە ژوورەوە، تەنانەت لەسنورەکان دەرمانی بێ هۆشکەر بەقاچاخ دێتە ژوورەوە.

**ڕووداو: پرۆفیسۆر د.بارام ڕەسووڵ دەڵێت" زۆربەی ئەو دەرمانانەی دێتە کوردستانەوە نازانرێت لەکوێوە دێت و چۆن دروست دەکرێت و پێکهاتەی دەرمانەکە چۆنە"، وایە؟**

**د.زریان:** ڕاستە جاران وابوو، بەڵام لەماوەی ئەم چوار مانگەدا ئەمەمان چارەسەر کردووە، دەینێرینە کوالیتی کۆنترۆڵ ئەگەر نەزانین مادە ئەکتیڤەکەی تەواوە نایەڵین بێتەژوورەوە، مەگەر بەبێ مۆڵەتی ئێمە بێت.

**ڕووداو: چەند کۆمپانیای هێنانی دەرمان هەیە؟**

**د.زریان:** من کە بوومە وەزیری تەندروستی 22 کارگەی هێنانی دەرمان هەبوو، ئێستا 25 کۆمپانیا هەیەو لەم ماوەیەدا تەنها مۆڵەتم بە سێ کۆمپانیا داوە ئەو سێ کۆمپانیایەش مۆڵەتی دەرمانی بەریتانی و ئەڵمانی و ئەمریکی زۆر ئەسڵیان هەیە، ئەو کۆمپانیایانەی کە پێش من مۆڵەتیان پێدراوە زۆربەی زۆریان خەڵکانێکی شیاو نەبوون کە مۆڵەتی هێنانی دەرمانی بدرێتێ و هەروا مۆڵەتیان پێدراوە، دەرمانیان بەبێ هیچ ڕێنمایەک هێناوەتە ناو کوردستان و مۆڵەتەکەش بەبێ هیچ ڕێنماییەک دراوە، بەڵام ئێمە لەماوەی دەستبەکاربوونماندا کۆمەڵێک ڕێنمای زۆر توندمان داناوە.

**ڕووداو: تا ئێستا هیچ کۆمپانیایەکی هێنانی دەرمانتان داخستووە؟**

**د.زریان:** سێ کۆمپانیای هێنانی دەرمانم لەهەولێر داخست لەبەر ئەوەی دەرمانیان خراپ بوو، مەرجی تەندروستیشیان تێدانەبوو.

**ڕووداو: ئەی ئەو کۆمپانیانەی دیکە کە کارەکانیان شیاو نییەو تائێستا دانەخراون؟**

**د.زریان:** ئاگاداری نامەیەکم بۆ نووسیون و تەنها مۆڵەتی مانگێکم داوە پێیان، ئەگەر بەپێی ئەو مەرجانەی بۆم ناردوون خۆیان چاک نەکەن هەر هەموویان دادەخەم. ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ بۆمان دابخەن ئەو کۆمپانیانەی هێنانی دەرمان دادەخەین کەمەرجی تەندورستیان تێدا نییە.

**ڕووداو: ئێستا ئەو کۆمپانیانە مەرجی ئەوەیان تێدایە کاربکەن؟**

**د.زریان:** بەشێکیان مەرجیان تێدا نییە، بەڵام دەڵێن کەس پێشووتر هیچی پێنەوتوین، ئێستا دەبێت خەمی خۆیان بخۆن، چونکە من هیچ سڵ لەوە ناکەمەوە هەر 25 کارگەکە بەیەک ڕۆژ و بەیەک ئیمزا دابخەم.

**ڕووداو: دەگوترێت زۆر جار وەزارەتی بازرگانی مۆڵەت دەداتە کۆمپانیاکانی هێنانی دەرمان، وایە؟**

**د.زریان:** وەزارەتی بازرگانی بەبێ پرسی ئێمە مۆڵەت دەداتە کۆمپانیاکانی هێنانی خۆراک و دەرمانیش، ئێمە دوای پەیوەندییەکی زۆر داوامان لەئەنجوومەنی وەزیران کرد کە داوا لە وەزارەتی بازرگانی بکەن بەهیچ شێوەیەک مۆڵەتی هێنانی دەرمان نەدەن ئەگەر ئێمە ڕەزامەندیمان لەسەر نەدا، چونکە دەرمان وەک شتی دیکە نییە، ئێستا وەزارەتی بازرگانی بێ پرسی ئێمە مۆڵەتی هێنانی دەرمان نادات.

**ڕووداو:دەگوترێت دەسەڵاتداری گەورە لەپشت هەندێک کۆمپانیای هێنانی دەرمانەوەن،ئایا ئەمە ڕێگر نابێت لەداخستنیان؟**

**د.زریان:** منەتم بەکەس نییە، منەتم بەهیچیش نییە، خەڵک بۆ دەترسێت؟ لەپۆست و کورسییەکەی دەترسێت، بەڵام خۆم واز دێنم ئەگەر دەرمنەکەن. بەخوا لەپێناوی ڕاستیدا بەسەر باوکی خۆشمدا باز نادەم، ئەگەر نەک بەرپرس بێ هەرکەسێک بێ بزانم ناهەقە دایدەخەم و لێپێچینەوەشی لەگەڵ دەکەم. دەرم ناکەن مەمنونم و زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر دەرم بکەن و لەو پۆستەم نەهێڵن، داواشم کردووە لەمەکتەبی سیاسی من ئەو پۆستە وەرناگرمەوە چونکە تەحەمولم نەما.

> **مەترسی خواردن و دەرمانی خراپ بەو شێوەنییە هەمووومان بکوژێت**

**ڕووداو: مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا لەم هاوینەدا تا چ ڕادەیەکە؟**

**د.زریان:** ئەو لیژنەیەی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی وشکە ساڵی پێکهێنراوە، منیش تێیدا ئەندامم بودجەیەکی باشیشی بۆ تەرخانکراوە. 500 تانکەر دەکرێت بۆ بردنی ئاو بۆ ئەو گەڕەکانەی کە ئاویان نییە،بڕیاردراوە پەلە بکرێت لەپرۆژەی ئاوی دوکان و منیش بۆ کەرتی تەندروستی داوای بوودجەیەکی تایبەتم کردووە، بۆ ئەوەی بەپەلە کاربکەین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی نەخۆشییەکانی کۆلێراو ئەو نەخۆشیانەی کە بەئاو دەگوازرێنەوە. تیمەکانی تەندروستی بەشێوەیەکی بەردەوام پشکنین دەکەن و ئاو لەسەرچاوەکانی ئاو وەردەگرین و دەرمان و موخەزیمان دابینکردووە ئەگەر نەخۆشییەکە ڕوویدات، 10% هەموو حاڵەتی ڕەوانی (ئیسهال) دەنێرین بۆ پشکنینی کۆلێرا، بەڵام دابینکردنی ئاو لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییەو وشکە ساڵییەکەش گرفتەکەی گەورە کردووە.

**ڕووداو:واتە مەترسی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا هەیە؟**

**د.زریان:** بەڵێ مەترسییەکی واقیعی هەیە.

**ڕووداو: ڕێژەکەی لە پار زیاتر دەبێت؟**

**د.زریان:** بەڵێ ئەگەرەکەی لەپار ساڵ زیاترە، پار ئاو زیاتر بوو کۆلێراش بەکەمی ئاو بڵاو دەبێتەوە.

**ڕووداو: پیسی ئاوی کوردستان ئێستا لەچی ئاستێکدایە؟**

**د.زریان:** ئەو ئاوەی لەبۆرییەکانەوە دێت زۆربەی پاکە، مەگەر شوێنێک وەک پێویست کلۆری تێنەکرابێت، ئەو ئاوانەی کەپیسن ئاوی ئەو جێگایانەن کە پرۆژەی ئاویان نییە، بۆ نموونە ئاوی ئەحمەد ئاواو خورماڵ و پیرەمەگرون و چەمچەماڵ و بەشێکی زۆری گەرمیان، ئەو گەڕەکە نوێیانەی دەوروبەری سلێمانی پشتیان بەو بیرانە بەستووە کە سوورییەکان لێیان داوەو بیرێکیئاودەستیشیانلەتەنیشتیەوە لێداوەو بەهۆی تێکەڵ بوونیانەوە ئاوی بیرەکە پیسبووەو ئەم ساڵیش لەوشکە ساڵیدا ئاوی ئەو بیرانە کەمی کردووەو زۆر لەو بیرانەش وشک بوون.

---

### سلێمانی ترسی پەتای کۆلێرا دایدەگرێت

# بەهۆی خواردنەوەی ئاوی پیسەوە هەزاران کەس ڕەوانەی نەخۆشخانەکان کراون

**ئامانج خەلیل**
**ڕووداو -سلێمانی**

جێگری پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند کە بڕی 25 ملیار دینار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی سکچوون لە پارێزگای سلێمانی تەرخانکراوە. وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هۆشداریدا کە لەوانەیە نەخۆشی کۆلێرا سلێمانی بتەنێتەوەو بەرەو شوێنەکانی دیکەش بچێت ئەگەر حکومەت خزمەتگوزاری ئاو باشترنەکات.

د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند"ئەگەر حکومەت کێشەی ئاوی پیس چارەسەر نەکات، کۆلێرا بڵاودەبێتەوە و کارەساتێکی گەورەشی لێدەکەوێتەوە". هەروەها هۆشداری دووبارە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرای ڕاگەیاند و بە مەترسی گەورەی وەسفکرد ئەگەر چارەسەری خێرای بۆ نەکرێت.

تەنیا لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا نزیکەی 2000 کەس بەهۆی توشبوون بەنەخۆشی سکچوون و ڕشانەوە ڕوویان لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی کردووە و چارەسەری پزیشکییان وەرگرتووە.

وەزیری تەندروستی وتیشی کە حاڵەتی سکچوون و ڕشانەوە بەشێوەیەکی خێرا زیادی کردووە بۆیە مەترسی لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا دەکرێت و چاوەڕوانکراوە" ترسی جدیمان هەیە لە بڵاوبوونەوی پەتای کۆلێرا".

بە وتەی وەزیر، وەزارەتەکەیان پلانێکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکە لەشاری سلێمانی و دەوروبەری داناوە، ئەویش بە دروستکردنی ژووری عەمەلیات و لیژنەی تایبەت بەپشکنینی ئاو و پشکنینی تووشبوان بە سکچون و ڕشانەوەوە دابینکردنی بوودجەی تایبەت بە نەخۆشییەکە.

هەرچەندە بەرپرسانی تەندروستی ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی کۆلێرا تۆمار کرابێت، بەڵام بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوان بەشێوەیەکی خێرا ترسی بڵاوبوونەوەی کۆلێرای زیاتر کردووە.

لەناو نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری ڕۆژانە زیاتر لە 50 کەس چارەسەری پزیشکی وەردەگرن بەهۆی تووشبوونیان بە نەخۆشی سکچوون و ڕشانەوە.

دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری تەندروستی وتی ترسیان زۆرە لەو شوێنانەی خزمەتگوزاری نییە پەتای کۆلێرا لێیانەوە بڵاوبێتەوە .هەروەها وتیشی"خەڵک بەزەحمەت ئاوی پاکی دەستدەکەوێت".

ئەو بەڕێوەبەرە ئەوەشی گوت کە"کێشەکە لە کەمی خزمەتگوزاریدایە و زۆربەی خەڵک ئاوی بیر بەکاردەهێنن و ئاوەڕۆیەکی باشیان نییە، ئەمە هۆکاری سەرەکییە بۆ بڵابوونەوەی نەخۆشییەکە".

کۆلێرا نەخۆشییەکی سکچوون و ڕشانەوەی قورسە کە هەڕەشەی کوشتن لە تووشبووەکە دەکات و لە ڕێگەی ئاو و خواردنی پیسەوە تووشی مرۆڤ دەبێت.

وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوەشدا کە لەوانەیە کۆلێرا لە ناوچە و گەڕەکە تازەکاندا سەرهەڵبدات کە ئاوی پاک نییە و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیان لە ئاستێکی خراپدان.

ئاژانسەکانی فریاگوزاری نێودەوڵەتی و بەرپرسانی عێراقی چەند ساڵە هوشداری ئەوە دەدەن کە پێدەچێت عێراق ڕووبەڕووی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ببێتەوە بەهۆی خراپی ئاوەڕۆ و ژێرخانی بنەڕەتی ئەو خزمەتگوزارییەوە.

شاری سلێمانی ساڵی ڕابردوو زۆرترین حاڵەتی گیان لەدەستدانی تووشبوان بە پەتای کۆلێرای بەخۆیەوە بینی.ساڵی ڕابردوو 13 کەس بەهۆی نەخۆشی کولێرا لە کوردستان مردن، بەهەزاران کەسیش کەوتنە ژێر چاودێری پزیشکیەوە،بەهۆی تووشبونیان بە نەخۆشییەکە و نەخۆشی سکچوون.

خەڵک دەڵێن حکومەت ناتوانێت تەنانەت خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیش دابین بکات، سەرەڕای ئارامی و ئاسایش و زۆربونی داهاتەکان.

ڕۆژانە بنکە و نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی جمەیاندێت لەو نەخۆشانەی کە توشبوون بە پەتای سکچوون، بەشی هەرەزۆریان لەناوچە هەژارنشین و بێ خزمەتگوزارییەکانەوە تووش دەبن و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن.

دانیشتوانی سلێمانی لە ساڵی 2003 ەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زۆربوون و، بەرپرسان وای مەزەندە دەکەن کە زیاتر لە 30 گەڕەک کە لە دەوروبەری شاری سلێمانی دروستبوون کە سیستمی ئاو و ئاوەڕۆ و ژێرابیان نییە یاخود تەواو نییە.

بە گوێرەی مەزەندەی لێپرسراوانی ئاوی سلێمانی، لە کۆی 35 هەزار بیری پارێزگاکە، تەنیا 15 هەزاریان مۆڵەتیان هەیە و هیچ کام لەو بیرانەش پشکنینی تەندروستیان بۆ نەکراوە تا بزانرێت ئاوەکەیان سازگارە و بەکەڵکی خواردنەوە دێت یان نا.

دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا وتی قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی تەکییە، گەرمیان، پیرەمەگرون، شارەزوور لەوناوچانەن کە مەترسی زۆری بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکەیان لێدەکرێت.

هەرچەندە بەرپرسانی تەندروستی نەبوونی ئاوی خواردنەوەی پاکژ بە هۆکاری سەرهەڵدانی زۆربەی نەخۆشییەکان و بەتایبەت پەتای سکچوون و کۆلێرا دەزانن، بەڵام بەرپرسانی ئاوی سلێمانی ئەوە ڕەتدەکەنەوە.



تەنیا لە مانگی چوار 2000 کەس لە سلێمانی تووشی سکچوون و ڕشانەوە هاتوون (فۆتۆ: ڕووداو)

فەرهاد محەممەد، سەرۆکی بەشی خزمەتگوزارییەکانی ئاو لە سلێمانی وتی ئەو ئاوی خواردنەوەیەی لە ناوخۆدا دابین دەکرێت، واتە ئاوی بەلوعە، پاکە.

هەروەها بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "سلێمانی هەرگیز ئاوی وا پاکی بە خۆوە نەبینیوە، وەکو ئەوەی ئێستا هەیەتی". لە فیلمێکی ڤیدیۆیدا کە لە ماڵپەڕی گووگڵدا بڵاوکراوەتەوە، پیاوێک بڕێکی زۆر لە قوڕ و پیسی بە خاکەناز لە عەمبارێکی گەورەی ئاو دەردەهێنێت لە سلێمانی،ئەوەش بووەتە فیلمێک کە خەڵکێکی زۆر سەیریدەکەن.

هەندێک دەڵێن ئەو فیلمە ڤیدیۆییە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەرپرسانی ئەو بوارە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چاودێری خزمەتگوزاری ئاو ناکەن و بەباشی بەڕێوەی نابەن.

وەزیری تەندروستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە لە شاری سلێمانی ئەوەندە پیسن هەرچی نەخۆشی هەیە بڵاویدەکەنەوە، ئاوی خواردنەوە تێکەڵی زێراب بووە".

شێرکۆ عەبدوڵڵای بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانیش وتی"تۆڕی ئێستای ئاوی سلێمانی تەنیا دەتوانێت ئاو بۆ 30% ی دانیشتوانی ئەو شارە دابین بکات، ئەو تۆڕە کۆنە و خەزانەکانی ئاو بەشێوەیەکی بەردەوام پاکناکرێنەوە و کلۆریشیان بەپێی پێویست تێناکرێت".

دکتۆرەکان دەڵێن نەخۆش بە لێشاو ڕوومان تێدەکات و ئەمەش تەواو سەرقاڵی کردووین. نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی جمەی دەهات لە سەدان کەس کە ڕوویان تێکردبوو،لەبەر زۆری نەخۆشەکان هەندێک لەو نەخۆشانەی ئاوی موغەزیان بۆ هەڵواسرابوو دەبوایە لەسەر زەویەکە ڕابکشانایە چونکە نەخۆشخانەکە ئەوەندە جێگەی خەوتنی نەبوو بەشی هەموو نەخۆشەکان بکات.

عەونی محەممەد خوێندکاری قۆناغی یەکەم لە کۆلێژی کوردستان بۆ پێگەیاندنی پێش نوێژو وتارخوێنی ئاینی، ماوەی 3 ڕۆژە لەنەخۆشخانەیەهەناوی لەسلێمانی کەوتووەوە و زیاتر لە 13 بتڵ ئاوی موغەزی تێکراوە.

عەونی وتی کە بەهۆی خواردنەوەی ئاوی پیسەوە لەبەشە ناوخۆییەکەیان لە نیوەشەودا تووشی سکچوون و ڕشانەوە بووە .ئەو باسی لە ئاوی خواردنەوەی بەشەناوخۆییەکەی کرد کە ڕەنگی زۆر زەردەو پیسبووە.

جگە لە عەونی سێ لە هاوڕێکانی دیکەی هەمان بەشە ناوخۆییەکە تووشی هەمان نەخۆشی بوون و ئێستا پێکەوە لە یەک ژووردا و لەتەنیشت یەکەوە کەوتوون و چارەسەری پزیشکیان بۆ کراوە.

عەونی وتی"ئەو ئاوەی کە بۆ خواردنەوە بەکاری دێنین زۆر پیسە، هەروەها فێنککەرەوەکانیشمان کارناکەن".

بەرپرسانی ئیداری کەوتوونەتە قەدەخەکردنی سەوزە لەناو بازاڕەکانی سلێمانیدا و دروستکردنی تیمی گەڕۆک بۆ چاودێریکردنی چێشتخانەکان.

جوتیار نوری، جێگری پارێزگاری سلێمانی لەبارەی هەوڵەکانیان بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرا و کۆنترۆڵکردنی پەتای سکچوون و ڕشانەوە، ڕایگەیاند کە لیژنەیەکیان لە سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو و پێداویستییەکانی نەخۆشییەکە.

هەروەها وتی"بڕی 25 ملیار دینار بۆ پارێزگای سلێمانی دانراوە تا ڕووبەڕووی نەخۆشییەکە ببینەوە".

لەهەمانکاتدا داوای لە خەڵک کرد کە "پێویستە وریابن و ئاوی پاک بۆ خواردنەوە بەکاربهێنن".

## کۆمەڵایەتی



### سێ ساڵ زیندانی بۆ پەروین ئەردەلان

ڕووداو- تەهران

◆ (دادگای شۆڕشی ئیسلامی ئێران) سێ ساڵ زیندانی بۆ چالاکڤانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەروین ئەردەلان بەتۆمەتی چالاکی سیاسی بڕیەوە بەبێ جێبەجێ کردن، ئەردەڵان ئەمساڵ لە ستۆکهۆڵمی پێتەختی سوێد خەڵاتی بەنێوبانگی ئۆلف پالمێی وەک ژنێکی چالاک پێبەخشرا، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێگەیان نەدا پەروین بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی بچێتە سوێد.

دوو دەوڵەت بە دوای تاوانی کوشتنیدا دەچن

# پێلا ئەترۆشی چۆن کوژرا



پێلا ئەترۆشی قوربانیەکی دیکەی (ناموسپارێزی)

**نازەنین ئەحمەد**
**ڕووداو –ئوستورالیا**

ساڵی 1995 پێلا ئەترۆشی کە ئەوکات تەمەنی پازدە ساڵ بوو، لەگەڵ بنەماڵەکەی روو لە سوێد دەکەن و لەوێ جێگیردەبن، پێلا زوو فێرە سوێدی دەبێت و هاوڕێی سوێدی پەیدا دەکات. پێلا زۆر لەو ڕێوشوێن و ڕێسا توندانە بێزاربوو کە عەگیدی باوکی بەسەر پێلا و خوشکەکانیدا سەپاندبووی، بۆیە ڕۆژێکیان بەیەکجاری ماڵ بە جێدەهێڵێت و چیتر ناگەڕێتەوە، پاش ماوەیەک دەنگۆی ئەوە بڵاودەبێتەوە کە پێلا پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی سوێدی بەستووەو بەیەکەوە دەژین، بۆیە ئەنجوومەنێکی بنەماڵەکەی کە لە باوک براو مام و باپیری پێکهاتبوو لەبارەی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو" ئابڕووچوونە" گفتوگۆدەکەن و بڕیار دەدەن کە پێلا بە فرت و فێڵ بگەڕێننەوە کوردستان و لەوێ بیکوژن.

### پێلا: توخوا مەمکوژن

ڕۆژنامەی (ئوستورالیان) ڕۆژی 2008/4/26 ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی لەبارەی وردەکاری کوشتنی پێلا بڵاوکردووەتەوە کە بە بەرچاوی دایک و خوشکەکانییەوە لە شاری دهۆک کوژرا. پێش کوشتنی، پێلا لەلایەن باوک و سێ برایەوە ڕاکێشرایە ژوورێکی قاتی سەرەوەی ماڵێک لەدهۆک،بەر لەوەی بیکوژن پێلا دەستی بە دەموچاوەکانیەوە نابوو و لە ڕزگار ئەترۆشی مامی پاڕایەوە کە نەیکوژێت، بەڵام مامی میلی تفەنگەکەی ڕاکێشاو دایک و خوشکەکانی پێلاش دەستیان بەهاوارو قیژاندن کرد، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ڕزگار دەستڕێژی لەپێلاکردو ڕێژنە گوللەیەکی لەتەپڵی سەریدا و مێشکی پژاند.

حکومەتی ئوستورالیا ئێستا خەریکە بە هاوکاری سوێد دەست بە لێکۆلینەوە لە کەیسی پێلا دەکات و ،عەبدولمەجید ئەترۆشی باپیری و شڤانی مامی کە هەردووکیان لەئوستورالیا دادەنیشن دەستگیربکات. برین ئەترۆشی کە خوشکی پێلایەو لەو بچووکترەو دوای ڕووداوەکە بەهاوکاری حکومەتی سوێد و باڵیۆزخانەی سوێد لەئەنکەرە توانی لە کوردستانەوە بگاتەوە سوێدو ئێستا لە شوێنێکی نهێنی دەژیت و ،لەلایەن پۆلیسی سوێدەوە دەپارێزرێت، و ردەکارییەکانی کوشتنی پێلای ئاشکراکردووە .بە پێی پۆلیسی سوێد، برین ئامادەیە بچێتە ئوستورالیا و لەدژی باپیرو مامی شایەتی بدات. هەرچەندە پۆلیسی نێودەولەتی (ئینتەرپول) لە ساڵی 2000 ڕایگەیاند کە شڤانی مامی پێلا لەکاتی کوشتنەکە لە ئوستورالیا نەبووە، بەڵام بەرپرسانی ئوستورالی گومان دەکەن کە ئێستا بەنهێنی گەڕابێتەوە ئەو وڵاتە.

بەپێی قسەی کوردێکی ئوستورالی باپیری پێلا کەکاتی خۆی پێشمەرگە بووە، ساڵی 1999 لەگەڵ شڤانی کوڕی سەردانی ماڵی باوکی پێلای کردووە لە ستۆکهۆڵمی پێتەختی سوێد بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی چۆنیەتی کوشتنی پێلاو گوتوویەتی"هەتا پێلا نەکوژن چاوم بە کوردستان ناکەوێتەوە"، ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوە لە سوێد بەنێوی ئەلگامۆ بەتەلەفۆن لە ستۆکهۆڵمەوە بەرۆژنامەی ئوستورالیانی ڕاگەیاند کە مامی پێلا گوتوویەتی " هەرکچێک شەوێک بەتەنیا لە دەرەوەی ماڵ بێت و نەگەڕێتەوە ئەوە هەقی کوشتنە".

### پێلا چۆن هێنرایەوە کوردستان؟

دوای ئەوەی ماوەیەک بەتەنها و دوور لە بنەماڵەکەیان ژیا، پێلا بیری دایک و خوشک و باوک و برایەکانی دەکات و دەگەڕێتەوە، باوک و براو مامەکانیشی بەهەرجۆرێک بێت ڕازیدەکەن کە لەکوردستان بە شووی بدەن، بەڵام ئەوان لەژێرەوە بڕیاری ئەوەیاندابوو هەر کە گەیشتنەوە کوردستان ئیدی بیکوژن و ئابڕوو و شەرەفی بنەماڵەکەیان پاک بکەنەوە، ئەوەبوو لە مانگی شەشی 1999 بڕیارەکە جێبەجێکراو پێلا بەدەستی ڕزگاری مامی کە دانیشتووی سوێدە کوژرا .

لەمانگی تشرینی یەکەمی 1999 لە کوردستان باوک و مامی بە کوشتنی پێلا تاوانبارکران و بڕیاری یەکساڵ زیندانیان، بەڵام بەبێ جێبەجێکردن، بەسەر درا، پاشان دادگایەکی باڵاتر بڕیاریدا کە بڕیاری زیندانییەکەیان جێبەجێبکرێت، بەڵام پاش ماوەیەک ڕزگارو داخازی مامی پێلا گەڕانەوە سوێد، ئەوەبوو لەگەڵ گەیشتنەوەیان لەلایەن پۆلیسی سوێدیەوە دەستگیرکران و حکومەتی سوێدیش بەهاوکاری بەرپرسانی کوردستان توانی (برین)ی خوشکی پێلا لەڕێی تورکیاوە بگەیێنێتەوە سوێد و لەوێ لە دژی مامەکانی شایەتی بدات .

ئەلگامۆ کە لە سوێدەوە بەتایبەتی بۆ گەڕاندنەوەی برین چووبووە ئەنکارا دەڵێت " لە بالوێزخانەی سوێد لە ئەنکەرە سواری ئۆتومبێلێک بووین و بەوپەڕی خێرایی بەرەو باڵەفڕخانە ڕۆیشتین".

لە 2008/ 1/12 دادگەی شاری ستۆکهۆڵم بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بە سەر هەردوو مامە دەستگیرکراوەکەی پێلا داو عەگیدی باوکیشی تا ئێستا هەر لەکوردستانەو لەلایەن سوێدەوە بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە.

157 تەکیە لەکوردستاندا هەن

# ژنان بە حەرامی لە تەکیەی پیاوانن



**لەنجە عەبدوڵڵا**
lanja@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

بەدەیان ئافرەت لەسەر میلاکی تەکیەی پیاوانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف وەکو خزمەتگوزار دامەزرێندراون، سەرچاوەیەکیش لەوەزارەتی ئەوقاف گوتی "تا ئێستا هیچ کەسێک ئەو ئافرەتانەی لەتەکیەکان نەبینیوە، تەنیا بۆ مووچە وەرگرتن دامەزرێندراون".

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە تایبەت دراوەتە (ڕووداو)، زیاتر لە 90 ئافرەت وەکو خزمەتگوزاری تەکیەی پیاوان ناویان تۆمار کراوەو مانگانە مووچە لە وەزارەتی ئەوقاف وەردەگرن، زۆرترین ڕێژەی ئەو ژنانەش لە شاری هەولێرن کە 68 ژنن، هەروەها 18 ئافرەت لەسلێمانی و 4یش لەگەرمیان لەتەکیەی پیاوان دامەزرێندراون.

هەروەها لە کۆی ئەو 25 تەکیەی لە شاری هەولێر هەن، 11 تەکیە و مەزارگە خزمەتگوزاری ئافرەتیان بۆ دامەزرێندراوە کە بریتین لەتەکیەکانی: شێخ حەسەنی خەیلانی لە باداوە، ئەحمەد خەیلانی، ئازەران خەیلانی لە هەریر، خانەقای شەقڵاوە، شێخ محەممەدخەراسانی .هەروەها مەزارگەی سوڵتان موزەفەر، مەزارگەی عوزێر پێغەمبەر، عومەری کوڕی خەتاب، عەلائەدینی سوجادی، مەزاری عەلی پێنجەم لەخانەقا و تەکیەی کەندەکوخ لەگەڕەکی تەعجیل.

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی ئەوقاف کە بەباشی نەزانی ناوی بهێندرێت، باسی لەوە کرد دامەزراندنی ئافرەتان وەکو خزمەتگوزاری تەکیەکان لە ساڵی 2003 دەستی پێکردووە "ناوی چەند ئافرەتێکی بنەماڵەی خاوەن تەکیەکان، وەکو خزمەتگوزار نووسراوە و مانگانە مووچە لەحکومەت وەردەگرن".

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، 157 تەکیە لەکوردستاندا هەن، کە مێژووی کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ1890ی زایینی، ئەویش تەکیەی قادرییە لە شاری هەولێر، کە لەلایەن شێخ محەممەد شەریف بۆ یەکەمجار لەگەڕەکی تەکیەی قەڵای هەولێر دروستکراوە.

ئەو ژنانەی لەو تەکیانە دامەزرێندراون، ئەوانیش بەشێکن لەو چەندان فەرمانبەرەی حکومەت بەبێ ئەوەی دەوام بکەن مانگانە مووچە لەحکومەت وەردەگرن.

سەرچاوەکەی وەزارەتی ئەوقاف دامەزراندنی ئەوئافرەتانەی گەڕاندەوە بۆ سەردەمی دوو ئیدارەیی لە کوردستان و گوتی"لەو کاتەی ململانێی سیاسی لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار هەبوو، هەریەکەیان چەند کەسێکی دامەزراند بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان دەنگیان بۆ بدەن".

هەروەها ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە "زۆربەی ئەو ئافرەتانەی دامەزران تەمەنی یاساییان تەواو نەکردبوو، هەبوو منداڵ بوو لەناسنامەکەی تەمەنی گەورە کرابوو، من لەساڵی 2003 لەلیژنەی دامەزراندن بووم لیستمان بۆ دەهات ناوی 1500 کەسی تێدابوو بۆ دامەزراندن زۆربەیان منداڵ و پیرو ئافرەت بوون زۆربەیان لە بنەماڵەی خاوەن تەکیەو مزگەوتەکان بوون".

بەپێی قسەی ئەو سەرچاوەیە هیچ یەکێک لەو ئافرەتانە خۆیان مووچەکە وەرناگرن، بەڵکو کەسوکاریان مووچەیان لەجیاتی وەردەگرن، سەبارەت بەبڕی ئەومووچەیەی دەدرێتە ئەو ژنانە، سەرچاوەکە گوتی "ئەوەی تازە دادەمەزرێت وەکو فەرمانبەر 140 هەزار دینار وەردەگرێت، هەیانە لەساڵی 2003ەوە دامەزراوە، ئێستا مووچەکەی 460 هەزار دینارە".

ئەو سەرچاوەیە ڕەخنەی لە کاروچالاکییەکانی هەندێک لەو تەکیە و خانەقایانە گرت و گوتی " زۆربەی تەکیەکان جگە لەدروستکردنی نوشتەو جادوو نان خواردن هیچ کارێکی دیکەیان نییە".

هەرچەندە لە 11 تەکیەی شاری هەولێر، 68 ئافرەت بەبێ ئەوەی دەوام بکەن دامەزرێندراون، ئەوە لەکاتێکدایە کە خاوەن تەکیەیەکی هەولێر دامەزراندنی ئافرەت لە تەکیەکان بە"حەرام" دادەنێ.

شێخ عەلی لەتەکیەی شێخ ئەحمەد کاریتانی، کە تەکیەکەیان دەکەوێتە سەر ڕێگەی مەخموور، وەک خۆی باسیکرد ئەوان هیچ ئافرەتێکیان لەتەکیەکە دانەمەزراندووە، لەبارەی دامەزراندنی ئافرەت لەتەکیەکان ناوبراو گوتی "لەڕووی شەرعەوە ڕێگە نەدراوە ئافرەت لەتەکیەی پیاواندا بێت تەنانەت ئەگەر بۆ پاککردنەوەش بێت، خزمەتگوزاری هەموو تەکیەکان دەبێت پیاو بن، وەرگرتنی ئەو پارەیەش حەرامە، چونکە ئەو ئافرەتە کار ناکات چۆن دەتوانێ ئەو پارەیە وەربگرێت".

# ئەو ڕۆژەی پەچە و عەبای ڕەش فڕێدەدەن

**فەرهاد ئەرسەلان**
**شەرنەخ**

ژنانی ناوچەی شەرنەخ لە جزیری بۆتان کە زۆر زیانیان لە پێکدادان و ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو چەند ساڵانە پێگەیشتووە،بۆ لادانی هیزار (عەبای ڕەش) و پەچە ڕەشەکەیان و پۆشینی ڕەنگەکانی ژیان، لە هەوڵدان دان. ژنانی جزیرە کە شینی زین دەگێڕن، کاتێک لەسەر بنچینەی دیموکراسی مافەکانیان بەدەستبێنن، ئەوکات کۆتایی بە شینگێڕی و ڕەشپۆشی خۆیان دێنن.

جزیری بۆتان یەکێکە لە ناوچە هەرە ئازارداو و مەینەتکێشەکان .کاتێک باسی ژنانی جزیرێ دەکرێ، ئەو شتەی یەکەمجار بەبیری مرۆڤدا دێت هیزاری ڕەشە .هیزاری ڕەش چەندان ساڵە لە ناوچەی جزیری شرنەخ دەپۆشرێ. ژنانی جزیرێ، کە بە هیزارە ڕەشەکەیان لە هەموو چالاکییەکاندا لە ڕیزی پێشەوەن، نایانەوێ ئەو جلوبەرگانەیان وەک سیمبۆلی ئایینی تەماشابکرێن. بەگوێرەی ژنان هۆی پۆشینی هیزار پرسەگێڕییە.

زین لەبەرئەوەی بە مەم نەگەیشت،خۆی لەسەر گردێک هاویشتە خوارەوە، ژنانیش پرسەی ئەو بە هیزاری ڕەش دەگێڕن . دەگوترێ دوای خۆکوشتنی زین، لە جزیرێ ئەو دیاردە کۆنە دەستپێکردووە.



ژنانی شەرنەخ هێشتاش هەر لە پرسەی (زین) (فۆتۆ:DIHA)

هەدیە ئەشک، تەمەن 50 ساڵ یەکێکە لە ژنە هیزار پۆشەکان، دەڵێ دەوڵەتی تورکیا لەماوەی نێوان 1984تاوەکو 1992 دەیگوت"پ ک ک بە پەچەی ڕەش چالاکی ئەنجامدەدات" و، هەوڵیدا بە زۆر هیزاریان پێ فڕێبدات . ئاشک گوتی"لەساڵانی دواییدا ڕێکخراوە ئاینییەکان هیزار وەک ئامرازێکی ئایینی بە کاردێنن، لەکاتێکدا هیچ ژنێک لە جزیری بۆتان هیزار بە بۆچوونێکی ئایینی ناپۆشێ، دوای خۆکوشتنی زین هەموو کچێک لەوکاتەوە هیزاری لەدایکی خۆی بۆماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە جزیری بۆتان خاوەن کولتوورێکی مۆدێرنە، جلوبەرگی ڕەش لێرە وەک تایبەتمەندییەکی کولتووری تەماشادەکرێ، لە ساڵانی نەوەتەکاندا هیزار قەدەخەکرا، ژنانی ئێمە خۆیان فڕێدایە بەر تانکەکانی سوپای تورک، بەڵام هیزاری خۆیان فڕێنەدا".

ژنێکی دیکەش کە بەدڵگەرمییەوە باسی جۆگرافیاکەی خۆیان دەکات ناوی سالحا ئافشارە .خانمی ئافشار تەمەنی 35 ساڵە ودەڵێ "بەکۆ نەیهێشت زین و مەم بگەنە یەکتر، بەکۆکانی ئەو سەردەمەش لێناگەڕێن خوێن و فرمێسک بوەستن ". نورهان یالچن باسی ئەوەیکرد کە ئەوان لەماڵ جلوبەرگی دەڤەرەکەیان لەبەر دەکەن و گوتیشی"ئێمە لەگەڵ گێڕانەوەی داستانی مەم و زین گەورەبووین، داپیرەکانمان پێیانگوتووین ئێمە بۆ پرسەگرتن بۆ زین هیزار دەپۆشین، لەبەر ئەوەی سیمبولی دڵسۆزییە، ئەگەر مەبەستەکە ئایینی بوایە نەمدەپۆشی".

دلشا پوسات بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیر و هونەری مەم گوتی " ڕۆژێک دێت ژنانی جزیرێ بە هاتنی ئاشتی لە ژێر هیزاری ڕەش دێنەدەرەوەو جلوبەرگە ڕەنگینەکانیان لە بەر دەکەن".

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە دوای بڵاوبوونەوەی شتە ئەفسانەییەکان، ژنان لە ڕێورەسمەکانی شاردنەوەی مردووان و پرسەکاندا ئەو جلوبەرگانەیان پۆشیون . ئاماژەی بەوەشدا کە لەو سەردەمدا لە جزیرێ هیزاری ڕەش، نەریتێکی کۆن بووەو ئەو ژنانەی لە ژێر کاریگەری زین دا ماونەتەوە، شینی خۆیان تاوەکو ئەمڕۆ درێژە پێداوە .پوسات گوتی" ژن بە جیاواز تەماشای ڕووداوەکەی زین دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەویش ژن بوو، مافی دڵداری و سەربەخۆ بڕیاردان لە شووکردنی نەبوو، لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی پرۆتستۆکارانە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، ژنانیش دوای ئەوە شینی ئەویان گێڕاوەو هەمیشە جلوبەرگی ڕەشیان لەبەر کردوون".

سەرۆکی ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییە زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێ " لێرە ئیسلامی نینە و هەرکاتێک ئاشتی بکەوێتە ئەو خاکەوە ئەوکات ژنان بە جلوبەرگە ڕەنگینەکانیان کە لەژێر هیزاردان بە ئازادی لەشەقام و بازاڕەکاندا دەسووڕێنەوە".

### ئایا مانگی دەستکردی ئەپۆڵۆی ئەمریکا لە ئەنجامی هەڵەی د.فەرەیدوون نەیتوانی لەسەر مەریخ بنیشێتەوە؟

# پیاوێک لەناو کۆمپیوتەردا



سالح قادر
rodan@rudaw.net

**رووداو – هەولێر**

لەهەرەتی لاویدا بەچالاکی سیاسی دەست پێدەکات، هەر سیاسەتیش دەیگەیێنێتە ئەمریکا، بەڵام دواجار وەک زانایەکی بواری کۆمپیوتەر دەردەکەوێ نەک سیاسەتمەدار. ئەو یەکێک بووە لەدروستکەرانی کۆمپیوتەری کەسی (pc) و لە هەستیارترین بەشی کۆمپیوتەر کاری کردووە ئەویش عەقڵی ناوەندیی کۆمپیوتەر (cpu) بووە، بەجۆرێک داهێنانی لەعەقڵی کۆمپیوتەردا کردووە کە بەهیچ شێوەیەک هەڵەی بیرکاری قبوڵ نەکات.

## لە سیاسەتەوە بۆ تەکنەلۆژیا

د.فەرەیدون عوسمان کەریم، لەساڵی 1947 لەکەرکووک لەدایکبووە، تا پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لەوێ خوێندوویەتی، بەهۆی سیاسەتکردنەوە، دەگوازرێتەوە شارۆچکەی نەعمانییەی نزیک بەسرە و پۆلی شەشەمی ئامادەیی لەوێ تەواو دەکات، بۆ خوێندنی زانکۆش دەچێتە زانکۆی بەسرەو بەشی بایلۆژی لەکۆلیژی زانستی زانکۆی ناوبراو تەواو دەکات، هەر لەوێش دەبێتە بەرپرسی ناوچەی بەسرای پارتی دیموکراتی کوردستان.

دوای ئاڵۆزبوونی رەوشی سیاسی کوردستان و هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلول، ناوبراو یەکێک دەبێ لەو کەسانەی لەلایەن سەرکردایەتی ئەوسای شۆڕشەوە رەوانەی دەرەوە دەکرێ و دواجار لەساڵی 1976 دەگاتە ئەمریکا.

د.فەرەیدون لەگەڵ گەیشتنی بۆ ئەمریکا لەسیاسەت دوور دەکەوێتەوە "هەر کە گەیشتمە ئەمریکا لەبەر چەند هۆیەک بڕیارمدا خۆم لەسیاسەت بەدوور بگرم". هەر بۆیە هەمان ساڵ دەچێتە زانکۆی (ستەیت ئۆڤ یونڤێرستی نیویۆرک)، بەشی ئەندازیاری کارەبا دەخوێنێ، د.فەرەیدون لەبارەی خوێندنی لەو زانکۆیە دەڵێت "ئەو بەشە لەو زانکۆیە بەچوار ساڵ تەواو دەکرێ، بەڵام من بە دوو ساڵ و نیو تەواوم کرد، چونکە ژیانم لەوێ زۆر سەخت بوو، نەمدەتوانی کار بکەم، بۆیە کۆرسی زیاترم وەردەگرت بۆ ئەوەی زوو خوێندنەکەم تەواو بکەم و مووچەیەک وەدەستبێنم".

## لەگەڵ IBM

د.فەرەیدون دوای ئەوەی خوێندنەکەی بەنمرەیەکی بەرز تەواو دەکات، یەکێک دەبێ لەو ئەندازیارانەی لەلایەن کۆمپانیای IBMی ئەمریکی هەڵدەبژێردرێت، کە یەکێکە لەبەناوبانگترین کۆمپانیاکانی دروستکردنی کۆمپیوتەر، لەوێ لەتاقیگەکانی کۆمپانیاکە و لەسەر سوپەر کۆمپیوتەر دەست بەکار کردن دەکات. ئینجا کۆمپانیای IBM دەبێتە دەروازەیەک بۆ ئەوەی د.فەرەیدون پەرە بە کاری زانستی خۆی بدات.

ئەو ساڵەی د.فەرەیدون دەچێتە کۆمپانیای IBM، کۆمپانیای ناوبراو سەرقاڵی پرۆژەیەک دەبێ، دەیانەوێت کۆمپیوتەری کەسی بخەنە نێو ماڵان چونکە ئەوکات تەنیا سوپەر کۆمپیوتەر هەبوو، کۆمپیوتەری ماڵان نەبوو، د.فەرەیدونیش یەکێک دەبێ لەئەندازیارانی پرۆژەکە.

ئەو پرۆژەیەش یەکێکبوو لەپرۆژە گەورەکانی کۆمپانیای IBM، هەروەک د.فەرەیدون گوتی "پرۆژەکە زۆر گەورە بوو، کۆمپانیاکە لەتوانایدا نەبوو هەموو کەلوپەلەکانی کۆمپیوتەرەکە بۆ خۆی دروستبکات، هەر بۆیە گرێبەستی لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک کرد".

سەبارەت بەکاری خۆیشی لەو پرۆژەیەدا د.فەرەیدون گوتی" من لەو پرۆژەیەدا لەبەشی ماتماتیک و لۆجیکی CPUی کۆمپیوتەرەکە ئیشم دەکرد کە بەعەقڵی مەرکەزیش ناودەبرێت، کە بەشێکی گرنگی کۆمپیوتەرەکەیە، چونکە کۆمپیوتەر بەبێ ئەو بەشە ناتوانێ هیچ کردارێکی بیرکاری ئەنجامبدات".

## بەرێکەوت لە مردن رزگاری بوو

دوای ئەوەی کۆمپانیای IBM پرۆژەکەی تەواو دەکات، لەمانگی ئایاری ساڵی 1983 بڕیار دەدات داهێنانەکەی رابگەیێنێت، هەر بۆیە ئەندازیاران و شارەزایانی پرۆژەکە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بچنە ویلایەتی دالاس و لەرێورەسمێکدا داهێنانەکەیان رابگەیێنن، کە د.فەرەیدوون یەکێک بوو لەوان.

د.فەرەیدوون باسیکرد کە تیمەکە بەفرۆکەیەک لەفلۆریداوە بەرەو ویلایەتی دالاس بەرێکەوتن، بەڵام بەر لەوەی بگەنە دالاس فرۆکەکەیان دووچاری گرفتێک هات و لەئەنجامدا کەوتە خوارەوەو سەرجەمیان تێداچوون.

ئەگەر هاتنە ژیانی (شوان) نەبووایە، دوور نەبوو د.فەرەیدونیش یەکێک بووایە لەقوربانیان، د.فەرەیدون دەڵێت "ئەو رۆژەی دەمانویست پرۆژەکە رابگەیێنین، خێزانەکەم کوڕێکی بوو کە ناوم لێناوە (شوان)، بۆیە حەزی نەدەکرد بەجێی بهێڵم، جگە لەوەش ئەو کۆمپیوتەرەی دروستمان کردبوو، هەڵەیەکی بچووکی تێکەوتبوو پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، بۆیە پێیانباشبوو لەگەڵیان بچم هەڵەکە چاک بکەمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خێزانەکەم حەزی نەدەکرد، نەچووم".

نزیکەی 50 ئەندازیار و شارەزا لەرووداوی فرۆکەکەدا گیانیان لەدەستدا، کە سەرجەمیان بەشدار بوون لەپرۆژەکەی کۆمپانیای IBM. هەر بۆیە د.فەرەیدون دەڵێت " لەرۆژی رووداوەکە کۆمپانیا بڕیاریدا لەکاتی گەشت کردندا نابێ لە 3 ئەندازیاری کۆمپانیا زیاتر لەناو فرۆکەیەدا بن، بۆ نموونە ئەگەر 10 ئەندازیار گەشت بکەن دەبێ بە 3- 4 فرۆکە بچن".

## ئەو کۆمپیوتەرەی هەڵە قبوڵ دەکات

د.فەرەیدون، لەماوەی کار کردنیدا توانیویەتی چەندین داهێنانی تازە لەبواری کۆمپیوتەردا بکات، جۆرە داهێنانێکی کردووە لە کۆمپیوتەر کە بە (فۆڵس تۆرێنس)ناو دەبرێت، ئەو داهێنانە بەجۆرێکە ئەگەر کۆمپیوتەرەکە هەڵەیەکی تەکنیکیشی هەبێ کار بکات.



ناوبراو سەبارەت بەو داهێنانە گوتی "ئەو کۆمپیوتەرە زیاتر لەو مانگە دەستکردانە بەکاردێت کە بۆ بۆشایی ئاسمان رەوانە دەکرێن، لەبەر ئەوەی کەشوهەوای ئاسمان جیایە لەسەر زەوی بۆیە کۆمپیوتەرەکانی مانگە دەستکردەکە هەمووکات ئامادەن رووبەرووی هەڵە ببنەوە بەتایبەتی لەگۆڕینی ئاراستەی مانگەکە، هەربۆیە بیرم لەوە کردەوە کە کۆمپیوتەری ئەو مانگانە بەجۆرێک دروست بکرێ، ئەگەر هەڵەیەک لەکۆمپیوتەرەکە روویدا یەکسەر فەرمانی بدرێتێ و هەڵەکە راست بکاتەوە".

## هەڵەکەی ئەپۆڵۆ خەتای من نەبوو

دوای ئەوەی ئەمریکا مانگی دەستکردی ئەپۆڵۆی رەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد، لە دووەم گەشتیدا مانگەکە دووچاری هەڵەیەکی تەکنیکی بوو، نەیتوانی لەسەر رووی مەریخ بنیشێتەوە، ئەوکات ئەو هەڵەیە لەسەر د.فەرەیدون حیساب کرا، چونکە ئەو کۆمپیوتەرەکانی مانگە دەستکردەکەی دروستکردبوو کە لەجۆری فۆڵس تۆرێنس بوو.

بەڵام د.فەرەیدون رەتیکردەوە کە هەڵە تەکنیکییەکە پەیوەندی بەوەوە هەبێت، بەڵکو دەڵێت"هەڵەکە پەیوەندی بە منەوە نەبوو، چونکە کۆمپیوتەرەکانی کاریان دەکرد، بەڵام ئەو ئامێرەی کارەبای بۆ مانگە دەستکردەکە دروستدەکرد، لەبۆشاییدا پارچە پارچە بوو، بۆیە نەیتوانی لەسەر رووی مارس (مەریخ) بنیشێتەوە،بەڵام ئەوەی باشبوو بەسەلامەتی گەیشتەوە سەر زەوی".

## سوپەر کۆمپیوتەر دروستدەکات

هەرچەندە زۆربەی ئەو کەسانەی داهێنانێک دەکەن یان ئامێرێکی تازە دروستدەکەن بەناوی خۆیەوە ناوی دەنێن، بەڵام د.فەرەیدون وێڕای ئەو داهێنانەی کە کردوونی هیچی بەناوی خۆی نین، چونکە وەک خۆی دەڵێت "زۆربەی کارەکانی من لەشێوەی پێشنیارن، پێشنیاریش لەجیهاندا کەس خاوەنی نییە، هەموو کەسێک دەتوانێ سوودی لێوەرگرێت".

لەهەمانکاتدا د.فەرەیدون ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەو دەتوانێت سوپەر کۆمپیوتەرێک بەناوی خۆیەوە بنێت، چونکە خۆی پێشنیازی دروستکردنی ئەو کۆمپیوتەرەی کردووە کە بە سوپەر کۆمپیوتەری MICAی ناو دەبرێت.

ناوبراو لەسەر ئەو سوپەر کۆمپیوتەرە زیاتر قسەی کردو گوتی "ئەوە سوپەر کۆمپیوتەرێکی تازەیە، خەڵک دەتوانێت ناوی منی لێ بنێت، چونکە تەنیا یەک دانەی هەیە، ئەویش خۆم دروستمکردووە، کەس ناتوانێت ئەو سوپەر کۆمپیوتەرە بەبێ پرسی من دروست بکات، چونکە داهێنانەکەی موڵکی خۆمە".

هەروەها گوتی "بۆ یەکەمجار سوپەر کۆمپیوتەر لە ساڵی 1946 دروستکراوە، هەر هەموو ئەو سوپەر کۆمپیوتەرانەی دروستکراون تەقلیدی ئەوسوپەرکۆمپیوتەرە کراوەتەوە، بەڵام ئەوەی من دروستمکردووە لەسەرجەم ئەو سوپەر کۆمپیوتەرانە جیایە کە تا ئێستا دروستکراون".

## ئەوەی ئیسحاق نیوتن و رافسن نەیانتوانی بیکەن

بەپێی بیردۆزی ئیسحاق نیوتن و رافسن کە دوو زانای گەورەی بواری ماتماتیکن، هەر ژمارەیەکی تاک دابەشی ژمارەیەکی تاک بکرێ، ئەوا ژمارەیەکی بێ کۆتایی دەردەچێ، بەڵام کاتێک ئەنجامەکە جارانی هەمان ژمارە تاکەکە دەکەیتەوە، هەمان ژمارە دەرناچێتەوە. هەر بۆ نموونە ئەگەر ژمارە (1) دابەشی ژمارە (3) بکەین ئەو ژمارەیە دەردەچێ (0.33333333)، یەکێک لەو گرفتانەی نیوتن و رافسن هەیانبوو کە ئەو ئەنجامەیان جارانی ژمارە (3) دەکرد دەبوایە ژمارە (1) دەربچێت، بەڵام ژمارە (1) دەرنەدەچوو.

د.فەرەیدون دەڵێت "ئەوە یەکێک بوو لەگرفتەکانی نیوتن و رافسن، بەڵام من توانیم لەبەشی ماتماتیک و مەنتقی کۆمپیوتەر ئەو هەڵەیە راست بکەمەوە، ئێستاش ئەو کارەی من ناونراوە راستکردنەوەی هاوکێشەکەی نیوتن و رافسن".

جگە لەو داهێنانەی لەبواری کۆمپیوتەر کردوونی، د.فەرەیدون ئاماژە بەچەندین کاری دیکەی خۆی دەکات و دەڵێت "تا ئێستا زیاتر لە 115 پێشنیازی جۆراو جۆرم لەبواری کۆمپیوتەر نووسیوە، هەروەها بەشداریم لەدەیەها کۆنفرانسی زانستی کردووە، زۆرجاریش بەسەرۆکی کۆنفرانسە جیهانییەکان هەڵبژێردراوم لەزۆر کۆنفرانسیش مامۆستایانی کوردستانم داوەتکردوون".

هەروەها گوتیشی" زۆر وڵات پرس و رام پێدەکەن، بۆ نموونە ئێران سوپەر کۆمپیوتەرێکی دروستکردووە، زوو زوو پەیوەندیم پێوە دەکەن و پرسیارم لێدەکەن".

## هاوکاریم ناکەن

د.فەرەیدون جگە لەوەی لە سەنتەری (Stmicroelectronics) کار دەکات، لەهەمانکاتدا خاوەن کۆمپانیایەکی تایبەت بەخۆیەتی کە ناوی ctr، کاری ئەو کۆمپانیایە پێشکێشکردنی توێژینەوەی زانستییە بە کۆمپانیاکان.

مەبەستی سەردانی ئەو چەند هەفتەیەی د.فەرەیدون بۆ کوردستان، کردنەوەی سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستی بوو لەزانکۆی سەلاحەددین، هەرچەندە ماوەی ساڵێکە داواکاری کردنەوەی ئەو سەنتەرەی پێشکێشی وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە.

د.فەرەیدون زیاتر لەبارەی ئەو سەنتەرەوە قسەی بۆ (رووداو) کردو گوتی "ئەو سەنتەرە بۆ ئەوە دادەنێم، کە بیرۆکەی لێکۆڵینەوەی زانستی بدەمە قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا و هەروەها پەیوەندییان بۆ دروستبکەم لەگەڵ زانکۆکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکانیان بگەنە ئاستی جیهانی، وا دەکەم مامۆستایانی ئەمریکی هاوکاری قوتابییە کوردەکان بکەن، چونکە ئەگەر مامۆستایەکی ئەمریکی تەنیا نیو کاتژمێر وانەیان پێ بڵێتەوە زۆر زۆر سوودمەند دەبێ".

جگە لەوەش د.فەرەیدون یەکێک بووە لەدامەزرێنەرانی ژووری ڤیدیۆ کۆنفرانس لەکۆلیژی ئەندازیاری "ئەو ڤیدیۆ کۆنفرانسە لەلایەن من و حکومەتی ئەمریکا و بەهاوکاری چەند مامۆستایەکی ئێرە دامەزراوە، بەڵام بەداخەوە ئەو ژوورە ئێستا ئیش ناکات، چونکە نازانن ئیشی پێ بکەن".

ئەو گوتیشی" ئەگەر کوردستان ئامادە بێت، من ئامادەم خزمەتیان بکەم، خزمەتکردنەکەشم بێ بەرامبەرە، تەنیا داوایان لێدەکەم ئامادە بن هاوکارییان بکەم".

بەو پێیەی د.فەرەیدون زۆربەی کاتەکانی لەنێو تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بەسەر بردووە، کاتێک پرسیاری دەربارەی ئاستی کورد لەرووی تەکنەلۆژیاوە لێدەکەی، ئەو دەڵێت " کورد لەچاو وڵاتان زۆر زۆر ساوایە، بەڵام کورد زۆر زیرەکە هەر هێندە فێری شتێک بوو، کەس ناتوانێ پێشی لێبگرێت، بەڵام بەداخەوە بە سەعات گفتوگۆ لەسەر سیاسەت دەکەن، بەڵام ئامادەنین 10 دەقیقە گفتوگۆی زانستی بکەن".

## تاقیگە و مۆزەخانە

د.فەرەیدون لەماوەی ئەو چەند هەفتەیەی لەکوردستان بووە سەردانی زانکۆکانی کوردستانی کردووە رەخنەی زۆری لەسیستەمی خوێندنی زانکۆکانی کوردستان هەبوو، بەتایبەتی بەشە زانستییەکان.

د.فەرەیدون گوتی "سیستەمی خوێندن زۆر زۆر کۆنە پێویستی بەگۆڕان هەیە، هەروەها تاقیگە زانستییەکانیش زۆر زۆر کۆنن، ئەو ئامێرانەی لەو تاقیگایانەدا هەن، من لەشەستەکانەوە لەعێراق کارم لەسەر کردوون، لەهیچ زانکۆیەکی جیهان ئەو ئامێرانە بەکار نایێن، مەگەر تەنیا بۆ ئەوە دایبنێن، بڵێن کاتی خۆی بەو ئامێرانە ئیشمان کردووە، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەو ئامێرانە بۆ مۆزەخانە باشن".

هەروەها دکتۆر فەرەیدون بە سەرسوڕمانەوە باسی لەحکومەتی ئەلیکترۆنی کرد، کە حکومەت بەنیازە دایبمەزرێنێ، ئەو گوتی "ترسناکترین کار کە حکومەت دەستی داوەتێ، حکومەتی ئەلیکترۆنییە، لەبەر ئەوەی دەبێ ئامادە بیت، ئینجا دەستی پێ بکەی، چونکە ئەگەر ئەو حکومەتە بەهەڵە دابمەزرێ، زۆر زەحمەتە ئەو هەڵەیە راست بکرێتەوە".

# رادیۆی حکومەت یەکی نەگرتووەتەوە



حوسێن هیممەتی
himmati@rudaw.net

**رووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری رادیۆی نەورۆز بەوەکالەت بە (رووداو)ی راگەیاند کە رادیۆکەیان هەرچەندە رادیۆی حکومەتە،بەڵام لەلایەن خودی حکومەتیشەوە پشتگوێخراوە وگرنگی پێنادرێ "تا ئەو کاتەی من هاتم ئەنتێنی پەخشی رادیۆکە بۆری بوو، پەخشەکەشی تەنیا تا سنووری 100 مەتری هەولێر دەڕۆیشت، بۆیە ئەو بۆرییانەمان راگرت و 4 ئەنتێنی ستاندەردمان بە 1700 دۆلار کڕی وبەستمان و، ئێستاش بەنیازین پەخشەکەی فراوان بکەین و بیکەینە سەرتاسەری بۆ هەموو هەرێمی کوردستان".

رادیۆی نەورۆز، کە پێشتر نێوی (رادیۆی هەرێم) بو و، سەر بەوەزارەتی رۆشنبیرییە و لەساڵی 1993 دامەزراوە. موخلیس خۆشناو، بەڕێوەبەری رادیۆی نەورۆز بەوەکالەت کە پێشتر شارەزایەکی وەزارەتی رۆشنبیری بووە، دوای ئەوەی کێشەیەک لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و بەڕێوەبەری پێشووی رادیۆکە روویدا، ئەو لە نەورۆزی 2007 بووەتە بەڕێوەبەری رادیۆکە، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ "رادیۆی نەورۆز بەردەوام پاشکۆ بووە و گرنگی پێنەدراوە".

وەکو خۆشناو باسیکرد بوودجەی رادیۆکە پێشتر 7 ملیۆن دینار بووە، دوای ئەوەی ئەو بووەتە بەڕێوەبەر بوودجەکە زیادکراوە بۆ 10 ملیۆن دینار، ئاماژەشی بەوەدا کە کاتێک رادیۆکەی وەرگرتووە "پەخشەکەمان زۆر کەمبوو تاکو 100 مەتری پەخشی هەبووە، جارێک چوومە عەینکاوە بینیم پەخشەکە زۆر لاوازەو وەرناگرێ، بڕیارماندا پەخشەکە بەهێز و فراوان بکەین، کاتێک هاتین پەخشەکە چاکبکەین بینیمان ئەنتێنی رادیۆکەمان بۆری ئاوە، ئەنتێنی ئەسلی نەبوو، بەڵکو لەبازاڕ دروستکرابوون، تائێستاش ئەنتێنەکانمان ماون کە 3 دانەن و بەبۆری ئاو دروستکراون، بۆیە ئەوانەمان لادان و، 4 ئەنتێنی ستاندارمان بە 1700 دۆلار کڕین، سنووری بۆری ئاوەکە تاکو عەینکاوە و 100 مەتری بوو، لەو شوێنانە دوور کەوتبایەوە پەخشەکەت نەدەبیست".

بەڕێوەبەری رادیۆی نەورۆز باسی ئەوەشی بۆ (رووداو) کرد کە سەرەڕای ئەو هەموو پشتگوێخستنەی حکومەت بەنیازن پەخشەکەیان فراوانتر بکەنەوەو بیکەنە سەرتاسەری "دوای ئەوەی هەندێک کارمان کرد ئێستا پەخشەکەی هەولێر لەبازگەی باعەدرێ وەردەگرێ، لەسۆرانیش ئامێرێکی پەخشمان هەبوو، ئەویشمان چاککردەوە، ئێستا ئێمە لە هەولێرو دەوروبەری پەخشەکەمان 100%ە، هەروەها دوو ئامێری پەخشمان لەدهۆک و کەرکوک هەبوو راوەستابوون، ئەوانیشمان خستووەتەوە کار و لەوێش هەین و بەنیازین زیاتریشی بکەین و بیکەینە سەرتاسەری، جگە لەوەی لەسەر فریکانسی کەناڵی سەتەلایتی نەورۆز پەخشمان هەیە و خەڵک دەتوانێ گوێمان لێ بگرێ".



وەکو بەڕێوەبەری رادیۆ نەورۆز باسیکرد تائێستا چەندین کارمەندی رادیۆکە بەهۆی کەمی مووچەوە رادیۆکەیان بەجێهێشتووە و چوونەتە کەناڵە راگەیاندنەکانی دیکە،بۆچارەسەری ئەوەش تائێستا دووجارنووسراویان بۆ وەزارەتی رۆشنبیری کردووەو لەوێشەوە چووەتە ئەنجوومەنی وەزیران "لەئەنجوومەنی وەزیران گوتیان سەبر بکەن، تائێستا ئێمە ئەوە دوو ساڵە سەبرمان گرتووە و هیچیشمان بۆ نەکراوە، بەڵام تەلەڤزیۆنی نەورۆز کە لەگەڵ ئێمە نووسراوی کردبوو داواکەیان هەر ئەوکات بۆ جێبەجێکرا".

جگە لەرادیۆی نەورۆزی هەولێر، رادیۆیەکی دیکە هەر بەو ناوە لەسلێمانی هەیە کە ئەویش سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانە، کە وەکو موخلیس خۆشناو دەڵێ چەندین جار بۆ یەکگرتنەوەی هەوڵیانداوە "وا خەریکە وەزارەتی دارایی و پێشمەرگە و ناوخۆ یەکدەگرێتەوە، بەڵام تائێستا ئێمە یەکمان نەگرتووەتەوە، رادیۆکە لەئاوازێک دەخوێنێ ئێمە لەئاوازێکی دیکەدا دەخوێنین، هەردووکمان سەر بەحکومەت و وەزارەتی رۆشنبیرین و سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندنین، ئەو نەورۆزی سلێمانییەو ئێمەش نەورۆزی هەولێرین". ناوبراو هۆکاری یەکنەگرتنەوەی ئەو دوو رادیۆیەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "ئەوان دەڵێن ناکرێ دەنگی حکومەت لەسلێمانی بسەندرێتەوە، بەڵام ئێمە دەنگمان لەسەر سەتەلایتە، دەتوانرێ بەئاسانترین شێوە دەنگمان بگاتە سلێمانی، بەڵام سلێمانی ناتوانێ دەنگی بکاتە ئێرە".

ئەو بەڕێوەبەرە لەکاتێکدا ئاماژەی بەوەدا کە کارمەندانی رادیۆکە بە"دڵسۆزانە" کار دەکەن، رەخنەی لەحکومەتی کوردستان گرت و گوتی "خۆمان ناومان لەخۆمان ناوە رادیۆی حکومەت، دەبێ ئێمە سەرچاوەی هەواڵەکانی حکومەت بین،کەچی حکومەت چەندەها کۆنگرەی رۆژنامەنووسی دەکات و ئێمە ئاگادار ناکاتەوەو ئێمە ئاگامان لێ نییە و کەس ئاگادارمان ناکاتەوە"، هەروەها گوتی "ئەگەر لەسایتەکان نەبێ، نە هەواڵی حکومەت، نە هەواڵی وەزارەتەکان بەوەزارەتی رۆشنبیریشەوە کە سەر بەئەوێین پێمان ناگات و دەبێ لەسایتەکان وەیبگرین".

رادیۆی نەورۆز نزیکەی 20 پەیامنێر و کارمەند و 2 بێژەری هەیە و، پەخشی رادیۆکەش لەکاژێر 7ی بەیانییەوەیە تا 11ی شەو هەیە، کە هەموو کاژێرێک بۆ ماوەی 5 دەقیقە پوختەی هەواڵەکان دەخوێنرێتەوەو، بەرنامەکانیشی هەمە بوار و هەمەجۆرن. موخلیس خۆشناو بۆ (رووداو) دەڵێت "ئێمە زیاتر گرنگیمان بەخەمی خەڵک داوە، چونکە حکومەت زۆر پشتمان ناگرێ، بۆیە روومان لەخەڵکەکە کردووەو کردوومانەتە رادیۆی خەڵک، نەک ئەوەی رادیۆی حکومەت بێ".

حاجی ئەحمەدی، سەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان بەڵێنی ئاشکراکردنی وردەکارییەکان دەدات

# شەڕی دیموکرات و کۆمەڵە لەسەر دەسەڵات بوو بەڵام کۆمەڵە ئاژاوەگێڕ بوو

له 21 مارسی ئەمساڵدا لە ستۆکهۆڵم، تەلەفزیۆنی نەورۆز بە بۆنەی یادی نەورۆزەوە ئاهەنگێکی ڕێکخستبوو. بەندەش یەکێکبووم لەوانەی بۆ ئەو یادە بانگهێشت کرابووم. کوردی هەر چوار لای کوردستان ئامادەبوون. یەکێک لەوانە حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) بوو. حاجی پیاوێکی قسەخۆشە و هیچ دەمارگیرییەکی سیاسی، هەر هیچ نەبێت ڕووکەشانە پێوەی دیار نییە، بەڵام وێدەچێت زۆر بە بیروباوەڕی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرسام بێت. کاتێک لە تەلەفزیۆنی ڕۆژ تفییەوە ئاهەنگی دوو ملیۆنیی نەورۆزی ئامەد (دیاربەکر) ڕاستەوخۆ بڵاودەکرایەوە، دەریایەک لە ڕەنگی کەسک و سوور و زەرد شاریان خەملاندبوو، حاجی دەیگووت هەتا ئێوارە سەیری ئەم دیمەنانە بکەم تێر نابم. حاجی باسی سەفەرێکی خۆی بۆ کردم کە لە پێش هەشتاکاندا بۆ ئیستەنبوڵ کردبووی. دەیگووت"کاتێک گەیشتینە ئوتێل جانتاکانمان تەسلیمی پیاوێک کرد و خۆمان بە قادرمە چووینە سەرەوە و لەگەڵ هاوڕێکەم بە کوردی قسەمان دەکرد، کابرای شاگردی هۆتێل دەمووچاوی ئەبڵەق ببوو و هەر سەیری ئەم لاو ئەولای دەکرد، پاشان لێمان هاتە پێشەوە و بە چرپە پێی وتین منیش کوردم، ئیتر هەر ئەوەندە و لەبەرچاومان ون بوو". بەڵام ئێستا ئەوەتا دەبینین کە کوردبوون نەک ترس و شەرم نییە، بەڵکو بە ملیۆنان نەک شانازی بە کوردبوونی خۆیانەوە دەکەن بەڵکو ئاڵای سێ ڕەنگیان بردووەتە کەشکەڵانی فەلەک، حاجی ئەحمەدی ئەوەی لە خەبات و فیداکاری ئاپۆ و (پ.ک.ک) دەبینی و دەیگووت "زۆر کەس هەن ڕەنگە پەنجا ساڵی دیکەش لە ئاپۆ تێنەگەن". لەم قسانەدا بووین کە لەیلا زانا وەکو شێرە ژنێک هاتە سەر شانۆی نەورۆزی ئامەد و هەمان قسەکانی حاجی دەوتەوە، ئاخر ئەویش وتی"جاران ئێمە فەدی (شەرممان) لە زمان و جلوبەرگ و کوردبوونی خۆمان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ بە خەباتی لەهەنگێن چیا و ئەوانەی وان لە زینداندا گەیشتووینەتە ئەم قۆناخە". حاجی ئەگەرچی سمێڵی نەبوو بسکەی بێت، بەڵام لە چاوانیدا و بە بزەی سەرلێوی دەیویست پێم بڵێت: ئەها نەمگوت، ئەوەتا من لە ستۆکهۆڵم و لەیلا زانا لە ئامەد یەک قسە دەکەین.

دەمێک بوو دەمویست لەسەر هەندێک ڕووداوی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند پرسیارێک ئاراستەی حاجی ئەحمەدی یان کەسێکی وا کە خۆی لە کێشەکەدا بووبێت بکەم، بۆیە داوام لە حاجی کرد دەڵێی چی گفتووگۆیەک کە ڕەنگە کێشەش بنێتەوە، بکەین. ئاخر من دەمویست باسی سەردەمی ڕووخانی شا و شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات و زۆر شتی دیکەی لەگەڵ باسبکەم. حاجی بێ سێ و دوو ڕەزامەندی نیشاندا، ئەگەرچی دەکرا ئەم گفتووگۆیە تێروتەسەلتر بوایە، بەڵام بەهۆی کەمی کاتەوە هەر ئەوەندەی لێ دەرچوو، هیوادارم لە داهاتودا لەسەر هەندێک بابەتی دیکەی مێژوویی درێژە بەم دیدارە بدەین.

ڕووداو –سوێد

**کاوە ئەمین: کاک حاجی با لەوێوە دەست پێ بکەین،تۆ سەر بە خێزانێکی هەژاری یان دەوڵەمەند؟**

**حاجی ئەحمەدی:** من لە بنەماڵەیەکی بەتەواوەتی نەخوێندەوار لە دایکبووم، کەسیان خوێندەوار نەبوون. من یەکەمین کەس بووم لە خێزانەکەمان کە باوکم ناردوومیەتییە بەرخوێندن، لەگەڵ ئەوەی کە من کوڕی گەورەی ماڵیش نەبووم، بەڵکو من حەوتەمین منداڵی ماڵێ بووم لە نۆیان. خەڵکی دێیەکم کە 23 کیلۆمەتر لە مهابادەوە دوورە، ناوی کۆزەکەرێسە. بەڵام تەمەنم پێنج شەش ساڵێک دەبوو کە بارمان کرد بۆ گوندێکی دیکە بە ناوی قەرەقەساب لە سندوسێ، کە دەکەوێتە نێوان (نەغەدە و مهاباد)وە. هەر لەو دێیەش گەورەبووم. من لە لای مەلا خوێندوومە و پاشان باوکم ناردمی بۆ مهاباد.

**کاوە ئەمین: کاک حاجی باسی ئەوە دەکەیت کە لای مەلا خوێندووتە، مامۆستا هەژار لە چێشتی مجەورەکەیدا، زۆر لەو سەرگوزەشتانەی کە لەکاتی فەقێیەتیدا تووشی هاتوون دەگێڕێتەوە، ئێوە چی خۆش و ناخۆشتان بەسەر هاتووە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ڕاستییەکەی شتێکی خۆش ئەوەبوو، باوکم کوێخای ئاوایی بوو، دەتوانم بڵێم ئاغا بوو، ڕاستە بە موڵکایەتی هی ئەو نەبوو، بەڵام هەمە کارەبوو. باوکم مەلای گوندەکەی زۆرخۆشدەویست، چونکە چەپ بوو دەیانگووت کۆمۆنیستە (مەلای کۆمۆنیست!) و لەهیچ شوێنێک جێگایان نەکردبووەوە. ڕۆژێکیان کە باوکم ناردمی بۆ لای مەلاکەو پێم وت کە باوکم دەیەوێت لەلای تۆ دەرس بخوێنم، مەلا زۆر کەیفی پێهات. هەر یەکسەر ئەلفوبێی بۆ نووسیم. جا دوو شتی زۆر خۆشم لەبیرە. یەکەمیان ئەوە بوو کە (ئەلف، بێ، پێ و تێ)ی

## کۆمەڵە لەلایەن ساواکەوە دروستکرا

بۆ نووسیبووم، هەر کە دەمووتن پاش کەمێک لە بیرم دەچوونەوە، دوای ئەوەی کە چوومەوە بۆ ماڵەوە دایکمم فێری ئەو حەرفانە کرد، دایکم بێسەواد بوو، هەر کە لەبیرم دەچووەوە، ڕامدەکرد بۆلای دایکم و یەکسەر پێی دەوتم (ئەلف، بێ، پێ و تێ). بەهەرحاڵ هەرچۆنێک بوو فێر بووم. ئەوەی دیکە ئەوەبوو کە باوکم پارچە زەوییەکی دابووە مەلا، تا بیچێنێ و پێی بژی، ئەویش کردبووی بە چەوەندەر. ئێمە یەک دوو کەس بووین کە لەلای مەلا دەرسمان دەخوێند، دوای دەرسەکانمان مەلا دەیناردین کە بژاری چەوەندەری بۆ بکەین. باوکم منی زۆر خۆشدەویست. ڕۆژێکیان بە سواری ئەسپ بەلاماندا هات و وتی ئەوە تۆ لێرە چی دەکەیت، من تۆم ناردووە بۆ دەرس خوێندن یان بۆ بژاردکردن؟ منیش وتم وەڵڵا مامۆستا ئێمەی ناردووە، باوکم وتی جا ئەگەر من بژارم پێ بکردیتایە، بژارەی خۆمانم پێ دەکردی. ئێوارە کە مەلا هات بۆ ماڵمان باوکم وتی مامۆستا من عەبدولڕەحمانم ناردووە بۆ دەرس خوێندن نەک بۆ بژارەکردن، ئیتر ئەوە بوو باوکم ڕزگاری کردم و چیدیکە مەلا نەیناردم بۆ بژارکردن.

**کاوە ئەمین: نامەوێت تەمەنت گەورە بکەم، بەڵام تۆ هیچ شتێکت لەسەردەمی کۆماری کوردستان بەبیردا دێت؟**

**حاجی ئەحمەدی:** نا من هیچم بەبیر نایێت، ڕەنگە ئەو کاتە من تەمەنم سێ چوار ساڵێک بووبێت.

**کاوە ئەمین: باشە هۆی چ بوو کە خۆت تێکەڵی سیاسەت کرد؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە خانەوادەکەمەوە نەبوو، چونکە ئەوان سیاسی نەبوون. من لە مهاباد دەمخوێند و مهابادیش دوای کۆماری کوردستان بووە نێوەندی سیاسەت کردن. بەتایبەت لاوەکان، کە ئاگری کۆمار هێچ کاتێک لە نێو دڵیاندا نەکوژابووەوە. منیش چاوم لە منداڵانی مهاباد کرد و تێکەڵی سیاسەت بووم.

**کاوە ئەمین: ئایا تۆش وەکو زۆر کەسی دیکە، لە چەپایەتییەوە دەستت پێکرد؟**

**حاجی ئەحمەدی:** نەخێر نەوەڵڵا. من ئەگەرچی بیروباوەڕی چەپم هەبوو، بەڵام لە نێو هیچ هێزێکی چەپدا نەبووم و کورد بووم. لە نەورۆزی 1964 دا هاتم بۆ ئەورووپا و لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا کارم کردووە، کە یەکەمین هێز بوو کورد لەو کاتدا لە ئەورووپا هەیبوو، ئەو کاتە چوار پارچەی کوردستان نەبوو، هەمووی هەر شۆڕشی ئەیلول بوو و ئێمەش هەموو لە خزمەتی ئەو شۆڕشەدا بووین. دیارە ئەو کاتە کورد لە ئەورووپا زۆر نەبوون، ئێمە کۆنگرەمان دەبەست لە هەموو ئەورووپاوە لە ئیسپانیاوە تا کازاخستان بە هەمووی 120 کەسمان بۆ کۆنەدەبووەوە تا لە کۆنگرەکانماندا بەشداری بکەن، هەندێک لە بەشداربووان تەنانەت خوێندکاریش نەبوون، تەنیا بۆ قەرەباڵغی کۆنگرە دەمانهێنان.

**کاوە ئەمین: پاشان ئەو کۆمەڵەیەش بووە چەند پارچەیەک؟**

**حاجی ئەحمەدی:** نا نا، تا هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلولیش هەر وەک خۆی مایەوە، بەڵام بە هۆی شەڕی جەلالی و مەلایی، کێشە کەوتە نێو ئێمەوە و هەمیشە لەهەڵبەز و دابەزیندا بووین، بەڵام دوای تێکچوونی شۆڕش بووین بە دوو بەش.

**کاوە ئەمین:ئێوە خۆتان لایەنگری کامیان بوون؟**

**حاجی ئەحمەدی :** ئەمن ئەوکاتە بە مەلاییەکی تۆخ مەشهوور بووم و زۆر لایەنگری مەلا مستەفا بووم. ڕاستییەکەیت دەوێت زۆربەیان لەگەڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد بوون، تەنیا من و یەکێکی دیکە ناڕەزایەتیمان دەربڕی کە ئەویش محەممەد ساڵح جومعە بوو کە پاشان دوکتۆرای لە ئابووریدا هێنا. ئیتر وردە وردە لایەنگرانی ئێمە زۆرتر بوون، کاتێکیش مەلا مستەفا سەرکەوت ئەو ناکۆکییە نەما، هەتا شکستی شۆڕشی ئەیلوول.

**کاوە ئەمین: دوای تێکشکانی شۆڕش بوون بە دوو بەش؟**

**حاجی ئەحمەدی:** بەڵێ، ئێمە کۆمەڵەی خوێندکارانی (ئەکسا)مان دامەزراند. ئەوانی دیکەش وەکو خۆیان مانەوە.

**کاوە ئەمین: ئێوە وەفدتان دەنارد بۆ لای شۆڕش، ئایا تۆ خۆت مەلا مستەفات بینی؟**

**حاجی ئەحمەدی:** من خۆم نەمبینیووە، بەڵام وەفدمان چوو و بینیبوویان.

**کاوە ئەمین:ڕۆڵی عیسمەت شەریف وانلی چی بوو؟**

**حاجی ئەحمەدی:** مامۆستا وانلی، بۆ خۆی دامەزرێنەری کۆمەڵەی خوێندکاران بوو، ئەوە فکرەی ئەو و چەند کەسێکی دیکە بوو کە ئەو کۆمەڵەیەیان دامەزراند.

**کاوە ئەمین:لە ماوەی ئەم 44 ساڵەدا، جگە لەوەی کە وەک سەرۆکی (پژاک) سەردانی کوردستانت کردووە، پێشتر چوویتەوە بۆ کوردستان، بۆ نموونە دوای ڕووخانی شا؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئەی چۆن، ئێمە لەگەڵ دوکتۆر قاسملو پێکەوە گەڕاینەوە بۆ کوردستان. پێش ڕووخانی ڕێژیمی شا، لەگەڵ دوکتۆر قاسملۆ و چەند کەسی دیکە حیزبی دیموکراتمان زیندووکردەوە، کۆمیتەی ئەورووپای حیزب ئێمە دامانناوە. ساڵی 1979، کۆبووینەوە، چوار کەس بووین، دوکتۆر قاسملو، ئەمیری قازی، سەلیمی بابانزادە و من. کە بڕیارماندا، ئەوان وتیان لە بەغداوە دەگەڕێینەوە، من وتم لە تورکیاوە دەگەڕێمەوە، ئەوان پێیانوابوو کە ئەو ڕێگەیە مەترسیدارە، بەڵام من وتم شا عافواتی داوە، ئەگەر بشمگرن دوایی هەر ئازادم دەکەن، ئەوان لە بەغداوە و منیش لە تورکیاوە گەڕامەوە.

**کاوە ئەمین: تۆ بەڕەسمی چوویەوە ئێران ؟**

**حاجی ئەحمەدی** :ڕەسمی نەبوو، ئەو کاتە شا لەق ببوو و ئەو کۆنترۆڵەی جاران نەمابوو، پاشان لە مهاباد لەگەڵ دوکتۆر قاسملو یەکترمان بینییەوە و سێ ساڵ لە کوردستان مامەوە.

**کاوە ئەمین: لەو کاتەی کە تۆ لەوێ بووی شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات دەستی پێکردبوو.ئێستا کەتۆ لەگەڵ دیموکرات نەماویت، وەکو کەسێکی بێلایەن چاو لەو شەڕە بکەیت و بۆ مێژوو بیگێڕیتەوە، خەتاکەی دەخەیە ئەستۆی کێ ؟ ئەو شەڕە بۆ هەڵگیرسا؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئەو شەڕە، جادەیەکی یەک تەرەفە نییە، بەڵکو دوو تەرەفەیە. خەتای هەردووک لای تێدابوو. دیارە ئەمە شتێکی دوورو درێژە ئەگەر ڕۆژێک ویستت بە دوورو درێژی بۆت باسدەکەم.

## به قاسملوم گوت ئێمە بێ سیستەمین و گاڕانی شەڕ دەکەین



خۆی ڕاستییەکەی کۆمەڵە دەستکردی مام جەلالە. هەر لە سەرەتاوە، دەتوانم باسی ئەوەش بکەم، ئەو کاتەی سەڵاحی موهتەدی هات بۆ ئەوروپا و هەوڵیاندا و سەری نەگرت (سەرەتای حەفتاکان). بەڵام لە سەردەمی هەڵاتنی شا وهاتنەوەی خومەینیدا، مام جەلال دەورێکی زۆری هەبوو لە دروستکردنی کۆمەڵە و ئەوەیشی لەڕێگای موهتەدییەکانەوە کرد. بەڵام ئەوان خۆیان بانگاشەی ئەوەیان دەکرد کە لە دە ساڵ پێشترەوە کۆمەڵەیان دروستکردووە، بەڵام موتڵەقەن وانەبوو. کۆمەڵە لە کاتی ڕۆیشتنی شا و هاتنەوەی خومەینیدا دروستبووە.

**کاوە ئەمین:باشە بۆچی ئەوان خۆیان وا ناڵێن؟**

**حاجیئەحمەدی:**ئاخرعیلەتێکیئەوەبوو کە ئەوان نەیاندەزانی ڕێکخراوەکەیان ناو بنێن چی. چەند جارێک ناوەکەیان گۆڕی هەتا کردیانە کۆمەڵە. ئەو کاتەش لە شەڕەکانیشدا، یەکێتی پشتیوانی دەکردن.

**کاوە ئەمین: باشە، بنەماڵەی موهتەدی، کە ئەوان خۆیان عەشیرەتن، چۆن بوو ئەوان دەستیان بەسەر کۆمەڵەدا گرت، لە کاتێکدا کۆمەڵە باسی شۆڕشێکی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی دەکرد و دژی دەرەبەگ و عەشیرەکان بوون؟**

**حاجی ئەحمەدی:** پرسیارێکی زۆر جوانە. ئەوان نەک هەر عەشیرەتن بەڵکو گەورەترین عەشیرەتی موکریانیشن. خۆی لە ڕاستیدا بنچینەی فکرەکە، فکرەی ڕێکخراوی (سازمانی) ئەمنیەتی ئێران بوو (ساواک). دەیانویست، حیزبی دیموکرات لە ڕەگەوە وشک بکەن، ئەمەش چۆن؟ دەیانویست چینی گەنج و خوێندەواری لێ جیابکەنەوە. ئەوەشیان لا ڕوون بوو کە تەبەقەی لاوان زیاتر مەیلیان بۆ مارکسییەت و چەپ و شتی ئاوا دەبزووێت. ئەوان بەو شیعاراتانە کۆمەڵەیان دروستکرد تا بتوانن گەنجان و خوێندەواران لە دیموکرات دابڕن، دیارە لە هەندێک ناوچەی کەمدا، تاڕادەیەک سەرکەوتنیان بە دەست هێنا. دیارە ئەمە مەسەلەیەکی دوورو درێژە، کە سەڵاحی موهتەدی چۆن هات بۆ ئەورووپا و شتی دیکە.

**کاوە ئەمین:واتە پێتوایە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان، ئێران دەستی لە دروستکردنی کۆمەڵەدا هەبووبێت؟**

**حاجی ئەحمەدی:** سەت لە سەت، دیارە زەمانی شا نەک جمهوری ئیسلامی. چونکە سەڵاحی موهتەدی لە سەردەمی شادا هات بۆ ئەورووپا و پێوەندی لەگەڵ یەکێتی خوێندکاران و فلان و فیساردا گرێدا. دیارە خۆ ئەمە شتێکی نهێنی نییە، ئەوانە هەمووی مەدرەکن و لە سازمانی ئەمنیەتی سەردەمی شادا (ساواک)، گیران و بڵاوکرانەوە. باسی سەلاحی موهتەدی تێدایە، بە خەتی خۆی نووسیویەتی ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات. ئێران ناردبووی ڕێکخراوێک دروستبکات، کە چەپ بێت و توند بێت، تا لاوان لە دەوری دیموکرات کۆنەبنەوە. دیارە ئەو کاتە ئەوان سەرنەکەوتن، بەڵام کە شا هەڵات، ئەوەیان زیندووکردەوە، زانیان کە بۆشاییەک هەیە، جێگا هەیە، دەستیان بە دروشمدان کرد، شیعاری مارکسیست لینینی، کە ئەو کاتە باوی بوو، هەڵایەک بوو و فڕکان فڕکانێک بوو، خەڵک بەدوای کتێبەکانی ماکسیم گۆرکی و مارکس و کێ و کێدا دەگەڕان و دەیانخوێندنەوە. لەوەیدا ئەوان تا ڕەدەیەک سەرکەوتن کە بەشێک لە خوێندەوار و ڕووناکبیرانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە جەلال تاڵەبانیشیان لە پشت بوو.

**کاوە ئەمین:ئەو کاتەی کە خەریکبوو گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکرێت و وەفدێکی کورد دەچوون بۆ تاران، وەک دیکۆمێنت و وەکی دیش باسی ئەوە دەکرێت کە سەڵاحی موهتەدی پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێت خاڵێک بخرێتە سەر داواکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە ئێران، ئەویش دەرکردن و گەڕاندنەوەی کوردە ئاوارەکانی باشووری کوردستان لە ئێران و بەتایبەتی بارزانییەکان و قیادەی موەقەتە، ئەوە ڕاستە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئەوە هەیئەتێکی ئێران دەهات بۆ کوردستان نەک بە پێچەوانەوە. جا من لێرەدا بە ویژدانەوە باسی ئەوە دەکەم. کاتێک دوکتۆر قاسملو لەو کۆبوونەوەیە گەڕایەوە، زۆر ناڕەحەت بوو. وتی سەڵاحی موهتەدی ئەوەی بەسەرماندا سەپاندووە، واتە دەرکردنی کوردی باشوور لە ئێران.

**کاوە ئەمین:کەس نەبوو دژی ئەو بڕیارە بوەستێتەوە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیدا بوون، دەڵێن هەیئەتی بۆکان ئەو مەسەلەیەیان مەترەح کرد، دیارە هەیئەتەکە کێیە؟ سەڵاحی موهتەدییە. ڕەحیمی خەرازی کە لە ماڵەکەی ئەوان ئەو کۆبوونەوەیان سازکرد، لە گفتووگۆیەکدا دەڵێت خالی هەشت سەڵاحی موهتەدی هێنای، ئاخر لە ماڵی ئەواندا ئەو کۆبوونەوەیە کرابوو تا داخوازییەکانی کورد بۆ ئێران ڕیزبەند بکەن، بەڵام ئێستا سەڵاح بەسەر ئەوانەیدا دەهێنێت کە نەماون وەکو دوکتۆر قاسملو و فوئادی سوڵتانی و ئەوان، مردووش بە شایەت ناگیرێت. شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات، شەڕێکی ناهەق بوو، من بۆخۆشم خۆم بە کەمتەرخەم دەزانم، چونکە منیش لەو دەستەڵادارانەبووم، دیموکرات خۆی بە حاکمی ڕەها دەزانی، ئێستاش هەر پێیانوایە کە تەنها ئەوان بەڕێوەبەری خەباتی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتن، کۆمەڵەش دەیگوت نەخێر ئێمەیش هەین.

**کاوە ئەمین: واتە کێشەکە لەسەر دەسەڵات بوو؟**

**حاجی ئەحمەدی:** بەڵێ لەسەر دەسەڵات بوو، لەسەر ناوچەبوو. بەڵام کۆمەڵە ئاژاوەگێڕ بوون. بۆ نموونە کاتێک هێزێکی ئێمە لە سەرووی کوردستان چالاکی گەورەیان بکردایە و لە شەڕی جەبهەییدا بوونایە، ئێمە زۆربەی هێزەکانمان دەگواستەوە بۆ ناوچەی شەڕەکە، ئەوان فرسەتیان دەهێنا و لە باشوورەوە پەلاماریان دەدایین، بەو شێوەیە دەیانویست، هێزی خۆیان نیشانبدەن، دیارە ئەوانیش هەندێک لایەنگریان هەبوو.

**کاوە ئەمین:تۆ بۆ خۆت کەی گەیشتیتە ئەو بڕوایەی کە حیزبی دیموکرات بەجێ بهێڵیت؟**

**حاجی ئەحمەدی:** وازهێنانی من لە دیموکرات ئەوە نەبوو کە من ناکۆکیم لەگەڵ حیزب هەبێت، بەڵکو تەنانەت لەگەڵ ئیدۆلۆگی حیزبیش ناکۆک نەبووم، ناکۆکی من لەگەڵ دوکتۆر قاسملو بوو. ئەوەش لەسەر سیستەم بوو. من بە دوکتۆرم دەگوت کە ئێمە ئاوا سەرناکەوین، ئێمە سیستەممان نییە، ئێمە عەشایەریانە شەڕ دەکەین، گاڕانی، کابرا دێت نەدیو نەناسیاو تفەنگێکی دەدەنێ و دەڵێن بڕۆ شەڕ بکە. من دەمزانی سەرناکەوین و نەشم دەویست لەو شکستەدا بەشداربم.

هەڵبەتە من بۆخۆم هاوڕێی قاسملو بووم، بەڵام قاسملو مشاوەرەتی زۆر بەخەڵک نەدەکرد.

**کاوە ئەمین:ئێوە کەی گەڕاینەوە ئەورووپا و دوای ئەوە بیرتان لە دروستکردنی ڕێکخراوی دیکە نەکردەوە؟**

**حاجی ئەحمەدی:** ساڵی 1983 بوو کە وازم هێنا .زۆر دەهاتن بۆ باسکردن لە دروستکردنی حیزبی دیکە، وەکو کەریمی

## سەڵاحی موهتەدی دەرکردنی کوردە ئاوارەکانی باشووری سەپاند و د.قاسملو پێی ناڕەحەتبوو

حسامی و زۆری دیکە کە لە حیزب ناڕازیبوون دەیانگوت با حیزبێک دروست بکەین، بەڵام من پێموابوو دروستکردنی حیزب لە ئەورووپاوە کەڵکی نییە، پاشان حیزب دروستکەین دەبوو بەربەرەکانێی حیزبی دیموکرات بکەین، ئەوەش بە زەرەری نەتەوەی کورد بوو لەوکاتدا، وتمان با بزانین ئەوان چی دەکەن، ئیتر بۆ ئێمە لەخۆڕا دژی حیزبی دیموکرات بین کە بە قازانجی جمهوری ئیسلامی بوو. دیارە من تا یەک دوو ساڵیش وەکو ئەندام مامەوە و لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریم دەکرد. بەڵام دوای ئەوە بەتەواوەتی وازم لە حیزب هێنا. ماوەیەک کۆمیتەیەکمان دروستکرد بەناوی (هەوارگە)، لەو کوردانەی کە لە خەڵکی هەموو پارچەکان بوون، بەڵام سەر بە هیچ حیزبێک نەبوون، بۆ نموونە لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە و مەسەلەی دیکە دەمانووسیت هەڵوێستمان هەبێت، چونکە حیزبەکان هاوکاریان نەدەکرد، بەهۆی ئەو پێوەندییانەی کە لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەیانبوو، بۆ نموونە ئەگەر بۆ هەڵەبجە خۆپیشاندانمان بکردایە، پارتی و یەکێتی بەشداریان دەکرد، بەڵام دیموکرات لەبەر ئەوەی پێوەندیان لەگەڵ عێراق هەبوو بەشداریان نەدەکرد.



## نەوتی کوردستان بۆ تورکیا و ئێران نەنێردراوە

**ڕووداو- الشرق الاوسط**

**◆ د.خالید سالح وتەبێژی حکومەتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ئەو هەواڵانەی بەدرۆ خستەوە کە باس لەناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان دەکەن بۆ تورکیا و ئێران، چونکە وەک خۆی گوتی نەوتی کوردستان بەشی پێداویستی نێوخۆی کوردستانیش ناکات چ جای ئەوەی بینێرینە دەرەوە، هەروەها ئاشکراشیکرد کە تەنها دوو کۆمپانیای تورکی لە بواری دەرهێنانی نەوت لە کوردستان کاردەکەن.**

# حکومەتی هەرێم پێشینەی خانووبەرەی سەردەمی بەعس لە هاووڵاتیان وەردەگرێتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

محەممەدی تەمەن 20 ساڵ، لەگەڵ باوکە پیرەکەی لەناو بەڕێوبەرایەتی بانکی خانووبەرە وەستابوو خەریکی موشتومڕ بوو لەگەڵ فەرمانبەرەکان، دەیویست تێیانبگەیێنێت پێشینەی ئەو قەرزەی کە داوای لێدەکەن هی کەسێکی دیکەیە کە پێشتر خاوەنی خانووەکەی ئەو بووە.

پێشینەی خانووبەرە لەعێراق، بۆ یەکەمجار لەساڵی 1942 دراوەتە هاووڵاتیان و تاکۆتایی هەشتاکان خەڵکێکی زۆر لێی سوودمەند بوون، بەڵام دوای نەمانی بەعس لەکوردستان و دووبارە داواکردنەوەی ئەو قەرزە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە لە هاووڵاتیان، خەڵکی نیگەران کردووە.

بەپێی ئەو نووسراوانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان بە هەردوو نووسراوی ژمارە 6908 و 6910 لە12/10/1998 پێشنیاری بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزی خانوونەبەرەو کشتوکاڵ لەو هاووڵاتییانەی لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا ئەوقەرزانەیان وەرگرتووە، لەگەڵ لێخۆشبوون لەو پێشینە خانووبەرەیەی دراوەتە کۆمەڵگاکان.

ئەنجوومەنی وەزیرانیش بەنووسراوی ژمارە 7717 و 7752 لە4/11/1998 ڕەزامەندی خۆی لەسەر نووسراوەکە نیشانداوە لەگەڵ لێبووردنی چەند لایەنێک لەو پێشینەیە وەکو کەسوکاری شەهیدان، ئەنفال، دیل و بێسەروشوێنەکان.

سەباحەت محەممەد تاهیر، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لێبووردنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خانەوادەی شەهیدن، بەمەرجێک بەڵگەنامەی دەزگای شەهیدیان هەبێ، هەروەها لێبووردنەکە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کەکاتی خۆی لەلایەن ڕژێمی بەعس ئەنفالکراون.

هەروەها بەپێی ڕێنمایی ئەنجوومەنی وەزیران کە لەنووسراوەکەی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەو لێبووردنە ئەوانەش دەگرێتەوە کە پێش ساڵی 1991 لەلایەن حکومەتی بەغداوە خانەنشین کراون، ئەوانەی کە مردووشن بەهەمان شێوە حکومەت لەقەرزەکانیان خۆشدەبێ، بەمەرجێک ئەو قەرزانەی کەپێش مردنیان لەسەریان کەڵەکە بووە بیدەنەوە.

هەروەها نووسراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژە بەوە دەدات کە حکومەت لەسەرجەم سوودەکانی قەرزەکە بەهۆی دواکەوتن لەو کەسانە خۆشدەبێ کە بەدیلی گیراون. سەبارەت بەونبووەکانیش حکومەت داوای کردووە لەسەرجەم قەرزەکانیان خۆش ببن.

ئەو قەرز وەرگرتنەوەی حکومەت لەکاتێکدایە، کە بانکی خانووبەرە لەشارەکانی سەر بە بەغدا بڕی 30 ملیۆن بۆ خانوودروستکردن بە قەرز دەدەنە هاووڵاتیان، بەڵام لە کوردستان تائێستا بڕیار لەسەر دانی ئەو قەرزە نەدراوە.

هەرچەندە داواکرنەوەی ئەو قەرزە هاووڵاتیانی نیگەران کردووە، بەڵام سەباحەت دەڵێت " لەساڵی 1998 ئەو بڕیارەمان دەرکردووە، بەڵام کەس نەهاتووە بەدەم بڕیارەکەوە بۆیە ئێستا ئاگادارمان کردوونەتەوە کە لە ماوەی ساڵێکدا ئەو پارەیە بەشێوەی قیستی مانگانە بگەڕێننەوە".

محەممەد حەوێز، لەساڵی 1997ەوە خانوویەکی کڕیوە، بەبێ ئەوەی خاوەنی خانووەکە ئاگاداری بکاتەوە کە خانووەکە قەرزی پێشینەی خانووبەرەی لەسەرەو ئێستا حکومەت داوای 824 هەزار دیناری لێدەکات، محەممەد گوتی "حکومەت لەبری ئەوەی هاوکاری خەڵک بکات و ئیش بۆ گەنج بدۆزێتەوە تازە دێت قەرزەکانی سەردەمی بەعس زیندوو دەکاتەوە خەڵک لەکوێی بوو مانگی 70 هەزار بدات بەقەرزی کەسێکی دیکە".

یەکێک لەو کێشانەی کە بووەتە جێگای نارەزایی هاووڵاتیان ئەوەیە لەکاتی فرۆشتنی خانوو بەکەسێکیتر لەلایەن بەڕێوبەرایەتی خانووبەرەو بانکی خانووبەرەی هەولێر ڕێژەی ئەو قەرزە دەستنیشان ناکەن کە لەسەر ئەو خانووە ماوەتەوە کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەمڕۆ خەڵکانێک پارەکە بدەنەوە کە پێشتر ئەو قەرزەیان وەرنەگرتووە، تەنها لەبەر ئەوەی خانوویان لەکەسێکی دیکە کڕیوە ناچارن پارەکە بدەنەوە.

بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرە گوتی "کێشەکە لەبەڕێوبەرایەتی خانووبەرەیە ئەگەر ئەوان پێش ئەوەی خانووەکە بەناوی کەسێکی دیکە بکەن ئێمە ئاگاداربکەنەوە لەبارەی ئەو قەرزەی کە لەسەریەتی، ئێمەش تووشی ئەو کێشانە نەدەبووین".

ئەمین عوبێد، بەڕێوەبەری گلدانەوە لە بەڕێوبەرایەتی خانووبەرەی هەولێر کە 32 ساڵە فەرمانبەرە، لەو بارەیەوە گوتی بەڕێوبەرایەتییەکەیان دوای ڕاپەڕین هەموو ئەو تۆمار (سجل)انەی کە ناوی ئەو کەسانەی تێدا تۆمار کرابوو سوتاون و نەماوە تەنیا ئیزبارەی کەرتی 208 کە تایبەتە بەگەرەکی تەیراوەو کەرتی 5 کە تایبەتە بەعەنکاوە ماوە "ئەو ڕۆژەی کە ئەو بەڕێوبەرایەتییە سووتا من هاتم بەپەلە ئەوەی توانیم دەرمهێنا بۆ ئەوەی نەسوتێن بردمەماڵەوە دامنان تا ئەو کاتەی دەستبەکاربووینەوە هێنامەوە بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە".

دواتر ئەمین گلەییەکانی ئاراستەی بانکی خانووبەرە کرد کە ئەوان هەموو ئەو تۆمارانەیان ماوە، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو پارەیە لەخەڵک داوا بکەنەوە "تا ئێستا فەرمانبەرێکی ئەوان نەهات لیستێکم بۆ بێنێت بڵێت ئەوە ناوی ئەو خانوانەیە کە قەرزی لەسەر ماوە تاوەکو ئێمە بەناوی نەکەین بۆیە ئێمە تاوانبار نین بەڵکو ئەوان کەمتەرخەمن لەو بوارەدا".

هەروەها ئەو بەڕێوبەرە باسی لەوەشکرد کە دوای سوتانی ئەو تۆمارانە لە ساڵانی 94-95 چەند فایلێکی تازەیان بۆ ئەو هاووڵاتیانە کردووەتەوە کە خانوویان کڕیوەو فرۆشتوە ئەویش بەنووسینی بەڵێننامەیەک لە دادگا کە ئەو کەسە هیچ قەرزێکی لەسەر نییە "ماوەیەک کارمان پێکرد، بەڵام بێسود بوو چونکە خەڵکێک هەبوو لەدەرەوەی وڵات بوو یان هەبوو بەدرۆ لەگەڵ پارێزەرێک ڕێککەوتبوو بەڵێننامەکەی پڕ کردبووەوە".

سەبارەت بەبڕی ئەو پارەیەی کە ڕۆژانە لەلایەن بانکی خانووبەرە لەخەڵک وەردەگیرێتەوە، سەباحەت محەممەد گوتی "ئەو خەڵکەی کە موراجەعەمان دەکەن 85% زۆریان بەر لێبووردنەکە دەکەون، تەنیا ڕێژەیەکی کەمیان پارە دەداتەوە، ڕۆژانە نزیکەی 6 ملیۆن دینارمان بۆ دەگەڕێتەوە".

سەبارەت بەچۆنیەتی گەڕاندنەوەی پارەکەش سەباحەت گوتی " ماوەی ساڵێکمان داناوە بۆ گەڕاندنەوەی پارەکە بەشێوەی قیست و هەر دینارێکمان جارانی 150 کردووە، واتە 1000 بە 150000 دینار وەردەگرینەوە، بەڵام خەلکێک هەیە لەمەخمور ئەگەر 6 هەزار دیناری وەرگرتبێت، ئێستا 6 هەزار دینار ی بریمەری بۆ گەڕاندووینەتەوە دەڵێت: من وەختی خۆی وام وەرگرتوە لەحکومەت".

## لەسەر کارگەی جگەرەی هەولێر

# کێشە دەکەوێتە نێوان وەزارەتی پیشەسازی و کۆمپانیای کانی




کارگەی جگەرەی هەولێر

(فۆتۆ: ڕووداو)

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو -هەولێر**

کۆمپانیای کانی، بەشێک لەئامێرەکانی کارگەی جگەرەی هەولێر دەباتە دەرەوەی کارگەکە و، وەزارەتی پیشەسازی و وزەش داوای یاساییان لەدادگا لەسەر تۆمار دەکات. پارێزەری کۆمپانیای ناوبراویش ڕایگەیاند کە پارەی ئامێرە دیار نەماوەکان دەدەنە وەزارەت.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی قسەی بەرپرسانی وەزارەت کۆمپانیای کانی سەرپێچی چەند بڕگەیەکی ئەو گرێبەستەی کردووە کە لەنێوان وەزارەتی پیشەسازی و کۆمپانیاکەدا هەبووە، کە چەند کارگەیەگی دیکەی لەناو کارگەی جگەرە دامەزراندووە. وەک کارگەی ئەلەمنیۆم، ئاسن، سۆندە و دارتاشی.

دوای ئەوەی وەزارەتی پیشەسازی حکومەتی کوردستان لە 1/8/2000 گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای کانی مۆرکرد، کە لقێکە لەکۆمپانیای شەرقولئەوسەت، بۆبەکرێدانی کارگەی جگەرەی هەولێر. وێڕای بوونی چەندین سەرپێچی لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە، بەڵام بۆ جاری دووەم وەزارەت لە 4/4/2002 گرێبەستێکی دیکەی لەگەڵ کۆمپانیاکە مۆر کردەوەو، بەڕێوەبەری گشتی پیشەسازیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمپانیای کانی بەبێ موزایەدە کارگەی جگەرەی وەرگرتووە".

کارگەی جگەرەی هەولێر کە لە ساڵی 1973 دامەزراوە، ژمارەی ئەو کرێکار و کارمەندانەی کە لەو کارگەیە کاریانکردووە گەیشتووەتە 1507 کرێکار و فەرمانبەر، ساڵانە 360000 کارتۆن جگەرەی بەرهەم هێناوە، کە قازانجەکەی گەیشتووەتە 15 ملیۆن دیناری سویسری لەساڵێکدا. بەڵام دوای ڕاپەڕین بەرهەمی کارگەی جگەرەی هەولێر و سلێمانی ڕەواجی نەما، تەنانەت نیوەی پارەی تێچووی خۆشیان دەرنەدەهێنایەوە و بەرهەمیان وەستا. هەردوو کیان دواتر بەپێی دوو گرێبەستی جیا درانە کەرتی تایبەت.

ئاراس ڕەئوف، بەڕێوەبەری گشتی پیشەسازی لە هەولێر، گلەیی لە شێوازی بەکرێدانی کارگەکە هەبوو، کە بەبێ موزایەدە بەکرێ دراوە "ئەو کارگەیە بەبێ موزایەدە دراوەتە کۆمپانیای کانی، دەبوایە موزایەدەکە ڕاگەیاندنی بۆ بکرێ، بەڵام کارگەکە بەنووسراوێکی ئەنجوومەنی وەزیران دراوەتە کۆمپانیای کانی و ئێستاش نووسراوەکەمان لەلا ماوە".

بەڵام پارێزەر نەهرۆ مەحمود قادر، بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی لە کۆمپانیای شەرقولئەوسەت، پاساوی وەرگرتنی کارگەکەی بەبێ موزایەدە بەوە هێنایەوە کە هیچ کۆمپانیایەک نەبووە لە کاتدا جگەرە بەرهەم بێنێت و لەو بارەیەوە گوتی "ئەوکات کۆمپانیایەک نەبووە لەبواری بەرهەمهێنانی جگەرە کار بکات، کۆمپانیاکەی ئێمە لەساڵی 1995 ەوە کاریکردووە بۆیە ئەوان لەسەر بنەمای شارەزایی بانگهێشتی ئێمەیان کردووە و پشگیریان کردووین کە بیدەن بەئێمە".

### وەزارەت سکاڵا تۆمار دەکات

بەپێی ئەو گرێبەستە 23 خاڵییەی لەنێوان هەردوو لادا هەیە، کۆمپانیای کانی پابەندە لەو کارگەیە جگەرە بەرهەم بێنێت و لەگەڵ مانەوەی ئەو کرێکارانەی لە کارگەکە کاریان دەکرد، هەروەها مانگانەش بڕی 5 هەزار دۆلار بداتە وەزارەتی پیشەسازی و وزە. بەڵام هەروەک بەرپرسانی وەزارەت ئاماژەیان پێدا کۆمپانیای کانی سەرپێچی لەهەندێک لەبڕگەکانی گرێبەستەکە کردووە، وەک نەدانی پارە و دامەزراندنی کارگەی دیکە لەناو بینایەی کارگەکەدا.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، وەزارەتی پیشەسازی لەماوەی 3 ساڵی ڕابردوو بە نووسراوی فەرمی چەندین جار کۆمپانیای کانی لەو سەرپێچیانەی دەیکات ئاگادار کردووەتەوە و داوای قەرزەکانی کردووەتەوە، بەڵام ئەوان پابەند نەبوونە بە ڕێنماییەکان. هەر بۆیە دواجار وەزارەت، بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران پەنای بردووەتە بەر دادگا و سکاڵا لەدژی کۆمپانیای ناوبراو تۆمار دەکات.

شێخ ئاراس ڕەئوف، ئەوەی بۆ (ڕووداو)ی پشتڕاستکردەوە کە ئەوان چەندین جار ئەو کۆمپانیایەیان لەسەرپێچییەکان ئاگادار کردووەتەوە و لەو بارەیەوە گوتی "چەند جارێک بەنووسراوی فەرمی کۆمپانیامان ئاگادار کردەوە، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە، بۆیە دواتر بەنووسراوی ژمارە 3266 لە 24/8/2006 ئەنجوومەنی وەزیرانمان ئاگادارکردەوە لەوسەرپێچیانەی کۆمپانیاکە دەیکات، ئەوانیش پێیان ڕاگەیاندین ڕێگای یاسایی بگرینە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە".

### کارگە لەناو کارگە

کۆمپانیای کانی بەبێ ئاگاداری وەزارەتی پیشەسازی و وزە چەند کارگەیەکی دیکەی لەناو کارگەکە دروستکردووە.

پارێزەر فەوزییە فەقێ ڕەشید، کە بریکاری یاسایی وەزارەتی پیشەسازی و وزەیە، ئاماژەی بەو سەرپێچییانە دا و گوتی "کۆمپانیای کانی چەند کارگەیەکی دیکەی لەناو کارگەی جگەرە دامەزراندووە وەکو کارگەی ئاسنگەری لەکۆگای بەرهەم، کارگەی دارتاشی لەکۆگای توتن ن/2، کارگەی ئەلەمنیۆم لەکۆگای کەرەستەی خاو، کارگەی سۆندە لەکۆگای توتن ن/1، هەروەها بینای کارگەی جگەرە کراوە بە ئیدارەی کۆمپانیای شەرقولئەوسەت، چێشخانەی کارگەکە کراوە بە جێگای نمایشکردنی کەلوپەلی تەندروستی، باڵەخانەی تاقیگەی توتنی ناوکارگەکەشیان کردووە بەشوێنی حەوانەوەیان".

کۆمپانیای کانی پاساوی خۆی هەیە بۆ دروستکردنی ئەو چەند کارگەیە لەنێو کارگەی جگەرەدا و لەو بارەیەوە نەهرۆ مەحمود دەڵێت "ئێمە سەرەتا بەئامانجی بەرهەمهێنانی جگەرە کارگەکەمان وەرگرت، بەڵام لەبەر نەبوونی کەرستەی خاو و چاک نەکردنەوەی ئامێری کارگەکان نەمانتوانی جگەرە بەرهەم بێنین، بۆیە چەند کارگەیەکی دیکەمان لەناوی دانا".

ناوبراو گوتیشی "ئێمە مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنمان هەیە، بەپێی یاسای وەبەرهێنانیش، بۆمان هەیە لەناو زەوی کارگەکە کارگەی دیکە دابمەزرێنین"، بەڵام فەوزییە فەقێ گوتی "ئەو کاتەی گرێبەستەکە واژۆ کراوە، یاسای وەبەهەرهێنان لەکوردستان نەبوو، بۆیە دەبێ پەیوەست بن بە گرێبەستەکە".

### قەرزی وەزارەت

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەت، کۆمپانیاکە قەرزێکی زۆری وەزارەتی پیشەسازی و وزەی لەسەر کەڵەکە بووە، کە بەپێی قسەی بریکاری یاسایی وەزارەت زیاتر لە 3 ملیار و 500ملیۆن دینار دەبێ.

بریکاری یاسایی وەزارەتی پیشەسازی و وزە، وردەکاری قەرزەکانی کۆمپانیای کانی بۆ (ڕووداو) خستە ڕوو و، گوتی "بەپێی بڕگەی 10و11ی گرێبەستەکە، کۆمپانیای کانی دەبێ 5 هەزار دۆلار بداتە وەزارەتی پیشەسازی وەک کرێی مانگانە، هەروەها بڕی 5 هەزار دۆلار بداتە وەزارەت وەکو سولفە، هەروەها مانگانەش بڕی 100600 دینار بۆ ماوەی 2 ساڵ بگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەت، ئەو پارەیەش لەبەرامبەر کەرەستە یەدەگەکانی ناو کارگەکە بووە، کە بەهاکەیان 2414400 دینار بووەو دراوە بەکۆمپانیای کانی، هەروەها لەخاڵی 2ی گرێبەستەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە وەزارەتی پیشەسازی بڕی 42 هەزار کارتۆن جگەرەی سۆمەری فرۆشتووە بەکۆمپانیای کانی بەنرخی 17 دۆلار بۆ هەر کارتۆنێک کە لەماوەی یەک ساڵ لە ڕۆژی کارپێکردنی ئەم گرێبەستە کە لە 1/5/2002 کاری پێکراوە، پارەکە بداتەوە".

هەروەها فەوزییە ئاماژەی بە کۆی قەرزەکانی کۆمپانیای کانی دا کە تا ئێستا نەدراونەتەوەو گوتی "کۆمپانیای کانی دەبێ 3496463550 دینار لەگەڵ بڕی 113392،77 دۆلار بگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی پیشەسازی کە تا ئێستا هیچ یەکێک لەو پارانە نەدراوەتەوە".

هەر سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە پێویستە کۆمپانیای کانی بیگەڕێنێتەوە، شێخ ئاراس گوتی "ئەوە پارەی حکوومەتە و موڵکی ئەم میللەتەیە، دوای سەد ساڵیتریش دەبێت ئەو پارەیە بەیەکجار بدرێتەوە وەزارەت، تا پارەکەش وەرنەگرین دەست لەو دۆسیەیە لەدادگا هەڵناگرین".

نەهرۆ مەحمود، ڕەتیکردەوە کە ئەو بڕە پارانەیان نەدابێتەوە وەزارەت و گوتی "هەندێک لەو پارانەمان داوەتەوە وەزارەت، کە مانگانە بەکرێی کارگەو سولفە 10 هەزار دۆلارە، هەروەها کەرستە خاوەکانیش نرخیان لەسەر دانراوە و مانگانە بەشێوەی قیست پارەی کەرستە خاوەکان دەدەینەوە".

### ئامێرەکانی کارگە چییان بەسەر هات؟

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی پیشەسازی، بەدەیان کەلوپەل و ئامێری کارگەکە براونەتە دەرەوەی کارگەکەو تا ئێستاش چارەنووسیان دیار نییە، سەرچاوەکانی وەزارەت ئاماژە بەوە دەدەن کە ئامێرەکان لەلایەن کۆمپانیای کانی براونەتە دەرەوە.

لەو بارەیەوە فەوزییە فەقی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ژمارەیەکی زۆر ئامێر دیار نەماوە، بۆیە لەمانگی 5ی 2007 داوام لەدادگای بەرایی هەولێر تۆمارکرد کە نۆرینی بە پەلە (کشف مستعجل) بکات بۆ ئەو ئامێرانەی کە دیار نەما بوون ئەوە بوو لیژنەکە خۆیان بینیان کە ئەو ئامێرانە ئێستا لەکارگە نەماون".

سەبارەت بەجۆری ئەو ئامێرانەی کە دیار نەماون فەوزییە گوتی "ئەو ئامێرانەی دیار نەماون بریتین لەئامێری توتن، ئامێری دروستکردنی جگەرە، ئامێری فلتەری جگەرەو ئامێری بەلەمە، هەروەها 10 دانە ئامێری فلتەری جگەرە (ماکس اس)، چاپی ئۆفێستی 3 ڕەنگ جۆری نیبیۆلۆی ئیتالی، ئامێری بڕینی کاغەزو کارتۆن جۆری ئینڤێکتای ئەڵمانی، ئامێری بۆبێست بۆ بڕین و قنجاندنی کارتۆن جۆری سویدی، ئامێری تیژکردنەوەی چەقۆ، ئامێری شوشتنی ڕۆلەکانی ئۆفسێت، ئامێری دروستکردنی فلیم و پلێت و چاپکردن، ئامێری سکارتی جگەرە جۆری تنجی ئینگلیزی، ئامێری (التدخين الالی)، لەگەڵ 12 ڕافیعەی 5 تەنی لەکارگەکە دیار نەماون".

هەر سەبارەت بەدیار نەمانی ئەو ئامێرانە، پارێزەری کۆمپانیای کانی ڕایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ وەزارەت بڕی ئەو پارانەیان خەمڵاندوە بۆ هەر ئامێرێک کە دیارنەماوەو گوتیشی "ئێمە پارەی هەر ئامێرێک دەدەینەوە کە لەکارگەکە دیار نەماوە، ڕەنگە هەندێک لەو ئامێرانە بردرابن بۆ چاککردنەوە لەدەرەوەی وڵات".

لەکاتێکدا کێشەی هەردوولا لەدادگا بەردەوامە، کۆمپانیای سەڵاحەددین کە ڕێژەی 50%ی کۆمپانیای شەرقولئەوسەت پێکدەهێنێ، لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی چەند دانیشتنێکی ئەنجامداوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر دانەوەی قەرزەکانی کۆمپانیای کۆمپانیای کانی.

لەو بارەیەوە شێخ ئاراس، بەڕێوەبەری گشتی پیشەسازی لەوەزارەتی پیشەسازی گوتی "کۆمپانیای سەلاحەددین، کە بەشێکە لەکۆمپانیای کانی، مەحزەرێکمان لەگەڵ ئیمزا کردوون، بۆ ئەوەی قەرەبووی هەموو ئەو زیانانە بکەنەوە کە لەکارگەکە دراوە".

بەڵام نەهرۆ مەحموود ڕەتیکردەوە کە ئەوان بەشێک بن لەکۆمپانیای سەڵاحەددین و گوتی "کۆمپانیای کانی 50%ی کۆمپانیای شەرقولئەوسەت پێکدەهێنێ، کە خاوەنەکەی نزار حەننایە، ئێمە سەر بەکۆمپانیای سەڵاحەددین نین و ئاگاداری ئەو مەحزەرەش نین، کە لەگەڵ وەزارەت واژۆی کردووە، چونکە ئەوان هیچ پەیوەندییان بەمەسەلەکەوە نییە".

# هەمەجۆر



## بێکهام دەبێتە تالیبان

ڕووداو/لەندەن

◆ ماوەیەکە ڕووخساری تازەی یاریزانی بەنێو و دەنگی ئینگلیزی دەیڤد بێکهام بووەتە جێی قسەوباسی ڕۆژنامەکانی ئینگلیستان بەتایبەتیش چونکە بێکهام سەری تاشیووەو ڕیش وسمێلیشی هێشتۆتەوە ولەئیسلامییەکان دەچێت، بۆیە ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی نووسیبووی بڵێی بێکهام پەیوەندی بەتاڵیبانەوە نەکات، بەڵام ڤیکتۆریای هاوسەری بێکام ڕایگەیاند کە ڕووخسارە تازەکەی هاوسەرەکەی بەلاوە زۆر جوانە.

# ڕۆژ تیڤی 460 کلیپی کوردی قەدەخە دەکات

**تایبەت بە ڕووداو**

کەناڵی ئاسمانی ڕۆژ تیڤی 460 کلیپی کوردی لەخۆ قەدەخە کرد.

سەرچاوەیەک لەتەلەڤزیۆنی ڕۆژ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەهۆی ئەوەی زۆر گۆرانی و کلیپی ئێستای کوردی ئاوازی تورکی و فارسی و عەرەبیان تێدا بەکارهاتووە،بەوهۆیەوە تەلەڤزیۆنەکەیان نزیکەی 460 کلیپی گۆرانی لەبڵاوکردنەوە لە کەناڵەکەیاندا قەدەخە کردووە.

# سپایس گێرلز گۆرانی بۆ نیلسۆن ماندێلا ناڵێن

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

پاش بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیەی کە گوایە تیپی سپایس گێرلز بەبۆنەی 90 ساڵەی لەدایکبوونی نیلسۆن ماندێلای سەرکردەی پێشووی باشووری ئەفریقیاوە ئاهەنگێک سازدەکەن، سکێری سبایس لە لێدوانێکدا بۆ BBC ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوەو گوتی "خۆشمان ئەو دەنگۆیەمان بیستووە، بەڵام پێموایە ئێمە لەو ئاهەنگەدا گۆرانی ناڵێین".

تیپی موزیکی کچانی بەهارات مانگی شوباتی ڕابردوو پاش کۆتاییهاتنی گەشتێکی جیهانی لێک جیابوونەوەو ئێستا هەریەکەیان بەجیا سەرقاڵی پرۆژەکانی خۆیەتی، بۆیە وەک سکێری سبایس گوتی "بەدوور دەزانرێ ئەندامانی ئەو تیپە بەم نزیکانە لە ئاهەنگێکدا پێکەوە کۆببنەوە".



تیپی میوزیکی spice girls لێک جوودابوونەوە

# هەردی سەلاح گۆرانی بۆ خوا دەڵێت



**تایبەت بە ڕووداو**

دوای گەڕانەوەی لەگەشتێکی هونەری بۆ وڵاتانی ئەوروپایی و سازدانی چەند کۆنسێرتێک، گۆرانیبێژ هەردی سەلاح لەتورکیا گۆرانییەک بۆ خوا دەڵێت.

بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی هونەرمەند هەردی سەلاح بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەردی دوای گەڕانەوەی لە گەشتە هونەرییەکەی بۆ وڵاتانی ئەوروپاو سازدانی چەند کۆنسێرتێک، بۆ ئەنجامدانی دوایین پرۆژەی هونەری خۆی گەیشتە تورکیاو، بڕیاروایە ئەلبوومێکی تازە بەرهەم بهێنێ، کە یەکێک لەگۆرانییەکانی بۆ خوا دەڵێت.

## دوای ئەوەی 27 ساڵ شاردییەوە
# کچێک 7 منداڵی لەباوکی دەبێت

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

پۆلیسی نەمسا هاووڵاتییەکی دەستگیر کرد کە تەمەنی 73 ساڵە و کچەکەی لەژێرزەمینێکی ماڵێکدا بۆ ماوەی 27 ساڵ شاردبووە و 7 منداڵی لێ بووە.



ئێلیزابێتی تەمەن 42 ساڵ لەساڵی 1984 ون ببوو، کە دوای ئاشکرابوونی زانرا (جۆزێف ف) ی باوکی ماوەی 27 ساڵە شاردوویەتییەوەو لەو ماوەیەشدا چەندین جار دەستدرێژی کردووەتەسەرو ئێستاش دەرکەوتووە کە 7 منداڵی لێی هەیە.

بەپێی لێدوانی پۆلیس، لەدوای گواستنەوەی کچێکی ئێلیزابێت بۆ نەخۆشخانە و گەڕانی پۆلیس بەدوای دایکیدا، گومان لەباوکی کچەکە کراوەو مەسەلەکە ئاشکرا بووە، هەر ئەو کاتە یەکسەر پۆلیس جۆزێفیان بەتۆمەتی پێوەندی ناڕەوا لەگەڵ کچەکەیدا و شاردنەوەی بەزۆر، دەستگیرکرد. ئەو مەسەلەیەش لەهەموو ئەوروپا دەنگیداوەتەوە.

# سەرۆکی وڵاتێکی عەرەبی بەدزییەوە دەبێتە شیعە

**ڕووداو – ئیسکانیوز**



سەرۆک کۆماری وڵاتێکی عەرەبی بە دزییەوە دەبێتە شیعەو گومانی لێدەکرێ کە هەوڵدەدا خەڵکی وڵاتەکەی بکاتە شیعە.

ناوەندە سیاسییەکان لەوڵاتی جوزرولقەمەر، ئەحمەد عەبدوڵڵا سامبی سەرۆکی کۆماری وڵاتی جزرولقەمەر کە وڵاتێکی عەرەبییە، بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بەدزییەوە بووەتە شیعە و، هەوڵدەدات ئەو ئاینزایە لەو دەوڵەتە سوننییەدا بڵاوبکاتەوە.

یەکێک لەهاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە کە بۆ ماوەیەک لەئیماراتی عەرەبی نیشتەجێبووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو کاتەی ئەحمەد عەبدوڵڵا سامبی بۆ ماوەیەک لەدوبەی نیشتەجێبووە، نوێژەکانی لە"حوسەینییەیەک"کردووە.

# بەختی ڕووداو

## کاوڕ
Mar 21-Apr 19

پێویستە لەمهەفتەیەدائاگاداریخۆت بیت، لەوانەیە شتێک ڕووبدات زیانی بۆ تۆ هەبێت، بۆیە گوێ لەکەسانێک بگرە کە ئەزموونیان لەتۆ زیاترە، خەم مەخۆ، لەو نێوەشدا کەسێک هەیە دەستت بگرێ و یارمەتییت بدات.

## گا
Apr 20-May 20

دەبێ هەوڵبدەی ڕێگە چارەیەک بۆخۆت بدۆزییەوە کە ئەو کێشانەی ئێستا تووشت بوونە چارەسەر بکەی، ئەگەر خۆت تەنیا دەرەقەتیان نایێیت، ڕاوێژ لەگەڵ باوکت بکە کە تۆی زۆر خۆش دەوێت، ئەگەر دڵت پاک بێت هەموو کێشەکان چارەسەر

## جمک
May 21-Jun 21

هەندێ زانیاری تازەت دەست دەکەوێت، کە پێویستە ئاگادار بیت، چونکە زانیارییەکان بۆت دەردەخەن کە کەسانێک هەن دەیانەوێ کێشەت بۆ دروست بکەن و، هەندێکیش هەن یارمەتیت دەدەن بۆ ئەوە تووشی کێشە نەبی.

## قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

کات و ساتێکی باشە ئێستا کە ئەو بڕیارانەی دەتەوێ بیدەی ئەنجامیان بدەی، تەنیا بیر لەوە بکەوە بە ئامانجت بگەی، ئەو کاتە کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمت خۆیان لەناودەچن، کەواتە تەنیا بیر لەئامانجت بکەوە.

## شێر
Jul 23-Aug 22

ئەو هەفتەیە بۆ تۆ وەکو شانسێک وایە، هەواڵێکی خۆشت لەکەسێکی دوورەوە پێدەگات کە ماوەیەکی زۆرە نەتبینیوە، زۆر بیری تۆ دەکات، بۆیە پێویستە گرنگی بەو کەسە بدەیت و وەڵامی بدەیەوە، چونکە لەداهاتوو پێویستت پێ دەبێ.

## گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

بێ ئومێد مەبە، لەبێ ئومێدیدا تۆزێک ئومێد هەر هەیە، بۆیە تۆش کەڵک لەو تۆزە وەربگرەو بەردەوام بەئیش و کارەکانت و، داوای یارمەتی لەکەسانێک بکە کە گرنگیت پێدەدەن، چونکە وەکو دەڵێن هیچ کەسێک نییە هاوڕێی باشی نەبێت.

## تەرازوو
Sep 23-Oct 23

بەمزووانە پارەیەکی باشت دەست دەکەوێت و، باری داراییت بەرەو باشی دەچێ ئەگەر باش کەڵکی لێ وەربگری، بەڵام یەکەمجار پێویستە بەو پارەیە داواکارییەکانی خێزانەکەت جێبەجێ بکەی، ئەوان زیاتر پێویستیان بەو پارەیە.

## دووپشک
Oct 24-Nov 21

زۆر جار خۆت لە زۆر شت هەڵدەقورتێنی، ئەوکارە مەکەوکەسایەتی خۆت بپارێزە، چونکە کەسانێک کە ئەو ڕەفتارە لە تۆدا دەبینن، بەشێوەیەک باست دەکەن کە کاریگەری خراپی بۆ سەر کەسایەتیت هەیە، بۆیە هەر لەئێستاوە بڕیار بدە ئەو ڕەفتارە دووبارە نەکەیەوە.

## کەوان
Nov 22-Dec 21

ماوەیەکە بیر لە سەفەرێک دەکەیتەوە کە مێشکت ئاسوودە بکەیت، بەڵام باری داراییت ڕێگەت پێنادات ئەو سەفەرە بکەیت، ڕێگە چارەیەکت هەر ماوە، ئەویش ئەوەیە کە بیر لەکێشەو گرفتەکان نەکەیتەوەو تا ئەو کاتەی پارەت دەست دەکەوێت سەفەرەکە دوابخەی.

## کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

کارێکت کردووە کە هەست دەکەیت کەسانی دەوروبەرت لەتۆ نارەحەت بوونە، وا بیر مەکەوە، ئەو کارەی کە تۆ کردووتە زیاتر سوودی هەبووە تاکو زیان، بۆیە ئەو کەسانەی لێت نارەحەتن ئەوانەن کە نایانەوێ تۆ لەکارەکانت سەرکەویت.

## سەتڵ
Jan 20– Feb 18

ڕۆژی چوارشەممە ڕۆژێکی خۆش دەبێ بۆ تۆ، پێویستە بەباشترین شێوە کەڵکی لێوەرگریت، هیچ کارێکت بۆ ئەو ڕۆژە مەهێڵەوە، چونکە لەوانەیە شانسێکت بۆ بێتە پێش کە کارە ئەنجامنەدراوەکانت ببنە کۆسپ و نەهێڵن بەباشی کەڵکی لێوەرگری.

## نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

لەبەر ئەوەی گومانت هەیە و، بڕیاری خۆت بەتەواوی نەداوە، هاوسەرکەت کەمێک لەتۆ نارەحەت و نیگەران بووە، کێشەیەک نییە، بەڵام هەوڵبدە بە گفتوگۆ و ڕاوێژکردن لەگەڵی کارەکانت ئەنجامبدەی و پێکەوە بڕیار بۆ ژیانتان بدەن.

# نامەی خوێنەران

خوێنەرانی (ڕووداو) بۆیان هەیە، هەموو ڕەخنە و کێشە و بابەتێک بە کورتی لەم گۆشەیەدا بخەنەڕوو.

## فریامانکەوە مام جەلال!

بەڕێز سەرۆک کۆماری عێراق، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پێش چوار ساڵ حکومەتی نوێی عێراق باڵیۆزخانەی خۆی لە ئەڵمانیا کردەوەو ڕەوەندی عێراقیش لەم وڵاتە کە زۆربەیان کوردن، دڵخۆش بوون بەوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە دیاربوو کە ئەو دڵخۆشییە بەردەوام نابێت، چونکە هێدی هێدی دەنگوباسی باڵیۆزخانەکە لە ئەڵمانیا بڵاودەبووەوەو باسی ڕەفتاری تایفەگەری ئەو باڵیۆزخانەیە دەکرا بەتایبەتیش لەگەڵ کورد.

بەڕێزان

پارساڵ کە حکومەتی عێراق کارکردنی بە پاسپۆرتی جۆری (S) ڕاگرت و پاسپۆرتێکی نوێی لەجۆری (G) چاپکرد، منیش وەکو زۆربەی ڕەوەندی عێراقی لێرە پەیوەندیم بە باڵیۆزخانەوە کرد بۆ دەرکردنی پاسپۆرتی نوێ و لە مانگی 11ی ساڵی ڕابردوو، هەموو دۆکیومێنتەکانم بۆ ناردن، گوتیان لە ماوەی سێ مانگدا پاسپۆرتەکەت وەردەگریت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ و نیوو نزیکبوونەوەی ماوەی تەواوبوونی ئیقامەکەم لە ئەڵمانیا هیچ شتێک لە باڵیۆزخانەوە دیارنەبوو، دائیرەی بیانیانیش لێرە نامەیان بۆ دەناردم کە پەلەبکەم و پاسپۆرتی نوێیان بۆ بنێرم، ماوەی زیاتر لە 10 ڕۆژ هەوڵم دەدا بە فاکس، ئیمێل، پۆست و تەلەفۆن پەیوەندی بە باڵیۆزخانەوە بکەم هیچ وەڵامێک نەبوو، ناچار بووم لە دویزبۆرگی ڕۆژئاوای ئەڵمانیاوە بچم بۆ بەرلین لە ڕۆژهەڵات و بە سەدان یۆرۆ خەرج بکەم تاوەکو بزانم پاسپۆرتەکەم چی لێهات. لەوێ کاغەزێکیان دامێ بۆ دائیرەی بیانیان و گوتیان سێ مانگی تر موعامەلەکەت تەواو دەبێت، حکومەتی ئەڵمانیش سێ مانگ ئیقامەی منیان درێژکردەوە، ئەو سێ مانگەش دەربازبوون و دووبارە پەیوەندیم کردەوە بە باڵیۆزخانەوە، بەداخەوە دوای ئەو هەموو چاوەڕوانییە گوتیان "دۆکیومێنتەکانت ساختەن وناتوانین پاسپۆرتی نوێت بدەینێ".

جەنابی سەرۆک کۆمار، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان..

من لە کۆتایی ساڵی 2003 هاتوومەتە ئەڵمانیاو لەکاتێکدا کە لە کەمپ بووم و پێش سازکردنی موقابەلە لەگەڵ بەرپرسانی ئەڵمانی، ژنێکی ئەڵمانیم ناسی و هەر لەناو کەمپدا بڕیارمدا مارەی بکەم، بۆیە ناچار نەبووم وەکو زۆربەی کوردانی تاراوگە ناوی خۆم بگۆڕم و هەر لەو کاتەدا تەنازولم کرد لە مافی پەنابەری و ئەو ژنەم مارەکردو هەموو دۆکومێنتی ئۆرگیناڵی خۆم "ڕەگەزنامەی عێراقی، ناسنامەی باری کەسێتی و تۆماری قەیدی خێزانەکەمان" لەگەڵ خۆم هێنان و هەر لەسەر ئەوان پاسپۆرتی عێراقی جۆری (S)م وەرگرت، ئێستا باڵیۆزخانە دەڵێت دۆکومێنتەکانت ساختەن.

بەڕێزان

دیارە یەکێک لە ئامانجەکانی کردنەوەی ئەو باڵیۆزخانەیە هاوکاریکردنی ڕەوەندی عێراقییە، بەڵام ئەم باڵیۆزخانەیە لەجیاتی ئەوە کێشەمان بۆ دروستدەکات. من بڕیارم داوە سکاڵایەک پێشکێشی لایەنی پەیوەندیداری ئەڵمانی بکەم دژی باڵیۆزخانەی عێراقی هەرچەندە زۆر زەحمەتە ئەوان ڕاستی و دروستی کاغەزەکانم بسەلمێنن، چونکە ئەوانیش هەر پەیوەندی بە باڵیۆزخانەوە دەکەن، بۆیە ئەم نامەیەم بۆ بەڕێزتان نووسی و تکاتان لێدەکەم فریای من و هەموو کوردانی عێراقی بکەون لە ئەڵمانیاو لەدەست ئەم باڵیۆزخانەیەمان ڕزگاربکەن و لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەرپرسانی بکەن و سنوورێک بۆ ڕەفتاریان دابنێن دژی ڕەوەندی کورد. ئەم کارەی ئەوان تەنیا دوو هۆکاری هەیە، یان لەبەر پاشناوی منە کە ناوێکی سوننییە و ئەوانیش شیعەن، یان ئەوان بازرگانن و دەیانەوێ من بچم پاسپۆرتی (G) بە پارە دەربێنم. من لە کۆتاییدا بەڵێنتان دەدەمێ ئەگەر دۆکومێنتەکانم ساختە دەرکەوتن، من تەنازول لە ڕەگەزنامەی عێراقی دەکەم و ئامادەم بۆ هەر جۆرە سزایەک.

کەمال زوبێر عومەر– ئەڵمانیا

## با حکومەت و ئاسایش باوکی میللەت بن

سەبارەت بەو هەواڵەی لە دوو ژمارەی ڕابردووی ڕۆژنامەکەتان بڵاوکرایەوە لە بارەی گیراوانی کۆمەڵی ئیسلامی حەزدەکەم ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەم.

سەبارەت بەو کەسەی کە ناوی لە ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشدا هاتووە (محەممەد ئیسماعیل محەممەد عەلی حەمەئەمین) لەڕاستیدا ئەوە ئەو کەسە نییە کە کۆمەڵ داوای کردووە ئازاد بکرێت، بەڵکو ئەو کەسە (محەممەد ئیسماعیل محەممەد عەرەب)ەو ناسراوە بە مەلا حەمەلاو، کە دەکاتە باوکی بەڕێزو خۆشەویستم هەروەک لە ڕوونکردنەوەکەی کۆمەڵیشدا ئاماژەی پێدراوە، خەڵکی گوندی بەشێریانەو لە 2004/3/31وە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوەو تا ئێستاش هیچ تۆمەتێکی نەدراوەتە پاڵ و دادگاییش نەکراوە، چەندین جاریش لەلایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڵێنیان بە مامۆستا عەلی باپیرو کۆمەڵ داوە کە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن، بەڵام تا ئێستا هەر بەڵێن دەدەن و نە دادگایی دەکەن و نە ئازادی دەکەن. نەک هەر باوکم بەڵکو خەڵکێکی زۆر بێدادگایی بۆ ماوەی دوورو درێژ لە زیندانەکانی ئاسایش دەمێننەوە، ئێستاش خەڵکێکی زۆری نموونەی وەک باوکم زیندانین و نکوڵی لێناکرێت، جا هیوادارم حکومەت و ئاسایش باوکی میللەت بن و مافی هیچ کەسێک پێشێل نەکەن، یاساش سەروەری هەمووان بێت.

عیماد محەممەد ئیسماعیل
ژمارەی تەلەفۆن: 07504763821
ibotany@yahoo.com

## خێزانێکی پێشمەرگەش شیاوی دەهەزار دۆلارە

لە ژمارە 3 ڕۆژنامەی ڕووداودا بابەتێک سەرنجی ڕاکێشام لەلاپەڕەی کۆمەڵایەتی کەباسی ئافرەتێکی گەرمیانیی دەکات کە خاوەنی شەش منداڵەو هاوسەرەکەشی پێشمەرگەیەکی کەمئەندامە، ئەم ئافرەتە کەبەدەست نەخۆشییەوە دەناڵێنێ وچارەسەرەکەشی تەنها دەهەزار دۆلاری دەوێت، کەچی لەلاپەڕە وەرزشی هەمان ژمارەی ڕووداودا هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە کە 21 یاریزانانی هەولێر بە بڕی دەهەزار دۆلار خەڵاتکراون، ڕاستە ئەم خەڵاتکردنەش کارێکی باشە بۆ هاندانی وەرزشوانەکانمان بەڵام زۆر چاکتر ومایەی دڵخۆشیش دەبوو ئەگەر حکومەتی کوردستان دەستی هاوکاری بۆ ئەم ژنە نەخۆشە درێژبکردبا و بە دەهەزار دۆلار ژیانی لەمەترسی ڕزگارکردبا، چونکە وەک لەدەمی عەینە خانی نەخۆش بڵاوکراوەتەوە زۆر لەژیان بێزاربووەولەتاو ئازاروسەختی ژیانی داوا دەکات بە گوللەیەک کۆتایە بەژیانی بهێنن.!

ئەرسەلان سەعدەدین–هەولێر



# گوشارەکانی سەر ڕاگەیاندن

فەلەکناز ئوجا*

من لەنووسینەکانی ئەمدواییانەی خۆمدا لەسەر دۆزی شارەدارانیDTP و هەروەها لەسەر تەلەڤزیۆنی (ڕۆژ)م نووسیوە. وەک درێژەی ئەو دۆزەی، لە28 ئاداردا شارەداری گەورەی شاری ئامەد عوسمان بایدەمیر دادگایی کرا، کە منیش لەدادگاییەکەدا ئامادە بووم.

یەکێک لەهۆکارەکانی ئامادەبوونم پشتگیریکردن بوو لە ڕۆژنامەی (ئازادیا وەلات). ئازادیاوەلات چەندین ساڵە قەدەخە دەکرێ یان لەهەمبەر بەڕێوەبەر، پەیامنێر و دابەشکارانی ئەو ڕۆژنامەیە دۆز و دادگایی دەکرێنەوە.

بۆ سەرنجدانە سەر ئەو دادگایی کردنانەی دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیەدا دەکرێنەوەو ئەو گوشارانەی ئێستا، کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بەڕێوەچوو و منیش لەو کۆنفرانسەدا ئامادەبووم.

میدیای کوردی چەندین ساڵە ناتوانێت بە ئازادی کارەکانی بەرەوپێش ببات. میدیای کورد لەژێر گوشاری حکوومەتی تورکدایە ناتوانێت هەواڵەکان بڵاوبکاتەوە، ئەو هەواڵانەی بڵاودەکرێنەوە دەبنە مایەی زیاتربوونی گوشار لەسەر چاپەمەنی کوردی. نە تەنیا ئازادیاوەلات، بەڵکو ڕۆژنامەی ( ئۆزگور گوندەم – Ozgur Gundem) وROJ TV لەژێر زۆر دەستی سیاسەتی نژادپەرستانەی حکومەتی تورکیا ناتوانن خەباتی خۆیان بەشێوەیەکی ئازاد بەرەوپێش بەرن. سزای پارە لەهەمبەر بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی ئازادیاوەلات و ئۆزگور گوندەم بەردەوام بەرز دەبنەوە.

ئەو ڕۆژنامانەی کە قەدەخە دەکرێن و تۆمەتبار دەکرێن، لەباری ئابوورییەوە دەکەونە بن بارێکی گران. ڕۆژنامە سەردەستەکانیش،ئەو شەڕە پیسەی کە هەیە دەشارنەوە. حکومەت ئەو شەڕە دژی کورد بەڕێوەدەبات، لەبەر ئەوەش، بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات ڕای گشتی لەڕاستی تورکیا بێئاگا بهێڵێتەوە.

داخی گران و مەزنیش ئەوەیە کە لە تورکیا میدیای سەردەست باسی چاپەمەنی ئازاد دەکات.داخێکی گەورەی دیکەش ئەوەیە کە میدیای کوردی کە هەواڵی ئازاد بڵاودەکاتەوە و سزا دەدرێت نابێتە بابەتی هەواڵی" چاپەمەنی ئازاد"ی تورکیا. تا دەچێت کەرپی و لاڵی زیاتر دەبێت.

پاش دادگاییکردنەکەی عوسمان بایدەمیر، بەشداری دانیشتنی دۆزی هاوسەرۆکیDTP نورەدین دەمیرتاشیش بووم. دۆزەکە لەدادگای سەربازی ئەنقەرە بوو. من لەبەر ئەو هەڵوێستەی کە لەدادگادا لە بەرامبەر دەمیرتاش نیشاندرا سەرسام بووم. ئێمە واماندەزانی کە" تاوانی" دەمیرتاش راپۆرت بوو. واماندەزانی کە دەمیرتاش لەبەر ئەوەی نەچووەتە سەربازی و نەبووەتە سەربازی سوپای تورکیا سزا دەدرێت، بەڵام مرۆڤ دەیگوت لەوانەیە بەڕێز دەمیرتاش لەبەر کوشتن دەستگیرکرابێ . لەدادگادا ڕێوشوێنی نائاسایی وەرگیرابوون. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی80 کەسی گەنج کە نەچوونەتە سەربازی، 80 مرۆڤی خاوەن ژن و منداڵن.

بۆ هەر زیندانییەک، تەنیا یەک کەس دەیتوانی بێتە ناوهۆڵی دادگا . ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپا و پەرلەمانتارانیDTP ناچاربوون کە لەبەر دەرگا موبایلەکانیان رادەستی هێزە ئەمنییەکان بکەن. دانیشتنی دۆزەکە لە ڕێوشوێن و لەژێر گوشارێکی سەربازیدا بەڕێوەچوو.

لەهۆڵەکە، دادگاییکردنەکەی دەنیز گەزمیش بەبیر کەوتەوە. دادگایەکی بێ شاهید. ئەی بۆچی ئەو دادگایکردنە کرا؟

دەیانویست مرۆڤ بڵێت ئایا لە تورکیا دیموکراسی هەیە؟ دەبێ مرۆڤ باش بزانێ: دەمیرتاش لەدەرەوەی وڵات بوو، دوای ئەوەی گەڕایەوە لە فرۆکەخانە دەستگیر کرا. بەڵام ئەگەر ئازادیاوەلات، ئۆزگور گوندەم و ڕۆژنامەکانی دی لەبارەی نادادوەری دادگای سەربازی بنووسن، ئەوانیش دەگیرێن.

لەبەر ئەوەی ئازادی مرۆڤەکان پەیوەستە بە ئازادی چاپەمەنییەوە، کەسێک کە زمانەکەی قەدەخە بێ، ناوی گوندەکانی قەدەخە بن، ناوی وڵاتەکەی قەدەخە بێ، چاپەمەنییەکەشی قەدەخە دەبێت. بەڵام هەمووکەسیش دەزانێ کە ئەوە هەروا بەردەوام نابێت: ماف هەیە، کات و ڕۆژشی دێت.

*ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا

ئەم وتارە بەکرمانجی سەروو و تیپی لاتینی لە ڕۆژنامەی ئازدیا وەلات بڵاوکراوەتەوە، (ڕووداو) گۆڕیویەتی.



# به ستانداردکردنی زاراوەیەک زمانی کوردی مەکوژن

دلبخوین دارا– ئەڵمانیا
info@avestakurd.net

پرسی زمان جارێکی دی کەوتە ڕۆژەڤی ڕۆشنبیران. لەبواری زماندا، شەڕ لەنێوان سۆران و کورمانجدا نەکو دەستی پێکردووە، ئەو شەڕە درێژەی هەیە و ساڵانێکە ئەو کێشەیە هەیە.

بەبڕوای من زۆر زەحمەتە کە ئەو شەڕە کۆتایی بێت. ئەو کێشەیە قووڵە. بەهێرش، ڕەخنەگرتن، جنێو و قسەگەلی خراپ چارەسەر نابێت. ئەو کێشەیە، بەنامەیەکی کراوە، لێدوان و بانگەوازیش چارەسەر نابێت. ئەو کێشەیە بە چێکردنی گرووپ و هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژۆش چارەسەر نابێت. ئەو کێشەیە بەتوندڕەویش چارەسەر نابێت.

هەرچەند مانگ جارێک تۆ ئەوە دەبینی، یان لەماڵپەڕێک یانیش لەڕۆژنامەیەکدا، یان هەندێک کورمانج، یان هەندێک سۆران دەست بە هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوە بۆ یەکگرتنی زمانی کوردی دەکەن، داوای ستانداردکردنی زمانی کوردی دەکەن.

ستانداردکردنێکی چۆن؟

لەڕوانگەی منەوە ستانداردکردن هەرچۆنێک بێت زیانێکی گەورە دەگەنێتە زمانی کوردی. نەسۆرانی نەکورمانجی، هەر زمانێک بەپێی خۆی ستانداردە. نابێ ئێمە هەڵبستینەوەو بڵێین با سۆرانی ببێتە زمانی کوردی ستاندارد. بە چ حەقێک و لەسەر چ بنچینەیەک داخوازی ئەوە دەکرێ!

هەر زانیارێک بەپێی خۆی ستادارد دەنرخێنێت. سۆران، سۆرانی وەک زمانی ستاندارد دەبینێت. کورمانجیش دەڵێن زمانی ستاندارد کورمانجییە، وتووێژەکە درێژە دەکێشێ و چارەسەرییەکیش بەدەست نایەت. لە سەرئێشە زیاتر شتێکی دی نییە.

وەک ئەو لێدوانەی دوایی کە53 کەس واژۆیان کردووەو ویستوویانە سۆرانی ببێتە زمانی ستاندارد و کورمانجیش بخرێتە ئەرشیف، یان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

ئەوانەی داوای ئەوە دەکەن ژمارەیان لە 53 کەس تێناپەڕێت، بەڵام کورد 53 کەس نین! لانیکەم 30 ملیۆن کورد بەکورمانجی قسە دەکەن. سبەی کورمانجیش هەڵبستنەوەو داوای کورمانجی وەک زمانی ستاندار بکەن، لەبەر ئەوەی ژمارەی کورمانجەکان زیاترە، لەوانەیە بەکۆکردنەوەی واژۆ لە توانای سۆرانەکان کەم بکەنەوە، بەتایبەتی کاتێک کە کورمانجەکانی باکوور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا تەقلی ئەو پێلە ببن.

دیسانیش کێشەکە چارەسەر نابێت، ئەز قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئێستا باسی زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی بکرێت، قەتیش پێویست نییە. با هەرکەس بە زاراوەی خۆی قسە بکات، بخوێنێ و بنووسێت. بەڵام پێشتریش جارێک گوتبووم، دەبێ لەراگەیاندندا کورمانجی یانیش سۆرانی بەدیڤۆکا هەرێمدا بەکارنەهێنرێت.

پاراستنی سۆرانی، یانیش سۆرانیپارێزی و دژایەتی کورمانجی شتێکی زۆر خراپە. لەگەڵ نژادپەرستیدا جیاوازییان نییە. هەروەها بەپێچەوانەی ئەوەش کورمانجیپەرستی و دژایەتی سۆرانیش خراپە. بەڵام بەداخەوە ئێستا ڕەوش لەباشوور وەها نییە. ئەگەر سۆران بڵێن سۆرانی زمانی زانست وپێشکەوتنە، لەبەر ئەوەی فلان بەرهەم و فلان ڕۆمانی پێ نووسراوە و کورمانجی زمانێکی قەڵسەو" کوا چی پێ نووسراوە، کورمانجی زمانی گوندییانە" ئەوە هەم هەڵوێستە و هەمیش مەترسیدارە.

من جارجاران دەبیستم، هەندێک کەس وەک "ڕۆشنبیرانی گەورە" دەبینرێن کە لەو بڕوایەدان کە شتێک بەکورمانجی نەنووسراوەو کورمانجی زمانی گوندییانە.

فەرموو بەمن بڵێن لە باکوور کێ، چەند نووسەری باشووری دەناسێت؟ هەروەها لەباشووریش کێ چەند نووسەری باکووری دەناسێت. تا دوێنێ کەسێک بەناوی شێرکۆ بێکەس نەبیستراو بوو. کێ دەزانێ بەختیار عەلی کێیە؟

یان چەند کەس لە باشوور بەرهەمەکانی مەمەد ئۆزنیان خوێندووەتەوە؟

لەجێی ئەوەی ئێوە دەست بە هەڵمەتی ستانداردکردنی زمانی کوردی دەکەن و بێ واتا سەری خۆتان دێشێنن فەرموون بەرهەمەکانی خۆتان وەرگەڕێننە کورمانجی، سۆرانی و با بناسرێن. یەکتر بناسن، دەست لە توندڕەوی زاراوەپارێزی هەڵگرن و بەداوای ستانداردکردنی زاراوەکەی خۆتان، کوردی مەکوژن.



# سێسیل ئێنیۆن و دی مۆرینیۆ و هەڵوێستی کورد

ئیبراهیم مەلازادە– بەریتانیا
bmalazada@gmail.com

چۆن جیاوازی لەنێوان شتومەک دەکرێت، دەکرێ جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکانیشدا بکرێت .ئەگەرچی مرۆڤەکان لە خودی خۆیاندا لە بەهاکانیاندا هیچ جیاوازییەکییان نییە. هەموویان لە ماف و ئەرکەکانیاندا یەکسانن، بەڵام کردەوەکانی مرۆڤ جیاوازی لەنێوان خۆیاندا، لەنێوان کۆمەڵگاکانیاندا دروست دەکات. خۆباشکردن و بەخۆدا هەڵگوتن بە قسە و داواکردن نییە، بەڵکو بەو دەرەنجامانەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بەدەستی بێنێت . هەر ئەوەشە وا دەکات کەسانێک ببنە ئەستێرە و شۆرەتیان هەموو دونیا بگرێتەوە .هەندێکیش نەک هەر خەڵکی دیکەیان بەدەستەوە بە ئازار و شەرمەزارە، بەڵکو لەوانەیە گۆڕەکەشیان لێیان بێزار ببێت.

بۆیە ئەستەمە کەسێکی ئازادیخواز و ئاشتی پارێز بکەین لەگەڵ کەسانێکی نەفس نزم و دڵ ڕەش و تاوانبار بەراورد بکەین.ئەستەمە جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگایەک کە عەقڵ و زانست و کار بەرهەم دێنێت، لەگەڵ کۆمەڵگایەک کە تەمبەڵی و ئەفسانە و لەخەیاڵدا ژیان و بەخەیاڵ ژیان بەرهەم بێنێت بکەین.

سێسیلی 30 ساڵ یەکێکبوو لەو کەڵە ژنانەی کە لە فەڕەنساوە کۆڵی ئازادی وشەی لەخۆی هەڵدابوو و بەرەو کوردستان بەڕێکەوت، بۆ ئەوەی لەوێوە دەنگوباسەکانی میللەتێک بگوازێتەوە و بە دونیای پێشکەوتووی ئاشنا بکات.



سێسیل ئێنیۆن

بۆ ئەوەی چاوی ژانەکانی میللەتێک بێت بۆ میللەتانی دیکە .بەڵام جەرگڕەشێک لە پێناو ئارەزووێکی چڵێسی خوێناوی خۆی سنووری حورمەتی مرۆڤێک دەبەزێنێت و حورمەتی کارەکەی خۆشی ژێر پێ دەخات و لەوێوە لە دەرگای تایبەتییەکانی ئەو ڕۆژنامەوانە ئازاد و سەربەرزە دەچێتە ژوورەوە و بە هەر مەبەستێکی تاوان بێت، جۆری تاوانەکە بچووک بێت یان گەورە کێشە نییە، کێشە بەزاندنی سنووری حورمەتی مرۆڤێکە کە لە بنەڕەتدا کەس بۆی نییە بیبەزێنێت . ئەی ئەگەر ئەو کەسە ڕۆژنامەنووس بێت و تاکە چەکی قەڵەم و تاکە گوللەشی وشە جوانەکانی بن؟ ئەی ئەگەر ئەو کەسە دۆستی میللەتەکەی بێت و چاوی ئازارەکانی بێت لە دونیای دەرەوەدا؟ هەمووشمان دەزانین گرنگی سیسێل ئۆنیۆن چەندە بۆ ئەمڕۆی گەلی کورد لە بوونی دونیایەک دوژمن و ناحەز و دۆست کەمیماندا.

دی مۆرینۆی ئیتالیش لە دونیای دراما و لەبەردەم چاوی کامێراکەی، بڕیاری دابوو بێتە دەرەوە و ئیتر لە درامایەکی واقیعیدا پەیامەکەی خۆی بگوازێتەوە . ئەو بوێرانە لەگەڵ دەستەخوشکەکەی خۆی، کۆڵی ئاشتی و لێبووردەیی لە خۆی هەڵدابوو،وایدەزانی ڕێگاو بانەکانی شار و لادێکانی تورکیا هەمان ڕێگاوبانەکانی شار و لادێ جەنجاڵ و ئارامەکانی ئیتالیان، بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بەوێدا ببات، بەرەو دیوی دیکەی ئەوبەری زێی نائارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام جەرگڕەشێکی تورک دەرفەت لە تەنیایی و پاکی ئەو ژنە دڵ گەورە و بار قورسە دەبینێت و دیوە ئاژەڵییەکەی لە لا بەهێز دەبێت و ئیتر دی مۆرینیۆ بەرەو مەرگی کۆتایی دەبات، دوای ئەوەی ئەتکیشی دەکات و سنووری حورمەتی ئەو کەسایەتییە لە دڕندەترین شێوەدا دەبەزێنێت.

مرۆڤ کە ئەو دەنگوباسانە



دی مۆرینیۆ

دەخوێنێتەوە نازانێت لەو وڵاتە ئیسلامییانەدا چ دەگوزەرێت؟ بۆچی کۆڵ هەڵگرانی ئاشتی و وشەی ئازاد بێ حورمەت دەکرێن؟ بۆ هەڕەشە لە ژیانی ئەو کەسانە دەکرێت کە دەیانەوێت پردی خۆشەویستی و یەکتر ناسین دروست بکەن و ئەرکی بەرگریکردن لە دەنگە کپکراوەکان هەڵبگرن؟ دەکرێت ئێمەش دابەزینە ئاستی فیکری ئەوانەی باس لە فیکری پیلانگێڕان دەکەن و بڵێین، نا ئەوە هەر بەخۆیانن بۆ ئەوەی ڕووی ئیسلام ناشیرین بکەن؟ یا ئەو میللەتە بەناو مسوڵمانانە چیتر ئەوە نین کە بەخۆیان دەڵێن باشترین ئومەتین و "خیر امە" و دیوی نەخۆش و بۆگەن بوویانە نەک هەر ناتوانێت کێشەکانی خۆیان لە نێو خۆیان چارەسەر بکەن، بەڵکو دژی هەموو ئەوانەشن کە دۆستایەتیان دەکەن و دەیانەوێت دەستێکی پیرۆز بن بۆ چارەسەری هەندێک لە کێشەکانیان؟

هەردوو تاوانەکە گەورە بوون، ئەگەر چی سیسێل خۆشبەختانە ڕزگاری بوو لە مردن، بەڵام خەشەکەی گەورە بوو، ئێمەی کوردی لە هەموو دونیا بریندار کرد. بۆیە لەسەر هەموو ناوەندە ڕۆشنبیریەکان بوو ئەو کارە دڕندەیە شەرمەزار بکەن. بەڵام هێرشکردنە سەر سیسێلیا کوردی زیاتر بریندار کرد، چونکە گەلی کورد خۆی بە گەلێکی ئاشتیخواز و ئازادیخواز دادەنێت و نەدەبوو لەناو کورددا ئەو کارە بکرێت.

هەر کوردیشە چەندین پەیامی ئاشتی بۆ ڕژێمی تورکیا بەرزکردووەتەوە و داوای ئاشتی و بەیەکەوە ژیانێکی مرۆڤانە دەکات، بەڵام تورکەکان بە زیندانیکردنی چەند ساڵەی سەفیری ئاشتی لەیلازانا وەڵامیان دایەوە. پاشان لە یەکێک لە لادێکانی دەرەوەی ئیستەمبۆڵیش دی مورینیوی سەفیری ئاشتی بەدەستی تورکێکی تاوانکار کوژرا.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# New ئیزعاج

عەیب نەبێ ساڵی 1966 لەم عێراقە شڕەی خۆماندا یاسای ژمارە 21 دەرچووە کە ڕێگە لە دەنگەدەنگ و ژاوەژاو دەگرێت و بوار نادات هەرکەس بە ئارەزووی خۆی لە شوێنی گشتیدا بە بۆنە و بێ بۆنە ژاوەژاو بڵاوبکاتەوە. خاڵی سێیەمی ماددەی 495 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تا ئێستاش لە کوردستاندا کاری پێدەکرێت مانگێک زیندانی بۆ هەرکەسێک بڕیوەتەوە کە بە دەستی ئەنقەست خەڵکی وەڕس بکات.

لە گەڵ ئەوەی سووپەرمارکتی نیوو سیتی و بازاڕی نیشتمان دوو شوێنی فرە جوان و ڕێکی هەولێرن، بەڵام لە گەڵ جوانییەکەیاندا وەڕسکردنێکی لە ڕادەبەدەریش بەرهەم دەهێنن، هەردووکیان دوو سکرینی زەبەلاحیان داناوە کە بۆ ساتێکیش ناسرەون و بە دەنگێکی فرە بەرز و وەڕسکەرەوە کارێک دەکەن مرۆڤ لە دەوروبەریان هەڵبێت. بۆ ئەوانەی لە بازاڕی نیشتمانەوە نزیکن نازانم، بەڵام بەش بە حاڵی خۆم کە شوێنی کارکردنم لە نیوو سیتییەوە نزیکە، ژیانم لێتاڵ بووە، هەرواش هەموو ئەوانەی لە بازنەیەکی چەند سەت مەتری بە دەوری نیوو ستیدا نیشتەجێن. بەیانی تا نیوەشەو زرم و هوڕ و هاوار هاوارە، جارێ شمشاڵێکی نەشاز و ناخۆشیان هەیە ئەوەندەیان لە کاتی نیوەڕواندا لێداوە، وەک سەگەکەی بافلۆڤم لێهاتووە، تا گوێم لێنەبێت نانم پێناخورێت. سکرینەکەی نیووسیتی و بازاڕی نیشتمان دوو هۆکاری پیسکردنی ژینگەی هەولێرن، خۆ هەر تەپ و تۆز و دووکەڵ ژینگە پیس ناکەنەوە، ژاوەژاو، کە دەبێتە مایەی سەریەشە و سترێسی دەروونی، بەشێکی دیاری پیسکردنەوەی ژینگەی وەبەردەکەوێت.

ئەگەر ڕووداوێکی گرینگ کە بە ژیانی هەموو خەڵکەوە پەیوەست بێت، یان گەمەیەکی سەرنجڕاکێش کە هەموو شاری سەرقاڵ کردبێت، ئەمانە قەینا لە ساڵان و عەیاماندا چەند جارێک لەو مەزنەتیڤییانەوە نمایش بکرێن، بەڵام هەر لە سبەی ساڵحانەوە تا نیوەشەو، ئەمەیان چاوقایمیی ناودەنێی، بێشعووریی ناودەنێی یان ڕێزنەگرتنی خەڵک، هەرکامیان بێت دروستە.

کەس خۆیم لێنەکات بە ئیبن بەتووتە و پێم بڵێ هەی نەزان لە هەموو شارە ئاوەدانەکانی دونیا ئەم جۆرە شاشانە هەن، منیش دەزانم هەن، دەشزانم لە گەڵ پێشکەوتن و فراوانبوون و گەورەبوونی شار و بووژاندنەوەی ئابووریدا، ڕادەی سترێس و نەخۆشی دەروونی و جەستەییش پتر دەبن. ئاخر کە شێرزاد حەسەن دەڵێ حکوومەتی کوردستان لە سەرتاسەری کوردستان و لە هەموو شارەوانیدا یەک پیاوی عاقڵی دانەناوە، ڕاست دەکات. خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، بێباکیی و زووهەڵچوون سادەترین دەرهاوێشتەکانی ژاوەژاون لە سەر مرۆڤ، یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی هەر شارەوانییەک، ئارامڕاگرتنی ڕیتمی ژیانە، پاراستنی ژینگەو کەمکردنەوەی گرژیی و خاوێنڕاگرتنی ئاو و هەوایە. یەک پیاوی عاقڵی شارەوانییەکی کوردستانم نیشان بدەن لەمانە بگات.

پەیامی ڕووداو

# بۆنی نەوت

شـەش منداڵی کورد کە سـاڵی ڕابردوو لە فیسـتیڤاڵێکی ئەمریکا، سروودی (ئەی ڕەقیب)یـان گـوت، ئێسـتا بەجانتـای قوتابخانـەوە ناچـارن هەر بەرێـی دادگای تورکیاوە بن، بەتۆمەتی پروپاگەندە بۆ PKK و جوداخوازی. وێنەکانی توندوتیژیی نەورۆز و 1 ئایار، هێرشە ئاسمانییە بەردەوامەکانی تورکیا لە پێش چاوی هەموو دونیان.

ئەمانە هەموو ڕاستیی دەوڵەتی تورکیان، بەڵام لەو لاشـەوە ئەو ڕاسـتییە هەیە، نە دەوڵـەتـی تورکیا بە کـورد دەڕووخێ و نە تورکیاش دەتوانێ کورد لەناو ببات. بۆیەش گفتوگۆ بۆ کورد بووەتە ڕێگەی گەیشـتن بە ئاشـتـی و ژیانێکی مافدار، بەڵام بەداخەوە تورکیا هێشـتا وەک مەترسـیی تەماشای گفتوگۆ و ئاشـتـی لەگەڵ کورد دەکات، کە ڕەنگە ئەوەش مانـەوەی نیازی لەنێوبردنی کورد لەلای دەوڵەتی تورکیا دووپاتبکاتەوە.

کـورد و تـورک لـەو ماوەیـەدا، جگە لـە ململانێی چەکـداری لـە ململانێیەکی دژواری سیاسیشـدا بوون. تورکیا خواستی دواخستنی ڕیفراندۆمی کەرکووکی بەکردەوە سـەپاند، بەڵام لەولاشەوە کورد نەچووە بن باری شـەڕی کورد ـ کورد بـۆ بەرژەوەندی تورکیا، بۆیەش یەکەمجارە تورکیا بەوجۆرە بکەوێتە ژێر فشـاری چارەسەری ئاشتیانەی کێشـەی کورد لە باکووری کوردستان. ئەوە بـە پێداگیری سـەرکردایەتی کوردسـتان، جێگیربوونی خواست و پڕۆژەی ئاشتیخوازانە لای سەرکردایەتی PKK بەدیهات. پێداگیری شاندی کوردستان لە بەغدا لەسەر چارەسەری ئاشتییانە لە گفتوگۆکانی هەفتەی ڕابردووی دا لەگەڵ شاندی تورکیا، هەنگاوێکی دیکەی ئەو ڕێگە ڕاستەیە.

وەک جەنەڕاڵێکـی تـورک دەڵێ، ئەگەر سوپا توندترین و بەهێزترین دەزگای تورکیا بێت، ئەوا ئەو دەزگایەش گوێگرێکی باشـی ئەمریکایە چونکە شـۆرت و فانیلەکانیشیان هی ئەمریکان. لەمێژبوو فشـاری ئەمریکا بۆ گفتوگۆکردن لە گەڵ هەرێمی کوردسـتان لە سـەر ئەنقەرە بوو، وەک بەرپرسێکیشـیان دەڵێت تورکیا بۆی دەرکەوت ئەگەر بەنیازی سوود بینێکی زیاتر و بەردەوامبێ لە نەوت و گازی عێراق، پێویستە لەگەڵ "دەسەڵاتدارێتی باکووری عێراق" بسازێ تاوەکو بتوانێ خاکی تورکیا بکاتە یەکەم کرێداری گواسـتنەوەی نەوت و گازی عێراق.

پێدەچێ ئەمجارە کورد، پێچەوانەی ڕابردوو لە جیاتی کاولکاری بەرژەوەندییەکی لە بۆڕییە نەوتییەکاندا بەرکەوێت.

**ئاکۆ محەممەد**



2008/5/3 ڕۆژی جیهانی ئازادی ڕۆژنامەنووسی

# لۆبییەکی کوردستاندۆست لە ئەوروپا



هێمن عەبدوڵڵا - هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

زۆر کەس باسـی گرنگـی هەبوونی لۆبییەکی کوردستاندۆسـت لە ئەوروپا دەکات. ئەزیـش لەوەدا لەگەڵ ئەو زۆر کەسانەدا هاوڕام، چونکە ڕاستی ئەوەی کە زۆربەی ئەو بڕیارە گرنگە سیاسییانەی لە وڵاتانی ئەوروپی دەدرێن، دەرەنجامی ئەو گوشارانەن کە لۆبییەکان دەیخەنە سـەر بڕیاردەرەکان،ئەوەش پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی قووڵ بۆ لێتێگەیشتنی نییە. بەڵام تێگەیشتن لەوەی کە چۆن چۆنی لۆبییەک دروست دەبێ ودواتریش ئەو هەموو کاریگەرییەی لەسەر حکومەت و پەرلەمانـەکان دەبێ، باسـێکە کە پێویستیی بە تێڕامانە.

لۆبییـەکان زۆرتـر لـە ئەنجامـی پێویسـتی هەبوونـی گرووپێـک بۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتێک، گەلێک،کۆمپانیایـەک، پارتێـک یان هەندێکجـار یانەیەکـی وەرزشـی سـازدەکرێن. کاری ئـەو لۆبیانـەش گوشارخستنێکی دیپلۆماتیک و زۆرجار دیمۆکراسییانەیە بۆ سەر نێوەندەکانی بڕیار تا ئەو بڕیارانـەی کە دەیدەن لە بەرژەوەندیـی ئەو گرووپانـەدا بن کە لۆبییـەکان کاریان بۆ دەکـەن. بەڵام گوشارسازکردنیش کارێکی ئاسان نییە، چونکە زۆرجـار هەندێ بڕیاردەری وریا و ئازا ناچنە ژێر باری گوشـارەکانەوە. بۆیـە لۆبـی ناچارن کە تەنیا پشـت بەو ئەندامانەیان نەبەسـتن کە خۆیان خزاندۆتە شـوێنە هەستیارەکانی نزیک لـە بڕیاردەرەکانەوە. بەڵکـو لە ڕێی میدیاوپێوەندییە جەماوەرییەکانیشەوە ( پۆبلیک ریلەیشنس) کار لە ڕای گشتی بکەن، کە بە بێ ئەوەی خۆشـیان پێی بزانن، ببن بە هێزی گوشـارو بەشێکی لۆبییەکە!

لە ئەوروپـا زۆر کۆمپانیای تایبەتی شیرەتکاری هەن کە ڕێگا بەو گرووپانە نیشـاندەدەن کە لە هەوڵی سازکردنی لۆبیدان. ئەوکۆمپانیایانە کە نادەوڵەتین، ئەزموون و پسـپۆڕێتی دەفرۆشـن و ئەگەر زانیشـیان کڕیارێکـی چاکیت خۆشیان لۆبیستی چاکت بۆ دەبیننەوە. لۆبیستەکانیش کاریان سازکردنی لۆبی و دۆزینەوەی ئەندامی نوێ دەبێت.

من ئاگام لەو هەوڵانەیە کە لە ئەمریکا بۆ سـازکردنی لۆبییەکی هاوشێوە بۆ کوردستاندۆسـتەکان دەدرێـت، لێ لە ئەوروپا نەمبیستووە کە هیچ هەوڵێکی وا هەبێت، بـەڵام ئەگەر هات و ڕۆژێک لـە ڕۆژان حکومەتی کوردسـتان یان هەر گـرووپ و پارتێکی وڵاتدۆسـت، بیرۆکەیەکـی وای کردە ئامانج و پەنای وەبەر ئەو کۆمپانیا شـیرەتکارانە برد، بـا بیری نەچێت کە ئەو ڕاسـتییانەی خوارەوەیـان سـەبارەت بـە کوردانی ئەوروپا پێ بڵێت:

– ڕەڤەنـدی کوردی لـە ئەوروپا لە ڕووی ژمـارەوە ڕەڤەندێکـی چکۆلـە نییە. بۆ نموونە لـە ئەڵمانیا نزیکەی ملیۆنێک کورد دەژین. لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپیش هەرچەندە هێندەی ئەڵمانیا کورد زۆر نین، بەڵام گەلەک کەمتریش نین.

– کـوردە ئەوروپییەکان هەوڵدەدەن کە ناسـنامەکەیان بپارێزن و هەندێجار کارێکیش بۆ ناساندنی دۆزەکەیان بکەن. بۆ نموونە سوێدنشینەکانیان توانیویانە دەوڵەت ڕازیبکەن کە پشـتیوانییەکی شـیاوی بـاس لـە بـرەودان بـە کولتورەکەیان بکات. لە وڵاتانی دیکەش بە سوود وەرگرتن لەو یاسایانەی کە بۆ پاراسـتنی مافی کەمینەکان هەن، کۆڕ و کۆمەڵی کوردی، بە هاوکاریی دارایی ئـەو دەوڵەتانە دادەمەزرێن. ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە ئەگەر ڕووداوێکی گرنگ ڕوویـدا، ئەندامەکانیان کۆ دەکەنەوە و لەسەر شـەقامە نازدارەکانی ئەوروپادا بـەدەم ڕێپێوانـەوە هوتافـی دووبارە بووەوە دەکێشن!

– کـوردە ئەوروپییەکان پاراسـتنی زمان و فەرهەنگـی خۆیان زۆر بە لاوە گرنگە. بۆیـەش زۆر پێیان چاکترە کە هەمیشـە، سـەرەڕای ناکۆکییە زۆر و زەبەندەکانیان، بە یەکترییەوە سەرقاڵ بن و ڕوو لەو دنیـای دەرەوەیە نەکەن کە ڕەنگە ئەوەی ئاتاتورک نەیتوانی بە توند و تیژی لێیان بستێنێ، ئەوان بە دۆسـتایەتی لێیان بڕفێنن! هەربۆیەش ئەگەر بەشێکی زۆریان پاش ساڵانێکی دوور ودرێژ دوو ڕستەی ڕەوان بە زمانی وڵاتی دووەمیان نازانن و بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی سادەش کون بە کون بە دوای وەرگێڕ و دۆسـتی زمانزاندا دەگەڕێن، نابێ پێتان سەیر بێ!

– تورکەکانی ئەوروپـا کە ڕکابەری سەرەکی کوردانن لەو شەڕە دیپلۆماسییە ئایندەییەدا، ڕۆژ بـە ڕۆژ لۆبییەکانیان بەهێزتر دەکـەن. ئەوان بە هەڵبژاردنی دیمۆکراسییانە، ئەندامەکانیان دەگەیێننە پەرلەمان و دەیانکەن بەدەنگی کاریگەر. لە میدیاکاندا نڤیسـکارەکانیان دەبنە سەرنووسەری ڕۆژنامان و گۆشەنووسی چاک. فیلم و مۆزیکیان سـەیریدەکرێ و قسـە و باسـی لەسـەر دەکرێ. لە بەرامبەریشـدا کوردەکان کە تەنیا لە ڕێپێوانکردنـدا ئازان، کـە ڕێپێوانێک سـازبکەن، گرووپێکیان دەچن و ئەوی دیکە بایکۆتـی دەکات. کە ئاهەنگیان کردن زوو زوو دەیکەن بە شـەڕە چەقۆ و ئەگەریش ویستیان بنووسن، ئەوە یان لـە پاڵتۆڵک یانیش لە ماڵپەڕێکدا کات و وزەی زێڕینییان بە هێرشکردنە سەر یەکدی بە فیرۆ دەدەن!

– کوردەکانـی ئەوروپـا، بـە هۆی دوورەپەرێزییانەوە لە جڤاکی ئەوروپی تا ئێسـتاش نەیانتوانیوە ئەو وێنەیەی کە دەبوایە سـەبارەت بە دۆزەکەیان لە زەینی ئەوروپییاندا بچەسپێ بیخوڵقێنن. زۆربەی ئەوروپی کە بیر لە کوردسـتان دەکەنـەوە، یـان نـاوی پەکەکەی لە دەوڵەت یاخیبوویـان! یان دێتە زەین، یانیش دەڵێن: ئەوانـە داوای دەوڵەتی خۆیان دەکەن و نایاندەنێ.

بەڵام کـە بیریان بۆ نموونە بە لای ڕواندا دا بچێـت، ئەوە گرتە بە گرتەی فیلمی هۆتێل ڕواندایان دێتە پێش چاو کە ئەکتەرە ڕواندایییەکەی ناوی سەرنجی هەموو دنیای بە لای وڵاتەکەیدا ڕاکێشا.

زۆر بە کورتی: ئەگەر خواسـتێکی ڕاسـت هەبێت، سازکردنی لۆبی کارێک نییە کە نەکرێ، بەڵام ئامادەکاریی زۆر و پشوودرێژییەکی چاکی دەوێت.

# خەڵوەتگە و ئەنجوومەنی پیران



ئاوات عەلی
awathawlati@yahoo.com

خەڵوەتگەی پیری و ئەنجوومەنی پیران، ئـەم دوو دامەزراوەیە هاوبەشـێکی گرنگ لەنێوانیاندا هەیە، ئەویش هاوبەشی تەمەنی ئەندامەکانێتی، بەڵام یەکەمیان لەخانوویەکی چەند ژووریدایە لەتەنیشت باخی گشتی شاری سلێمانی لە عێراقی فیدراڵدا، دووەمیشیان بیناکەی لەبەشی باکووری ناوچەی کابتولە لەواشنتۆنی پایتەخی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

یەکەمیان دامەزراوەیەکی سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، دووەمیشـیان یەکێکە لەسێ دامەزراوەکـەی کۆنگرێسـی ئەمەریکا، کە یەکەم دامەزراوەو دەسەڵاتی دەستوورییە لە ئەمەریکادا.

یەکەمیان چەند کەسێکی پیری شار دوای ئەوەی لای کەسوکاریان جێگایان نابێتەوە، بەچەند مەرجێکـەوە لـەم خەڵوەتگەیە وەردەگیرێـن، بـەڵام دامـەزراوەی دووەم لەسەرجەم 52 ویلایەتەکەی ئەمەریکادا کە لە 302 ملیۆن کەس پێکهاتووەو بەسێیەم وڵاتـی جیهان دەژمێرێت لـەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، 100کەس دەتوانێت ببێتە ئەندام تێیدا. سـەرۆکی ئەمەریکاش پێش ئەوەی ڕەزامەندی ئەم ئەنجوومەنە وەرگرێت ناتوانێت هیـچ بەڵێننامەیەک ئیمزابکات و هیچ بڕیارێکی گرنگ دەربکات.

لێرەدا مەبەسـتمان ئامـاژەدان نییە بە جیاوازی نێوان ئەم دوو دامەزراوەیە، هەروەها ڕەخنەگرتنیش نییـە لەبوونی دامەزراوەی یەکەم، بەڵکو باسکردنە لەبیرکردنەوەی ئەو ئەقڵیەتانەی کە ئەم هەرێمە بەڕێوەدەبەن. ڕەخنەگرتنیشە لە ڕێزنەگرتنی ماندووبونی بەتەمەنـەکان و بڕیاری خانەنشـینکردنی ئەو ئەقڵانەی بەچەندین سـاڵ لە کۆشش دروستبوون.

لـەم هەرێمـەدا کە بەهیچ شـێوەیەک بەراورد ناکرێت بە ئەمەریکا و داواشناکەین لە بـری خەڵوەتگە، ئەنجوومەنی پیرانمان بـۆ دروسـتبکەن، بەلانی کەمـەوە دەبێ هەوڵبدەیـن ئـەوە بخەینە بـەردەم ئەو کەسانەی کە خاوەنی بڕیارن لەهەرێمەکەدا، کارێک نەکەن کە بە تیاچوون و دواکەوتنی خۆمان کۆتایی بێت.

چونکە ئەگەر بۆ ساتێک بە لاپەڕەکانی مێژووی زانست و داهێناندا بچینەوە، دەبینین زۆر لەداهێنـەرەکان تەمەنێکـی زۆریـان لەکارکردن و لێکۆڵینەوەدا بەسەر بردووە، ئینجا توانیویانە زانستێکی نوێ بدۆزنەوە، بەڵام بەداخەوە لەزانکۆکانی ئێمەدا ئەوکاتەی ئەقڵـەکان دەگەنە ئەو ئاسـتەی داهێنان بکەن، بە بڕیارێک خانەنشین دەکرێن.

لاپەڕەکانی مێژوو ئەوەمان پیشاندەدات کە ئەنیشـتاین و نیوتن و لویس پاستێر و فارادای و چەندین زانای دیکە، هەریەکەیان خاوەنی چەندین دۆزینەوەن، تاکۆتاییەکانی سـاڵانی ژیانیان، کە هەریەکەیان نزیکەی 80سـاڵ تەمەنیـان بەسـەربردووە، بەردەوامبوون لەخزمەتی زانست و داهێنان، بـەڵام بەداخەوە لەم هەرێمـەدا ئەقڵەکان ڕەوانەی ماڵەوەو خەڵوەتگەی پیری دەکرێن، بۆ ئـەوەی چاوەڕوانی مردن بکەن لە بری ئەوەی پرس و ڕاوێژیان پێ بکرێت.

تۆ بڵێی ئەو کەسـەی بڕیاری داوە ئەو ئەقڵانـە خانەنشـین بکات، بیـری لەوە کردبێتەوە کە زانکۆکان نیوسەدەی دیکەیان دەوێت تا هاوشێوەکانیان دروستبکەنەوە؟

یـان ئەو کەسـە گوێـی نەداوەتە ئەو لایەنەو تەنیـا مەبەسـتی کەمکردنەوەی فەرمانبەرانـی حکومەت بـووە، بۆ ئەوەی حکومـەت لـەو قەیرانـە ڕزگار بکات کە 75%ی بوودجەکـەی دەداتـە مووچەی فەرمانبەرەکانی. بۆیە ئەمجارە ئێمەش وەک ڕابەرەکانمـان بەم کارە دەڵێین "دەسـتی لەپشـتەوەیە"، بەڵام دەستێک جیاواز لەو دەستانەی ئەوان باسیدەکەن، دەستێک کە بۆ خنکاندنی خۆمان لە گیانی خۆمان ڕوواوە، بەڵام وادیارە کێشەکان بەخۆشیان چارەسەر ناکرێن، وەکئەنیشتاینیشوتویەتی "ناتوانین کێشـەکان بەو ئەقڵە چارەسەر بکەین، کە خۆی کێشەکەی دروستکردووە".

# کولتووری مردووان



ویداد ئاکرەیی–دانیمار
widad.akrawi@gmail.com

سـەرەڕای ئەو گۆڕانـە گەورانەی بەسـەر کۆمەڵگاکانـدا هاتـوون، پەیوەندی نێوان ژن و پیاو لەخێزانی کوردیدا پەیوەندییەکی هاوچەرخ نییە. کەلتـووری هاوچەرخ کـە زۆرکەس پێیانوایە کەلتوورێکی نوێیە، لە ڕاستیدا نوێ نییە و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەو کەلەپوورەوە هەیە کە لە باوباپیران و مردووان بەجێماوە، ڕاسـتییەکەش ئەوەیە زیندووانی ئێسـتا شوێنپێی مردووەکانی پێش خۆیان هەڵگرتووەو هەوڵیان نـەداوە کەلتوورێک بەرهەم بێنن کە لەگەڵ بەهاو پرەنسیپەکانی ئەمڕۆ بگونجێ.

گوتاری نێرینە کە بەشێکی لە دەقە ئاینییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە هەر سـەرکۆنەی ئافرەت دەکات، ئافرەت ئەو مەخلوقەیە کە تائێستاش بەهۆی حـەواو گوناهە ئەفسـانەییەکەیەوە سزادەدرێ، بۆیە ئافرەتان هەر لەساتی لەدایکبوونەوە تا ئەوکاتەی دەمرن لەژێر ئەو زوڵمەدان. کەلتووری کۆمەڵایەتی ئێمـە هەڵگری کۆمەڵێـک نەریت و ئامـاژەی کۆمەڵایەتییە کـە ئافرەت لەپلەی سێ دادەنێ (کە ئافرەت پاش پیاو منداڵانی نێرینە دێ)، ئافرەت لەم کەلتوورەدا تەنیا جەستەیەکی ئامادەیە بـۆ تێرکردنی حەزەکانیان هەرکاتێک بیانەوێت،هەروەک ئەوەی جاریەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بن.

مێژووی کوردو مێـژووی ئافرەتی کوردیـش بەدەسـتی داگیرکەرانـی کوردستان نووسـراوەتەوە، پیاوانی داگیرکەر تەنیا جوانییەکانی ئافرەتی کوردیان بینیوە، دواجار ئافرەت لەنێو شووشـەیەک دانراوەو ئایندارییەکەی تاکە پێوەری جوانیی ڕەوشتی ئافرەت بووە، ئەمانە بەهاو نەریتی کۆمەڵگای نێرسـالارین کە ئێستا باڵیان بەسەر عەقڵی کۆمەڵگای ئێمەدا کێشـاوەو بوونەتە هۆی ئەوەی ئافرەت بەتەواوی پاشەکشە بکات ولەنێو ئەوشووشەیەدا لەبیر بکرێت و پێگەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆی لەبیربچێتەوەو نەتوانێ شـوێنپێیەک بۆخۆی لە کۆمەڵگەی کوردی و لەجیهانیشدا بکاتەوە.

پەیوەنـدی نێـوان ژن و پیـاو لەکۆمەڵـگای کوردیـدا پتـر ململانێیەکە،لەنێـوان ژن و پیـاوی دەستدرێژی کاردا .ململانێی نێوان دوو جەمسەری لێکجیاواز کە لێکدی نزیک دەبنەوەو دەکەونە ململانێ.

ئەگەرچـی سـەرکوتکردن و پەراوێزخسـتن و توندوتیـژی دژی ئافرەت شتێک نییە نکوڵیی لێبکرێ، بەڵام هەوڵەکانی ڕاستکردنەوەی ئەم ئاراستەیەش بەو هاتوهاوارەی کە تەنیا باس لە ئازادکردنی شێوەو ڕووخساری ئافرەتی کوردستانی دەکات و ناوەڕۆک لەبیردەکات چارەنووسی هەر شکستە.

گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی پێویسـتی بەهەردوو فاکتـەری خودی و بابەتی هەیـە، بیرکردنـەوەی نێرسـالارانە شتێک نییە بتوانی بەنووکە قەڵەمێک بیگۆڕی یان لەماوەی چەند سـاڵێکی کەمدا نەیهێڵی، ئەو گۆڕانکارییە تەنیا بەرهەمی بیرکردنەوەش نابێت، بەڵکو پێویستی بەجووڵەو تێکۆشان هەیەو لەمەشـدا فاکتەری ئابووری یەکجار گرنگـە بۆهێنانە کایـەی جۆرێک لە هاوبەشی و هاریکاری بۆ بنیاتنانەوەی مرۆڤ و نیشتمان و بەهاکان.

## هەڵەکەی ئەپۆلۆ خەتای د.فەرەیدون نەبوو



د.فەرەیدون کەریم، کە دروستکەری کۆمپیوتەرەکانی مانگی دەستکردی ئەپۆلۆی ئەمریکایە، ڕەتیکردەوە نە نیشتنەوەی مانگە دەستکردەکە لەسەر ڕووی مەریخ خەتای ئەو بووبێت و گوتی "ئامێری کارەباو دروستکەری مانگە دەستکردەکە لەکار کەوت، نەک کۆمپیوتەرەکان".

د.فەرەیدون، کە دانیشتووی ئەمریکایە 19 ساڵ لەکۆمپانیای IMBای ئەمریکی کاریکردووە و خاوەنی دەیان بیرۆکەی زانستییە لەبواری کۆمپیوتەر.

لاپەڕەی ژیانی نوێ

## هەولێر 10 ملیار قەرزارە

**ڕووداو –هەولێر**

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر ڕاگەیاند، پارێزگای هەولێر 10 ملیار دینار قەرازری ئەو بەڵێندەرانەیە کە پڕۆژەیان بۆ ئەنجامداون، گوتیشی "بەڵێندەر هەبووە هەموو کارەکەی تەواو کردووە ئینجا پارەی وەرگرتووە".

هەمزە حامد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەکۆی ئەو 144 ملیار دینارەی ساڵی ڕابردوو وەکو بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ شاری هەولێر تەرخانکرا، 134 ملیار دینارمان لەدارایی وەرگرتووە و 10 ملیارەکەی دیکەمان تا ئێستا وەرنەگرتووە".

ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی" ساڵی ڕابردوو شاری هەولێر یەکەم بووە لەسەر ئاستی عێراق لەجێبەجێکردنی پرۆژەکانیدا".گوتیشی بۆ دانەوەی ئەو قەرزەیان چاوەڕوانی پارەن لە دارایی "بۆ ئەوەی قەرزی بەڵێندەرەکانی پێ بدەینەوە".



## کوردی باکوور گوێ لە شێرکۆ بێکەس ناگرن



بە پێی هەواڵێکی ماڵپەڕی (نەفەل)، ڕۆژانی 22– 27 /4 /2008 لە شاری ئیستانبول بەبەشداری چەندین هەڵبەستڤانی تورک وجیهانی فێستیڤالی شیعریی ئیستانبول بەڕێوەچووو شاعیری ناسراوی کورد شێرکۆ بێکەس وکچە هەڵبەستڤانی ڕۆژئاوای کوردستان جانا سەیدا بەشداربوون، هەر کە شێرکۆ دەستی بە شیعر خوێندنەوە کرد زۆرینەی ئامادەبووان کە کوردی باکوور بوون هۆڵەکەیان بەجێهێشت وئامادەنەبوون گوێ لە شێرکۆ بێکەس بگرن وهۆڵەکەش چۆڵییەکی گەورەی پێوەدیاربوو، وەک نارەزایی دەربڕینێک بەرامبەر واژۆکردنی شێرکۆ لەسەر ئەو بانگەوازەی کە ماوەیەک لەمەوبەر 53 ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوانی باشووری کوردستان بڵاویان کردەوەو داوایانکردبوو سۆرانی بکرێتە زمانی ستانداردی کوردی.


# Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای ڕووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەورووپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات    ناونیشان: هەولێر ـ بەرامبەر نیوستی    Tel: 00964 066 2558279    rudaw@rudaw.net    www.rudaw.net


### زانایەکی ئایینی:

# پرسەی ژنان حەرامە و با پیاویش یەک ڕۆژ دابنیشن



**تایبەت بە ڕووداو**

وتارخوێنی مزگەوتێکی هەولێر، قورئان خوێندنەوە لە پرسەدا بە کارێکی ناشەرعی دادەنێ، هەروەها پرسەی ژنانیش بە"حەرام" دەزانێ و داوا لە وەزارەتی ئەوقاف دەکات پرسە بکاتە یەک دانە ڕۆژ.

مامۆستا مەغدید کەریم، کە قوتابی دکتۆرایە لەزانستە شەرعییەکان و لەهەمانکاتدا وتارخوێنی مزگەوتی حاجی بەکرە لە هەولێر، دەڵێت بەپێی سوننەتی پێغەمبەری ئیسلام گرنگ بەشداریکردنە لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مردوو "ئێستا لەکاتی بەخاکسپاردنی تەرمەکەدا خەڵک کەم ئامادە دەبێت و پرسە سێ ڕۆژیەکە جێگەی ئەوەی گرتووەتەوە، ئەمەش بەهیچ دەقێکی ئایینی پشتگیری ناکرێ".

هەروەها لەبارەی پرسەی ئافرەتانیشەوە گوتی "پرسەی ئافرەتان لە ڕوانگەی شەرعەوە شتێکی زۆر نارێک و موخالیفە و هیچ بنەمایەکی شەرعیی نییە".

سەبارەت بە خوێندنەوەی قورئانیش لە پرسەکاندا گوتی" خوێندنەوەی قورئان لەکاتی پرسەکاندا دوورە لەشەریعەتی ئیسلام، قورئان کە مامەڵەی لەسەر دەکرێت و بازرگانی پێوەدەکرێت زۆر گوناهە، قورئانی پیرۆز ئەو پەرتوکەیە بۆ فێربوون و ئامۆژگاری و بەرزکردنەوەی ڕەوشت و حوکمە شەرعییەکانە، نەک لەپرسەو بۆنەکاندا بخوێندرێتەوە".

مامۆستا مەغدید وای پێ باشە خەڵک بە تەلەفۆن سەرەخۆشی لە کەسوکاری مردوو بکات.

**وردەکاری زیاتر لە ڕاپۆرتێکدا لە لاپەڕە (3) بخوێنەوە.**

### کریستیان ساینس مۆنیتەر

## پاسەوانی کۆنی پارتی تەها بەروارییان بە دڵ نییە



**ڕووداو –هەولێر**

وەزیری وەرزش ولاوانی کوردستان دەڵێ ئەو بەو مەبەستە لە سوێد گەڕاوەتەوە کە شۆڕشێکی هێمن بۆ گۆڕینی بۆچوونی لاوانی کوردستان بکات.

ڕۆژنامەی بەنێودەنگی ئەمەریکایی Christian Science Monitor لە درێژەی ئەو زنجیرە ڕاپۆرتانەی ماوەیەکە لەسەر کوردستان بڵاویان دەکاتەوە، ڕۆژی 2008/4/29 ڕاپۆرتێکی لەسەر ڕەوشی لاوانی کوردستان بڵاوکردووەتەوەو باس لەپلان و بەرنامەی تەها بەرواری بۆ گۆڕینی عەقڵیەتی لاوانی کوردستان دەکات کە بەمەزەندەی بەرواری 65% دانیشتووانی کوردستان گەنجن وتەمەنیان لەنێوان 14ـ30 ساڵیدایە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە بەرواری لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی پاسەوانی کۆنی حزبەکەی کە پارتی دیموکراتی کوردستانە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەتەوە چونکە پێیانوایە بۆچوونەکانی بەرواری زۆر ڕۆژئاواییین وبەکەڵکی کوردستان نایێن. بەرواریش دەڵێ" پێویستە کورد بیروبۆچوون وعەقڵییەتی خۆیان بگۆڕن"

**دەقی ڕاپۆرتەکە لە لاپەڕە (9) بڵاوکراوەتەوە**

### کۆنسولی ڕووسیا لە هەولێر:

## 720 هەزار کورد لە ڕووسیا دەژین



**ڕووداو – DIHA**

کۆنسولی ڕووسیا لە هەولێر ئاشکرای کرد کە 720 هەزار کورد لە ڕووسیا دەژین و پەیوەندی کوردانی ڕووسیای لەگەڵ کوردانی دیکە بە پێویست زانی.

ڤاگیف گەراییف، لە کاتی پێشوازیکردنی لە دارا محەممەد عەلی وەزیری ژینگەی حکومەتی کوردستان ئەو ئامارەی ئاشکرا کردو گوتی 720 هەزار کەس کە بە ڕەگەز کوردن لە ڕووسیا دەژین وگوتیشی"پێویستە ئەوکوردانەمان پەیوەندییان لەگەڵ کوردانی دیکە هەبێ، لەبەر ئەوەی کورد شوێنێکی گرنگیان هەیە، لەسەرووی هەموشیانەوە هەرێمی فیدراڵیی کوردستان".

سەڵەوات گەلیامۆڤ، مێژوونووسی باشکیریا ڕایگەیاند هەرێمێک بەناوی کوردستان، بە ڕووسی و بەشێوەی فەرمی پێیدەگوترێ باشکیریا لە ڕووسیا هەیەو دوو ملیۆن کەسی لێدەژین کە لەبنەڕەتدا کوردن.

هەربەپێی زانیارییەکانی کۆنسولی گشتیی ڕووسیا لە کوردستان، 137 هاووڵاتی ڕووسی لە کوردستان دەژین.

# حەمید قەینا، بەڵام یوسف بەدرخان نییە

**ڕووداو –هەولێر**

سینەم بەدرخان، کە ئامادەی هەموو فستیڤاڵەکانی بەدرخان دەبوو، ئەمساڵ ئامادەی فیستیڤاڵی قاهیرە نەبوو و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من بە حەمید ئەبوبەکرم گوت لەبەرئەوەی ئەمساڵ زۆر فیستیڤاڵ کراون با ئەمساڵ فیستیڤاڵ نەکەین بەتایبەتی پارەی هەموویان هەر لەسەر حکومەتە با ئەو پارەیە بۆ قوتابخانە دروستکردن و چارەسەری باری ژیانی منداڵە کارکەرەکانی سەر شەقامەکان بێ، ئەویش گوتی باشە منیش ماندوو بووم، بەڵام دواتر بێ ئەوەی من ئاگادار بکاتەوە، کردی".

سینەمخان بە گلەییەوە باسی لە سازکردنی فیستیڤاڵی ئەمساڵی بەدرخان کرد کە هەڵگری ناوی بنەماڵەکەیانەو گوتی ئەو دواتر زانیویەتی فیستیڤاڵەکە سەرەڕای ڕێنەدانی ئەو لە قاهیرە دەکرێ نەچووە "حەمید ئەبوبەکر لەو ڕۆژەوەی کە هاتە لام نەمبینییەوە، نە تەلەفۆن و نەهیچ تاوەکو 2008/4/18 بیستم فیستیڤاڵی ئەمساڵ لە قاهیرە دەکرێ، ئەوەش زۆر ناخۆش بوو بۆ من، گوتم من ناچم، بەڵام وەک شتێکی ئەدەبی دەبوا بڵێ سینەمخان وەڵڵا من بڕیارمداوە ئەمساڵیش فیستیڤاڵەکە بکەین، ئەوکات با پیرۆزیان بووایە".

سینەمخان ئەوەی بەتوندی ڕەتکردەوە کە پێشنیازی ئەنجامنەدانی فیستیڤاڵەکەی ئەمساڵ هیچ پێوەندی بە کۆچی دوایی سەڵاح سەعدوڵڵای هاوسەرییەوە هەبێ و گوتی"من لەو ژنە دواکەوتووانە نیم کە هاوسەرەکەم کۆچی دوایی کرد دەرگای خۆم بگرم و بڵێم هیچ ناکەم، ئەو عەقڵیەتە لای بنەماڵەی ئێمە نییە، بەبیرم دێ، ئەوکاتەی باوکم کۆچی دوایی کرد، دایکم لە کاری ڕۆژنانەی خۆی دانەبڕاو دەوامی کرد لەسەر کاری ڕۆشنبیری خۆی، لەبەرئەوە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبوو".



سینەم خان و سەڵاح سەعدوڵڵا و دوو نەوەی بنەماڵەکەیان لە فێستیڤاڵی بەرلین

سینەمخان سوپاسی خۆی بۆ حەمید ئەبوبەکر دووبارە کردەوە "کە چەند ساڵە ڕۆژنامە بەناوی بەدرخانەوە دەردەکات، ئەوە شتێکی باش بوو"، بەڵام لە هەمانکاتیشدا گوتی " من نامەوێ بازرگانی بەناوی ئەو ڕۆژنامەیەوە بکرێ، زۆر ناخۆشە بەناوی بەدرخانیان بە چەپ و ڕاستدا دەچێ پارە لەوێ و لەوێ وەردەگرێ، ماڵیان ئاوابێ ئەوانەی پارە دەدەن بۆ ڕێزی ئەو ناوە چونکە بۆ ناوی حەمید ئەبووبەکر نییە".

هەروەها گلەیی ئەوەیشیکرد کە بۆ فیستیڤالی ئەمساڵ بانگهێشتی ئەو ئەندامانەی بنەماڵەکەیان نەکراوە کە لە قاهیرە دەژین "خوشکم ئوسەیما و کچەکەی شیرین هەردووکیان لە قاهیرەن پەیوەندی پێوە نەکردبوون، هەروەها ئەڤین جەمشید، کە کچی برامە و لەقاهیرەبوو پەیوەندی بەویشەوە نەکردبوو بۆ ئامادەبوون لە فیستیڤاڵەکە".

هەروەها گوتیشی " من لە فیستیڤاڵی 2006 نازناوی بەدرخانم دا بە کاک حەمید، بەڵام یوسفی برای مافی نییە ئەو نازناوە بخاتە سەر ناوەکەی هەروەک چۆن لە دوا ژمارەی بەدرخاندا کردبووی".

## کە دکتۆر نەبێ کاتب دکتۆرە

**ڕووداو –هەولێر**

سەرچاویەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە بنکەیەکی تەندروستی هەولێر کاتبێک چارەسەری بۆ نەخۆش دەنووسێت.

ئەو سەرچاوەیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) ڕوونیکردەوە بنکەی تەندروستی گەڕەکی هاوکاری، کە پزیشکی پسپۆڕی نییە و یاریدەدەرێکی پزیشک لێی دەوام دەکات، ئەویش هەموو ڕۆژێک لە دەوام نییە، بۆیە ئەو ڕۆژانەی کە یاریدەدرەکە ناچێتە دەوام، بلیتبڕ (کاتب)ەکەی کە دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە وێڕای بلیتبڕین، چارەسەریش بۆ نەخۆشەکان دەنووسێ.

## بەمووچەی 2 مانگ کارەبا چاک دەبێت

**ڕووداو – ڕۆیتەرز**

تاجیکستان وڵاتێکی هەژاری ئاسیایەو کەوتووەتە باکووری ئەفغانستانەوە، ڕێژەی داهاتی مانگانەی تاجیکییەکان نزیکەی 63 دۆلارە، پێدەچێ هەرچی پاشگری "ستان" بێت ڕەوشی کارەبایەکەی باش نەبێت، بۆیە تاجیسکتانیش وەک کوردستان بەدەست بێ کارەباییەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی دۆشنبێی پێتەخت، کە ئەمساڵ زستانێکی زۆر ساردوسڕی بەڕێکرد.

حکومەتی تاجیکستان بەنیازە بۆچارەسەرکردنی کێشەی کارەبا وێستگەیەکی کارەبایی گەورە دروست بکات کە نزیکەی سێ ملیار دۆلاری تێدەچێت، بەڵام دەڵێ ئەو پارە زۆرەم نییە بۆیە حکومەت داوای لەهاووڵاتیانی تاجیکی کردووە هاوکاری بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە هاووڵاتیان کردووە نیوەی مووچەی مانگی پێنج و شەشی خۆیان بدەنە حکومەت بۆتەواوکردنی ئەوپڕۆژەیە و ڕزگاربوون لەبێ کارەبایی.

هیواداری حکومەتی کوردستان بیری بەلای هیچ پێشنازێکی لەم جۆرەدا نەچێت چونکە بەدڵنیاییەوە هاووڵاتیانی کوردستان چارەکێکی مووچەی خۆشیان نادەن، چونکە پێیانوایە حکومەتەکەیان لە زۆر حکومەتی دنیا دەوڵەمەندترەو باشتروایە بەرپرسانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا پارەی پێویست لە نێوخۆیان کۆبکەنەوە!

## حکومەت بە بۆڕی ئاو قسەی دەکرد

**تایبەت بەڕووداو**

بەڕێوەبەری ڕادیۆی نەورۆز بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دوای ئەوەی لەنەورۆزی ساڵی 2007 بووەتە بەڕێوەبەری ڕادیۆ، بۆی دەرکەوتووە ڕادیۆی حکومەت بە ئانتێنی لە بۆڕی ئاو دروستکراو بەرنامەکانی پەخش دەکات، دوای ئەوە 4 ئەنتێنی ستانداردیان کڕیوەو حکومەت بەنیازە دەنگی خۆی بەهێز بکات.

موخلیس خۆشناو، بەڕێوەبەری ڕادیۆی نەورۆز بەوەکاڵەت، دوای ئەوەی کێشەیەک لەنێوان بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەری پێشووی ڕادیۆی نەورۆز دەرکەوت، کرایە بەڕێوەبەری ڕادیۆکە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دەڵێ "ڕادیۆکە تائێستا پشتگوێخراوە، ئەو کاتەی من بوومە بەڕێوەبەر سنووری پەخشەکەمان زۆر کەمبوو تا 100 مەتری هەولێر پەخشی هەبووە، جارێک چوومە عەنکاوە بینیم پەخشەکە زۆر لاوازەو وەرناگرێ، بڕیارماندا پەخشەکە فراوانتر بکەین، کاتێک هاتین پەخشەکە چاکبکەین بینیمان ئەنتێنی ڕادیۆکەمان بۆڕی ئاوە، ئەنتێنی ئەسلی نەبوون، ئەنتێنی دروستکراوبوون کە لەبازار دروستی دەکەن، تائێستاش ئەنتێنەکانمان ماون، 3 دانەن و بەبۆڕی ئاو دروستکراون".

دوای ئەوەی ئاگاداری مەسەلەکە دەبن بڕیاردەدەن ئەو ئەنتێنانە لابدەن و لەجیاتی ئەوان " 4 ئەنتێنی ستانداردمان بە 1700 دۆلار کڕی، چونکە سنووری بۆڕی ئاوەکە تاکو عەنکاوە و 100 مەتری بوو، لەو شوێنانە دوور کەوتبایەوە پەخشەکەت نەدەبیست، ئێستا پەخشەکەمان فراوانتر کردووەو لەکەرکوک و دهۆک و سۆران و تا بازگەی باعەدرێ پەخشمان هەیە و بەنیازیشین پەخشەکە بکەینە سەرتاسەری".

**لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێک لە لاپەڕە 14دا بخوێنەوە**